ئاستەنگەکانی بەردەم سیاسەتی حوکمڕانی لە کوردستاندا

# هەڵبژاردن دەتوانێت ژێرخانی سیاسەتی حوکمڕانی دابڕێژێتەوە؟





## «پەرەپێدانی سیاسی پرۆسەیەکی سەربەخۆیەو جیاوازە لە گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، پێش ئەوەی کیانێکی سیاسی ببێتە دیموکراتی، دەبێت سیستمێکی بنەڕەتی بوونی هەبێت.»

**سامۆئیل هنتنگتن – کتێبی سیستمی سیاسی لە کۆمەڵگە وەرچەرخاوەکاندا**

گەورەترین کێشە و ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا لەماوەی ٢٦ ساڵی رابردوودا ئەوە نییە کە کورد نازانێت حوکمڕانی بکات، یان حکومەتی کوردستان نەیتوانیوە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی پتەو و چالاك بۆ حوکمڕانییەکی باش بونیاد بنێت، هەروەها کێشەو ئاستەنگی حوکمڕانی لە کوردستاندا ئەوە نییە کە حزبەکان لە حکومەت باڵادەستترن و بەرپرسەکان لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا گەندەڵی دەکەن و ماڵ و سامانی هاووڵاتیان بەفیڕۆ دەدەن، بەڵکو کێشە و ئاستەنگ و هەڵەی گەورەی پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستان ئەوەیە کە (یەکەم پرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستان) نەبووە هۆکارێك بۆ لەدایکبوونی سیستمێکی بنەڕەتی بۆ بونیادنانی ژێرخانی سیاسەتی حوکمڕانی لە کوردستاندا.

مەبەست لە بونیادنانی سیستمی بنەڕەتی بۆ حوکمڕانی، واتە ئەو بازنە فراوانەی دەوڵەتداری و سەروەریی یاسا و ئەو ژینگە سیاسییەی دامەزراوەکانی دەوڵەتی بە چالاکی تێدا هەڵدەسووڕێت، لەناو ئەم بازنە فراوانەدا کە سیستمی بنەڕەتی دروستی دەکات، ژینگەیەك دێتەئاراوە بۆ پەرەپێدانی سیاسی، ئەمەش بەو مانایەی دەستپێکردنی پرۆسەیەکی وەرچەرخان لە ئەقڵییەتی سیاسیی شۆڕشگێڕانەی حزبە سیاسییەکانەوە بۆ ئەقڵییەتی سیاسەتی حوکمڕانیی حزبە سیاسییەکان لەچوارچێوەی دەوڵەتدا، یاخود کیانێکی سیاسی دیفاکتۆی وەك هەرێمی کوردستانی دوای ساڵی ١٩٩٢.

لە کوردستاندا هەر راستەوخۆ دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢، بەشێوەیەکی جیاواز و پێچەوانە هەنگاو بۆ بونیادنانی یەکەمین سیستمی بنەڕەتیی حوکمڕانی کوردستان هەڵگیرا، کە ئەویش خۆی لە دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستاندا بەرجەستە دەکرد.

ئەوجا لەبەر ئەوەی سیستمی بنەڕەتی بۆ حوکمڕانیی کوردستان هەر لەسەرەتاوە وەك ئەوەی پێویستە بونیاد نەنراوە، ئەوا دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، نەبووە ئەو بازنە فراوانەی کە دەوڵەتداری و سەروەریی یاسا و هەڵسووڕاندنی چالاکانەی دامەزراوەکان پێکەوە کۆبکاتەوە، لەمەش زیاتر پەرلەمان و حکومەت، نەیانتوانی ئەو ژینگەیەش دروست بکەن کە پرۆسەی وەرچەرخان لە ئەقڵییەتی شۆڕشگێڕانەی حزبەکانەوە بۆ ئەقڵییەتی حوکمڕانی لەناو دەوڵەتدا بگۆڕێت.

هۆکاری سەرەکی کە بووە هۆی ئەوەی ئەم هەنگاوە هەڵەیە ببێتە جێگرەوەی سیستمی بنەڕەتی بۆ حوکمڕانی لە کوردستاندا، تەنیا یەك هۆکار نەبوو، بەڵکو هۆکارگەلێك لەبەرچاو گیرا، کە دەکرێت بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێبکەین:

١- کورد بە درێژایی مێژوو هەلێکی هاوشێوەی دوای بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ دروست نەببوو کە نەوایەکی ئارامی بۆ دروست بێت و خۆی بەڕێوەبەرێت، هەر بۆیە بەڕێز مسعود بارزانی کە ئەوکات سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو، هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بگەیەنێتە

**هیچ نەتەوەیەک بە یاسا و دامەزراوەکانی ناو سیستمی دیموکراتی لە حزبی نابەرپرسیار و سیاسەتی پۆخڵیان رزگاریان نەبووە و کوردستانیش ئەگەر بیەوێت، سیاسەتی دژە حوکمڕانیی ئەو حزبە نابەرپرسیارانە بگۆرێت بۆ سیاسەتی حوکمڕانیی سەرکەوتوو، ئەوا دەبێت بیر لە شێوازی تایبەتی خۆی بکاتەوە، نەک پەنا بۆ یاسا و میکانیزمی دیموکراتییانە بەرێت کە هیچ ئاکامێکی لێ نادروێتەوە**



قەناعەت و لە کوردستاندا هەڵبژاردن بکرێت، ئامانجی بارزانی لە پێداگرتنی لەسەر ئەم پرسە بۆ ئەوە بوو کە کوردیش وەك تەواوی گەلانی ئەم جیهانە، سیستمێکی بنەڕەتی بۆ حوکمڕانیی خۆی دابڕێژێت، بارزانی ئەم سیستمە بنەڕەتییەی ناو لێنابوو: (بونیادنانی دەوڵەتی قانون لە کوردستاندا) .

٢- کە بەرەی کوردستانی هەردوو یاسای ژمارە (١و٢)ی بۆ هەڵبژاردنی ڕێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان پەسەندکرد، هەڵبژاردنەکە بە سەرکەوتوویی لە ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ بەڕێوەچوو، ئاکامی هەڵبژاردنەکەش دوای دووبارە دابەشکردنەوەی دەنگی ئەو حزبانەی ڕێژەی ٧٪ی تێنەپەڕاندبوو، بە ڕێژەی ٥١٪ بۆ پارتی و ٤٩٪ بۆ یەکێتی یەکلا بووەوە، بەڵام یەکێتی نیشتمانی تانەی لە ئاکامی هەڵبژاردنەکە داو ئامادە نەبوو ئاکامی هەڵبژاردنەکە ئیمزا بکات، بۆیە یەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستان کەوتە نێوان ئەگەری ئەوەی هەڵبژاردنەکە کاری پێنەکرێت، یان بگۆڕێت بۆ ( ٥٠ بە ٥٠)، لەسەر ئەم پرسە بەڕێز مسعود بارزانی وەك کاندیدی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیش، کە لە هەردوو پرۆسەکەدا هەم بارزانی زۆرینەی دەنگی بەدەست هێنابوو، هەمیش پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتە لەدەست کوردستان نەچێت و کورد بۆ یەکەمین جار ببێتە خاوەنی سیستمێکی بنەڕەتی بۆ حوکمڕانیی خۆی، سازشی لەسەر ئاکامی هەردوو هەڵبژاردنە کردو، جیا لەوەی پەرلەمان و حکومەت لەسەر بنەمای (٥٠ بە ٥٠) دامەزرا، لە هەمانکاتدا پرسی هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانیش گۆڕا بۆ دەستەیەك بەناو (دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان) کە بێجگە لە بارزانی و تاڵەبانی، چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتیشی تێدابوو.

ئەم ڕێککەوتنەی پارتی و یەکێتی، بەپێی دەقی ڕێککەوتنەکە تەنیا بۆ ئەوەندە بوو هەتا پەرلەمان و حکومەت دەکەونە سەرپێی خۆیان و پاشان لەماوەی کەمتر لە دووساڵدا هەڵبژاردنێکی دیکە بکرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پەرلەمان و حکومەتی (٥٠بە٥٠) بە کردەیی دوو پەرلەمان و دوو حکومەت بوو، لە چوارچێوەی سیستمی بنەڕەتی حوکمڕانیی کوردستاندا، ئەوا لە بری ئەوەی پەرلەمان و حکومەت ببنە ئەو بازنەیەی دەوڵەتداری و سەروەریی یاسا و هەڵسووڕاندنی چالاکانەی دامەزراوەکان پێکەوە کۆبکاتەوە، ئەوا حوکمڕانی (٥٠ بە ٥٠) بووە هۆکاری نەك هەر پرۆسەی وەرچەرخان لە ئەقڵییەتی شۆڕشگێڕانەی حزبەکانەوە بۆ ئەقڵییەتی حوکمڕانیی دەوڵەت، شکست بهێنێت، بەڵکو ژینگەیەکی هێندە نالەبار و ئاڵۆزی دروستکرد کە تیایدا لەبری ئەوەی بۆ گەیشتن بەدەسەڵات بیر لە هەڵبژاردنێکی دیکە بکرێتەوە، ئەو ژینگەیە بووە چوارچێوەیەك بۆ شەرعییەتدان بە شەڕی ناوخۆی خۆکوژی، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان (تەحریم و تەجریمی ) شەڕەکەشی کرد، بەڵام

**لەو وڵاتانەی حزبی نابەرپرسیار بوونی نییە، یان بوونیان هەیە و لەچوارچێوەی یاسا لغاوکراون، ئەوا دەبینین ئەگەر وڵاتەکەشیان وڵاتی دوای شەڕ و خاوەنی هیچ سەرچاوەیەکی سروشتییش نەبێت، ئەوا ئێستا لە ڕیزی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهانن و نموونەیەکی جیاوازی حوکمڕانیی ئەو تۆیان داهێناوە، کە وەک تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا دەڵێت، سنگافورە سیستمێکی حوکمڕانی سەرکەوتووی ئەوتۆی داهێناوە کە ئێمە لە ڕۆژئاوا ناچارین سوودی لێوەربگرین**

**پرسیاری سەرەکی لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونە سەرکەوتووەکانی حوکمڕانیی هەموو جیهان ئەوەیە، ئایا ئەو وڵاتانە کامانەن کە دیاردەی گەندەڵی و نادادپەروەری و نایەکسانی تیا بەربڵاوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەزموونی پراکتیکی حوکمڕانیی سەرکەوتوو دەیداتەوە، کە تەنیا لەو وڵاتانە گەندەڵی و نادادپەروەری و نایەکسانی هەیە، کە حزبی نابەرپرسیاری تێدا زۆرە و سیاسەتی پۆخڵی دژە حوکمڕانی بەرهەم دەهێنێن**

**کێشەی سەرەکیی هەموو سیستمێکی حوکمڕانی لە جیهاندا، کێشەی حزبی سیاسیی نابەرپرسیارە، ئەمەش واتە لە ئاستی شکۆی نەتەوە و دەوڵەتدا خۆی بە بەرپرسیار نازانێت و بێجگە لە دروستکردنی ژینگەیەکی ئاڵۆز بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە بیر لە شتێکی دیکە ناکاتەوە**

شەڕەکە هەر ڕوویدا و پەرلەمانی کوردستانیش پەرتەوازە کرا، ئاکامی شەڕەکەش لە ساڵی ١٩٩٦ بە دووکەرتبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ( ئیدارەی هەولێر و سلێمانی ) کۆتایی هات، ئەم کەرتبوونەش هەتا ساڵی ٢٠٠٥ درێژەی کێشا کە پاشان لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەردوو ئیدارەکە یەکیان گرتەوە.

ئەم واقیعە هەڵەی مێژووی حوکمڕانییە لە کوردستاندا، ئەوە گرنگ نییە چ لایەنێکی سیاسی هۆکاری دروستبوونی ئەو واقیعە بووە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە هەموو لایەنە سیاسییەکان بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کورستان بەتایبەتی، خۆیان بکەن بە خاوەنی ئەم هەڵەیە و هەوڵبدرێت ئەم هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە، هەر بۆیە لەم ئاراستەیەوە کێشەکانی حوکمڕانی لە کوردستاندا، بە تەنیا بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، یان گۆڕینی حکومەتێك بە حکومەتێکی دیکە چارەسەر ناکرێت، بەڵکو پێویستە هەڵبژاردن بکرێتە میکانیزمێك بۆ لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم سیاسەتی حوکمڕانی لە کوردستان و داڕشتنەوەی ژێرخانێکی پتەو بۆ سیستمێکی بنەڕەتی کە پێناسەی سیاسەتی حوکمڕانی لە کوردستاندا بکاتەوە، بە واتایەکی دیکە نابێت ئامانج لە هەڵبژاردن ئەوە بێت کە کام حزب چەند کورسیی زیاتر لە پەرلەمان بەدەست هێنێت و کام حزب چەند کورسیی کەمتر بەدەست دەهێنێت، لەبەر ئەوەی ئاکامی دەنگدان کێشەکانی حوکمڕانی لە کوردستان چارەسەر ناکات و، ئەگەر میکانیزمێکی گونجاو نەدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو هەڵەیەی ساڵی ١٩٩٢ ڕاست بکرێتەوە، ئەوا کابینە لەدوای کابینە کێشەکان ئاڵۆزتر دەبن و سیاسەتی دژە حوکمڕانی دەبێتە دەنگی بەرزی ناو فەزای گشتیی کوردستان، لەم حاڵەتەشدا وەك ئێستا بە ئاشکرا دەبینین، لەبری ئەوەی حزبەکان ببنە فاکتەرێك بۆ بونیادنانی سیستمێکی بنەڕەتی بۆ پێناسەکردنەوەی حوکمڕانی و بەهێزکردنی حکومەتی کوردستان، خۆیان ژینگەیەکی نالەباری سیاسەتی دژە حوکمڕانیان دروستکردووە و دەیانەوێت هەر خۆیان سیستمی بنەڕەتیی حوکمڕانیی کوردستان بڕووخێنن و هەڵیبوەشێننەوە.

### ● پارتی دیموکراتی کوردستان ٢٦ ساڵە حزبی فەرمانڕەوایە بەڵام نەیانهێشتووە حوکمڕانی بکات

لەماوەی ٢٦ ساڵی ڕابردوودا، لە هەرێمی کوردستان تەنیا چوار پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام دراوەو هەشت کابینەی حکومەت پێکهێنراوە، لە هەڵبژاردنی یەکەمدا پارتی دەنگی یەکەمی هێناوە، لە هەڵبژاردنی دووەم و سێیەمدا پارتی و یەکێتی بە یەك لیست بەشدار بوون و لە هەڵبژاردنی چوارەمیشدا کە لە ئەیلوولی ٢٠١٣ بەڕێوەچوو، لەگەڵ ئەوەی بە دوو لیستی جیاواز بەشدار بوون و دیسان هەر پارتی دەنگی یەکەمی هێناوە.

ئاکامی ئەم چوار هەڵبژاردنە بێجگە لە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی هەڵەی (٥٠ بە ٥٠) بە ناو و شێوازی جیاواز، نەك هەر گۆڕانکاری لە سیاسەتی حوکمڕانیی کوردستان دروست نەکردووە، بەڵکو هەڵبژاردن لەدوای هەڵبژاردن ژینگەی دژە حوکمڕانی و ئاستەنگ دروستکردن بۆ پیادەکردنی حوکمڕانی بە جۆرێك بووە کە هەموو حزبە سیاسییە بەشدارەکانی حکومەت بە شەرمەوە بەیانیان لەناو حکومەت بوون و بەشێك بوون لە حوکمڕانی، پاش نیوەڕۆش دەستیان کردۆتەوە بە پیادەکردنی سیاسەتی دژە حوکمڕانی و ئاستەنگ دروستکردن بۆ ئەوەی حوکمڕانی لە کوردستاندا پەك بخرێت.

قسەکردن لەسەر سیاسەتی حوکمڕانی و جیاکردنەوەی لە سیاسەتی حزبایەتی، بۆ ئەوەیە ڕاشکاوانە بڵێین، شێوازی پیادەکردنی سیاسەت لەلایەن حزبەکانی کوردستانەوە، هیچ بوار و پانتاییەکی بۆ سیاسەتی حوکمڕانی نەهێشتۆتەوە، هەربۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان پێداگیری لەسەر سیاسەتی حوکمڕانی دەکات بۆ ئەوەیە خەڵکی کوردستانیش پیشانی جیهانی بدەن کە دەتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن. کاتێك پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەموو توانای خۆیەوە پشتگیری لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دەکات و دەیەوێت بە هەر نرخێك بێت ئەم دوو دامەزراوەیە وەك سیستمی بنەڕەتیی حوکمڕانی لەکوردستاندا بمێننەوە، ئەوا لەناو گێژاوی سیاسەتی هەڵەی دژە

حوكمڕانی حزبە لۆكاڵەكانی سلێمانیدا، پارتی یەكسان بووە بە حوكمڕان و ئەوەشی پشتگیری لە حكومەت و پەرلەمانی خۆی بكات، وەك پارتی دیموكراتی كوردستان مامەڵەی لەگەڵ دەكەن.

ئەو حزبە لۆكاڵانەی كە تەنیا لەسەر ئاستی سلێمانی كاریگەرییان هەیە، وەك (بزووتنەوەی گۆڕان و كۆمەڵی ئیسلامی و باڵی سلێمانی یەكگرتووی ئیسلامی و بەمدواییەش قەوارەكەی بەرهەم ساڵح) بە تەواوەتی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی كە نە دەبنە حزبی یەكەم لە هەڵبژاردنەكاندا بۆ ئەوەی ببنە حزبی فەرمانڕەوا و حوكمڕانی بكەن، نە دەشتوانن حوكمڕانی بكەن، بۆیە ئامانجیان ئەوەیە هەرچەندی بۆیان دەكرێت، ڕێگە نەدەن لە كوردستاندا حوكمڕانییەكی نیشتمانی هەبێت و حوكمڕانی كوردستان بكات.

ئەم حزبە لۆكاڵانە بەتایبەتی دوای ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان توانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان لەت بكات، بناخەی سیاسەتی حوكمڕانی لە سلێمانی لەبەریەك هەڵوەشاندەوە، ئەوا وەك دەبینین لەماوەی كەمتر لە دوو ساڵدا دووجار پارێزگاری سلێمانی دراوەتە بزووتنەوەی گۆڕان، بەڵام ناتوانن حوكمڕانی بكەن، یان لانیكەم سیاسەتێكی حوكمڕانی بۆ بەڕێوەبردنی پارێزگای سلێمانی دابڕێژن، بە پێچەوانە، پارێزگاری یەكەمیان دوای چەند مانگێك دەستی لە كاركێشایەوە، ئەمەی دووەمیشیان كە ئێستا پارێزگاری سلێمانییە تا ئێستا هیچ هەنگاوێكی هەڵنەگرتووە كە پیشانی بدات توانای ئەوەی هەیە لە حوكمڕانییەكەی سەركەوتوو بێت، لەمەش خراپتر ژینگەیەكی ئەوتۆی دژە حوكمڕانی لە سلێمانی دروستكراوە، كە بە ئاسانی نەتوانرێت پرۆسەی حوكمڕانی لەو شارەدا راست بكرێتەوە. ئەوجا بۆ شاردنەوەی شكستی حوكمڕانی لەو شارەدا، حزبە لۆكاڵەكان ئۆباڵی هەموو شكستەكانی خۆیان دەخەنە ئەستۆی پارتی و بە سیاسەتی دژە حوكمڕانی پەردەپۆشی دەكەن.

دیارە یەكێتی نیشتمانی كوردستانیش كە بە كردەیی سەركەوتن و شكستی حوكمڕانی ئەو دەڤەرە رووی ئەو دەگرێتەوە، زۆر باش دەزانێت لەو ژینگە ئاڵۆزەی ئەو حزبانە دروستیان كردووە، بە ئاسانی بۆی راست ناكرێتەوە، بۆیە جۆرێك لە بێدەنگی و خۆگونجاندنی لەگەڵ ئەو ژینگە ئاڵۆزە هەڵبژاردووە و بە بیانووی ئەوەشی كە ژینگە و بارودۆخی ئەو ناوچەیە جیاوازە و دەبێت رەچاوی باری تایبەتی یەكێتی بكرێت، بەمەش گلەیی و گازندەكانی پارتی لە خۆی دوور خستۆتەوە.

پارتی دیموكراتی كوردستان كە لەم قۆناخەدا بۆتە پێشەنگ بۆ پاراستنی شەرعییەتی حوكمڕانی لە كوردستان و بەشی هەرە زۆری تەحەددییەكانی حكومەتی بەغدای خستۆتە سەر شانی خۆی، دەبێت ئاگاداری ئەوەش بێت كە پارێزگاریكردن لە شەرعییەتی حوكمڕانیی كوردستان و هەوڵەكانی بۆ لابردنی ئاستەنگەكانی بەردەم حوكمڕانی و گۆڕینی ئاراستەی زاڵی سیاسەتی دژە حوكمڕانی بۆ پشتگیری تەواوی خەڵكی كوردستان بۆ حوكمڕانی كوردستان، كارێك نییە بە تەنیا تێیدا سەركەوتوو بێت، دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت، ئاراستەی زاڵی سیاسەتی دژە پارتی كە بە دژە حوكمڕانی بانگەشەی بۆ دەكرێت، بە ئاستێك شەرمی نیشتمانی هەڵماڵیوە كە ئەو حزبە لۆكاڵانە بە پشتگیری ئەو خەڵكانەی كە لەناو یەكێتی نیشتمانی-شەوە لەگەڵ ئەوان یەكدەگرنەوە، كە بۆ دژایەتی پارتی و هەڵوەشانەوەی حكومەتی كوردستان سڵ لە هیچ كار و كردەوەیەكی نانیشتمانییانە نەكەنەوە.

پارتی بۆ تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخەی ئێستا و چارەسەركردنی كێشەكانی حوكمڕانی و هەوڵدان بۆ چارەسەكردنی كێشە سیاسی و ئابوورییەكان، پێشنیاری ئەوەی بۆ حزبەكانی كوردستان كردووە كە هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە هیچ حزبێكی سیاسی لە كوردستاندا بە دەنگ پێشنیارەكەی پارتییەوە هات بۆ ئەوەی زەمینەی هەڵبژاردن خۆش بكرێت و سندوقەكانی دەنگدان هەموو كێشە و قەیرانە سیاسی و ئابوورییەكان چارەسەر بكات؟ بێگومان واقیعی ئێستای كوردستان پێمان دەڵێت، حزبە سیاسییەكان نەك هەر بەدەنگەوەهاتنیان بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە پیشان نەداوە، بەڵكو دۆزینەوەی

**لەدوای كارەساتی ١٦ی ئۆكتۆبەرەوە هەموو هەوڵی حكومەتی بەغدا بۆ ئەوەیە شەرعییەتی حوكمڕانیی كوردستان بخاتە ژێر پرسیارەوە بۆ ئەوەی ببێتە بیانوویەك كوردستانی پێ داگیربكاتەوە، هەر بۆیە كە جەخت لەسەر بونیادنانی ژێرخانێكی پتەو بۆ سیاسەتی حوكمڕانی و پشتگیریی حوكمڕانیی كوردستان دەكەینەوە، پرسەكە لەوە فراوانترەوە و باس لە بونیادنانی ژێرخانێك بۆ بونیادنانی نەتەوەیەك دەكەین، كە شێوازی حوكمڕانییەكەی دەبێتە ناسنامەیەك بۆ وجودی سیاسی لە جیهاندا**

**ئەگەر بۆ هەموو نەتەوەكانی جیهان پێناسەی چەمكی حوكمڕانی بریتی بێت لە هەڵسووڕاندنی كاروبارەكانی دەوڵەت و چارەسەركردنی كێشەكانی هاووڵاتیان و سەرخستنی پرۆسەی پەرەپێدان، ئەوا بۆ ئێمەی كوردستانی كە خاوەنی دەوڵەت نین، چەمكی حوكمڕانی بۆ كوردستان واتە وجودی نەتەوەیەك، ئەگەر خوانەخواستە ئەو حوكمڕانییە شكستی هێنا، ئەوا وجودی نەتەوەیەك دەكەوێتە مەترسییەوە**

بڕوبیانووە جیاوازەکانیان ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەتا ئەگەر بارودۆخی کوردستان ئاساییش بێت و هیچ گرفتێکی نائاسایی لە کوردستان نەیەتە پێشەوە، ئەوا ئامانجیان ئەوەیە ڕێگە نەدەن لەدوای تەواوبوونی ماوەی درێژکراوەی پەرلەمانیش لە ئەیلوولی داهاتووش هەڵبژاردن بکرێت.

بەڵام ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە هیچ چارەیەك نییە و دەبێت لە ئەیلوولی داهاتوو هەڵبژاردن بکرێت، دیارە پارتی بەوجۆرە سەیری ئەم هەڵبژاردنە دەکات، وەك هەڵبژاردنێکی چارەنووسساز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، یان بە مانایەکی دیکە بۆ لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم حوکمڕانی لە کوردستاندا، ئەمەشی گرێداوەتە بەوەی ئەگەر پارتی نەشتوانێت زۆرینەی ڕەهای



دەنگەکانیش بەدەست بهێنێت، ئەوا پارێزگاری بە دەنگەکانی ئێستایەوە دەکات و لەچوارچێوەی هاوپەیمانییەکی تازە حکومەت پێکدەهێنێت و بەرنامەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەخاتە واری کردارییەوە، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر پارتی بە تەنیا ڕێژەی ١+٥٠٪ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، بواری ئەوەی پێدەدرێت کە خۆی حکومەت پێکبهێنێت و ئەو سیاسەتی حوکمڕانییەی دایدەڕێژێت، دەتوانێت بە سەرکەوتوویی جێبەجێی بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە

ئەزموونی ٢٦ ساڵەی حوکمڕانی لە کوردستان دەیداتەوە بەوەی مەحاڵە ئەو حزبە لۆکاڵانەی سلێمانی بواری ئەوە بدەن کە نەك هەر پارتی سیاسەتی حوکمڕانی خۆی پیادە بکات، بەڵکو ڕێگەنادەن سیاسەتێکی سەرکەوتووی حوکمڕانی لە کوردستان بوونی هەبێت.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تێگەیشتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی



کێشەی دەسەڵات لە نێوان پارتی و یەکێتی کە لە ساڵی ١٩٩٨ لەچوارچێوەی ڕێککەوتنی واشنتۆن ناوبژیوانیی نێوان پارتی و یەکێتی کردووە، دەبینین ئەو ڕێککەوتنە وەك قۆناخی یەکەم ئەوەی بە کێشە نەزانیوە لە هەرێمی کوردستان دوو ئیدارەی (هەولێر و سلێمانی) بوونی هەبێت، بەڵکو ئەوەی لە تێگەیشتنی ئەو ڕێککەوتنە بۆ چارەسەری کێشەی دەسەڵات لەنێوان یەکێتی و پارتی بە گرنگ زانراوە، کە ئیدارەی (هەولێر و سلێمانی) ببنە دوو بازنەی پەرەپێدانی سیاسی بۆ دروستبوونی دوو شێوازی جیاوازی سیاسەتی حوکمڕانی، بۆ ئەوەی سیاسەتی دژە حوکمڕانی کۆتایی پێبێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ڕێککەوتن و پێکەوە کارکردن لە نێوان دوو سیاسەتی جیاوازی حوکمڕانی دروست دەبێت، کە ئەمەش لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی پارتی و یەکێتی بەدیهات، بەڵام ئەوەی هەرگیز لە نێوان سیاسەتی حوکمڕانی و سیاسەتی دژە حوکمڕانی پێکەوە کارکردن و ڕێککەوتن دروست نابێت، بە زۆریش دروست بکرێت، ئاکامەکەی وەك ڕێککەوتنی نێوان پارتی و گۆڕان دەبێت کە بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم کردیان.

ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی لەگەڵ ئەوەی لە تێکەڵکردنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی بە رووکەش سەرکەوتوو بوو، بەڵام خاڵی لاوازی ئەو ڕێککەوتنەش لە گەوهەردا، هەڵوەشانەوەی ئەو دوو ئیدارەیە بوو لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش لەبەر ئەوەی چەمکی ئیدارە چەمکێکە بۆ بەڕێوەبردن و کارگێڕی، نەك ئاماژەیەکی سیاسی بۆ دابەشکردنی کوردستان، هەر بۆیە هەر لەکابینەی پێنجەمدا چەند ئیدارەیەکی دیکە وەك (ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین و سۆران) دامەزران، بۆیە لەبری هەڵوەشانەوەی ئیدارەی (سلێمانی و هەولێر) دەبوو جۆرێك لە ئیدارەی لامەرکەزی زیاتر بکرێت، هەر بۆ نموونە ئیدارەی هەولێر تەنیا ئیدارەی هەولێری بکردایە و دهۆکیش ئیدارەی خۆی هەبوایە، سلێمانیش ببوایە بە ئیدارەیەك لەگەڵ ئیدارەکانی گەرمیان و هەڵەبجە و ڕاپەڕین، پاشان هەردوولا پارتی و یەکێتی حکومەتێکی هاوبەشیان پێکبهێنایە بۆ چاودێریکردن و بەڕێوەبردنی کۆی ئیدارەکانی کوردستان، خۆ ئەگەر ئەمە بکرایە، ئەوا بوار بۆ ئەوە دروست نەدەبوو کە خواڵێخۆش بوو نەوشیروان مستەفا، لەسەر بنەمای سیاسەتی دژە حوکمڕانی کۆمپانیایەك بۆ بەرهەمهێنانی چەمکی دژە حوکمڕانی بەرهەم بهێنێت و سەرەنجامیش ئەوەی پێی کرا لە زۆنی سلێمانی و ڕاپەڕین و گەرمیان، بە جۆرێك بووە کە بارودۆخەکەی بە جۆرێك ئاڵۆز کرد، کە نەتوانرێت باس لە سیاسەتی حوکمڕانی بکرێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان دەمێکە خۆی ئەو ڕاستییەی ئاشکرا کردووە کە حوکمڕانی لە کوردستاندا بە بێ یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناکرێت و یەکێتیش گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە بەبێ پارتی حوکمڕانی لەکوردستاندا ناکرێت، لەگەڵ ئەوەی ناکرێت گەیشتنی هەردوولا بەم قەناعەتە لەیەك تای تەرازوودا بەراورد بکرێت، لەبەر ئەوەی قەناعەتی پارتی کە دەڵێت بەبێ یەکێتی حوکمڕانی کوردستان ناکرێت، ئەگەر قەناعەتی هەموو ئەندامەکانی پارتیش نەبێت، ئەوا هەیکەلەی ڕێکخستنی پارتی بەو جۆرەیە دەبێت هەموو ئەندامانی پێوەی پابەند بن و پێوەی پابەندیش دەبن، بەڵام هەیکەلەی ڕێکخستنی یەکێتی پێشتریش بەو جۆرە بووە کە مەرج نییە ئەو قەناعەتەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی هەیەتی، ڕەنگدانەوەی قەناعەتی هەموو سەرکردایەتی و ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێت، بۆیە ئەمە گرنگە و دەبێت یەکێتی بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ قەناعەتەکەی پارتی دەکات و پارتیش دەبێت بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ قەناعەتەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەکات.

ئەوەی بۆ پارتی گرنگە لەم هەڵبژاردنە بەدەستی بهێنێت، لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم حوکمڕانی کوردستانە، ئەوجا لەمەش گرنگتر دەستنیشانکردنی ئەو میکانیزمەیە کە ئەو ئاستەنگانەی پێ لادەبرێت، بێگومان ئەو ئاستەنگانەش بەوە لادەبرێن کە پارتی و یەکێتی پێکەوە لەسەر نەخشەڕێگەیەك ڕێکبکەون کە ئیدارەی شارەکانی کوردستان لەسەر بنەمای پشتگیری بۆ حوکمڕان و

**ئەوەی بۆ پارتی گرنگە لەم هەڵبژاردنە بەدەستی بهێنێت، لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم حوکمڕانی کوردستانە، ئەوجا لەمەش گرنگتر دەستنیشانکردنی ئەو میکانیزمەیە کە ئەو ئاستەنگانەی پێ لادەبرێت، بێگومان ئەو ئاستەنگانەش بەوە لادەبرێن کە پارتی و یەکێتی پێکەوە لەسەر نەخشەڕێگەیەک ڕێکبکەون کە ئیدارەی شارەکانی کوردستان لەسەر بنەمای پشتگیری بۆ حوکمڕان و هەڵتەکاندنی سیاسەتی دژە حوکمڕانی دووبارە پێناسە بکەنەوە**

**ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی لەگەڵ ئەوەی لە تێکەڵکردنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی بە ڕووکەش سەرکەوتوو بوو، بەڵام خاڵی لاوازی ئەو ڕێککەوتنەش لە گەوهەردا، هەڵوەشانەوەی ئەو دوو ئیدارەیە بوو لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش لەبەر ئەوەی چەمکی ئیدارە چەمکێکە بۆ بەڕێوەبردن و کارگێڕی، نەک ئاماژەیەکی سیاسی بۆ دابەشکردنی کوردستان**

هەڵتەکاندنی سیاسەتی دژە حوکمڕانی دووبارە پێناسە بکەنەوە، ئەوجا ئەگەر دوای هەڵبژاردن بڕیاریان دا پێکەوە حکومەت دروست بکەن و مەبەستیان بوو لایەنەکانی دیکەش بەشداری پێبکەن، ئەوا دەبێت حکومەتی داهاتوو لەسەر ئەو بنەمایە پێکبهێنرێتەوە کە ببێتە چاودێر و حەکەم بەسەر کۆی بەڕێوەبردنی حوکمڕانی لەشارەکانی کوردستاندا، لەم حاڵەتەشدا کە زۆنگاوی پۆخڵی دژە حوکمڕانی بە سیاسەتی پشتگیری بۆ حوکمڕانی پڕدەکرێتەوە، ئەوا پارتی دەتوانێت نموونەی حوکمڕانیی خۆی پیشانی حکومەتی کوردستان بدات، یەکێتیش دەتوانێت نموونەی حوکمڕانی خۆی پیشانی حکومەتی کوردستان بدات، هەردوو نموونەکەش لەبەر ئەوەی دوو شێوازی سیاسەتی حوکمڕانین، سەرەنجام سیاسەتی حوکمڕانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پتەوتر دەکات.

## ● حزبی سیاسیی نابەرپرسیار و بەرهەمهێنانی سیاسەتی دژە حوکمڕانی

ئەگەر بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان پێناسەی چەمکی حوکمڕانی بریتی بێت لە هەڵسووڕاندنی کاروبارەکانی دەوڵەت و چارەسەرکردنی کێشەکانی هاووڵاتیان و سەرخستنی پرۆسەی پەرەپێدان، ئەوا بۆ ئێمەی کوردستانی کە خاوەنی دەوڵەت نین، چەمکی حوکمڕانی بۆ کوردستان واتە وجودی نەتەوەیەك، ئەگەر خوانەخواستە ئەو حوکمڕانییە شکستی هێنا، ئەوا وجودی نەتەوەیەك دەکەوێتە مەترسییەوە، هەروەك چۆن لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە هەموو هەوڵی حکومەتی بەغدا بۆ ئەوەیە شەرعییەتی حوکمڕانیی کوردستان بخاتە ژێر پرسیارەوە بۆ ئەوەی ببێتە بیانوویەك کوردستانی پێ داگیربکاتەوە، هەر بۆیە کە جەخت لەسەر بونیادنانی ژێرخانێکی پتەو بۆ سیاسەتی حوکمڕانی و پشتگیریی حوکمڕانیی کوردستان دەکەینەوە، پرسەکە لەوە فراتترەوە و باس لە بونیادنانی ژێرخانێك بۆ بونیادنانی نەتەوەیەك دەکەین، کە شێوازی حوکمڕانییەکەی دەبێتە ناسنامەیەك بۆ وجودی سیاسی لە جیهاندا.

کێشەی سەرەکیی هەموو سیستمێکی حوکمڕانی لە جیهاندا، کێشەی حزبی سیاسیی نابەرپرسیارە، ئەمەش واتە لە ئاستی شکۆی نەتەوە و دەوڵەتدا خۆی بە بەرپرسیار نازانێت و بێجگە لە دروستکردنی ژینگەیەکی ئاڵۆز بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە بیر لە شتێکی دیکە ناکاتەوە، لەسەرانسەری جیهاندا ئەو حزبانەی هەست بەو بەرپرسیاریەتییانە ناکەن، نەك هەر بڕوایان بە سیستمی دیموکراتی نییە، بەڵکو بڕوایان بە هیچ دامەزراوەیەکی دەوڵەتیش نییە، بەڵام هەموویان یاساکان و دامەزراوەکانی دەوڵەت بەکاردەهێنن وەك چەکێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییە پۆخڵەکانی خۆیان، هەر بۆ نموونە، بزووتنەوەی گۆڕان کە بە حیساب حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شەرعی نازانێت و مەرجی سەرەکی بۆ مانەوەی لە حکومەت ئەوە بوو کە ئەم حکومەتە هەڵبوەشێتەوە و حکومەتی رزگاریی نیشتمانی پێکبهێنرێت، کەچی هەفتەی رابردوو پەرلەمانتارەکانیان بایکۆتی دانیشتنەکەی پەرلەمانی کوردستانیان کرد لەسەر ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دانیشتنەکەی نەکردووە بە عەفرین و نەیهێشتووە حکومەتی هەرێم پابەند بکەن بەچەند مەرجێکەوە بەرامبەر بە عەفرین، سەیر و سەمەرەی حزبی نابەرپرسیار ئەوەیە قسە و هەڵوێستەکانی یەکناگرنەوە، ئەمە ئێستا بە واقیعی لە کوردستاندا بوونی هەیە.

لایەنێکی دیکە کە حزبی نابەرپرسیار دەیکاتە هەوێنی سیاسەتە پۆخڵەکەی، باسکردنی گەندەڵی و نادادپەروەری و نایەکسانییە، بەڵام پرسیاری سەرەکی لەبەر رۆشنایی ئەزموونە سەرکەوتووەکانی حوکمڕانیی هەموو جیهان ئەوەیە، ئایا ئەو وڵاتانە کامانەن کە دیاردەی گەندەڵی و نادادپەروەری و نایەکسانی تیا بەربڵاوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەزموونی پراکتیکی حوکمڕانیی سەرکەوتوو دەیداتەوە، کە تەنیا لەو وڵاتانە گەندەڵی و نادادپەروەری و نایەکسانی هەیە، کە حزبی نابەرپرسیاری تێدا زۆرە و سیاسەتی پۆخڵی دژە حوکمڕانی بەرهەم دەهێنن، ئەم وەڵامە چۆن بۆ وڵاتێکی وەك پیرۆی هەژار لە ئەمریکای لاتینی راستە، بۆ ئەمریکای سەردەمی ئیدارەی ئۆباما و فەرەنسای کۆماری چوارەم و تورکیای پێش

**ئەو حزبە لۆکاڵانەی کە تەنیا لەسەر ئاستی سلێمانی کاریگەرییان هەیە، وەک (بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و باڵی سلێمانی یەکگرتووی ئیسلامی و بەمدواییەش قەوارەکەی بەرهەم ساڵح) بە تەواوەتی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە نە دەبنە حزبی یەکەم لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ ئەوەی ببنە حزبی فەرمانڕەوا و حوکمڕانی بکەن، نە دەشتوانن حوکمڕانی بکەن، بۆیە ئامانجیان ئەوەیە هەرچەندی بۆیان دەکرێت، رێگە نەدەن لە کوردستاندا حوکمڕانییەکی نیشتمانی هەبێت و حوکمڕانی کوردستان بکات**

**کێشەکانی حوکمڕانی لە کوردستاندا، بە تەنیا بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، یان گۆڕینی حکومەتێک بە حکومەتێکی دیکە چارەسەر ناکرێت، بەڵکو پێویستە هەڵبژاردن بکرێتە میکانیزمێک بۆ لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم سیاسەتی حوکمڕانی لە کوردستان و دارشتنەوەی ژێرخانێکی پتەو بۆ سیستمێکی بنەڕەتی کە پێناسەی سیایەتی حوکمڕانی لە کوردستاندا بکاتەوە**



**کورد بە درێژایی مێژوو هەڵێکی هاوشێوەی دوای بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ دروست نەبیوو کە نەوایەکی ئارامی بۆ دروست بێت و خۆی بەڕێوەبەرێت، هەر بۆیە بەڕێز مسعود بارزانی کە ئەوکات سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو، هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بگەیەنێتە قەناعەت و لە کوردستاندا هەڵبژاردن بکرێت، ئامانجی بارزانی لە پێداگرتنی لەسەر ئەم پرسە بۆ ئەوە بوو کە کوردیش وەک تەواوی گەلانی ئەم جیهانە، سیستمێکی بنەڕەتی بۆ حوکمڕانیی خۆی دابڕێژێت**

ساڵی ٢٠٠٢ش ڕاستە، هەروەها لەو وڵاتانەی حزبی نابەرپرسیار بوونی نییە، یان بوونیان هەیە و لەچوارچێوەی یاسا لغاوکراون، ئەوا دەبینین ئەگەر وڵاتەکەشیان وڵاتی دوای شەڕ و خاوەنی هیچ سەرچاوەیەکی سروشتییش نەبێت، ئەوا ئێستا لە ڕیزی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهانن و نموونەیەکی جیاوازی حوکمڕانیی ئەوتۆیان داهێناوە، کە وەك تۆنی بلێری سەرۆك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا دەڵێت، سنگافورە سیستمێکی حوکمڕانی سەرکەوتووی ئەوتۆی داهێناوە کە ئێمە لە ڕۆژئاوا ناچارین سوودی لێوەربگرین.

حزبی نابەرپرسیار هەر ئایدیۆلۆژیەتێکی هەبێت (چەپ، ڕاست، ئیسلامی، کریستیان و...هتد)، هیچ شوێنێك بە نیشتمانی خۆی نازانێت کە شانازی پێوە بکات، هەر بۆ نموونە حزبە سەلەفییەکانی لیبیا، لیبیا بە نیشتمانی خۆیان نازانن، بۆیە کاولی دەکەن، ئیخوانەکانی میسر، میسر بە نیشتمانی خۆیان نازانن بۆیە پەیمانگای ئۆپێراو بالیەیان دەتەقاندەوە و بەنیازبوون ئەهرامەکانیش هەمان چارەنووسیان هەبێت، حەرەکەی مقاوەمەی ئیسلامی (حەماس لە فەڵەستین)، فەڵەستین بە نیشتمانی خۆی نازانێت و ئامانجیشی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین نییە، هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتی ئەمریکا لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلینەوە هەتا سەرەتای ٢٠١٧، ئەمریکایان بە نیشتمانی خۆیان نەدەزانی، ئەمە ببووە هۆکاری ئەوەی کە هاووڵاتیانی ئەمریکاش ئەمریکا بە وڵاتی خۆیان نەزانن و گاڵتە بە شکۆی وڵاتی خۆیان بکەن، تەنانەت ساموئیل هنتنگتۆن لە ٢٠٠٥ کتێبێکی بە ناونیشانی (ئێمە کێین؟.... Who are we?) بڵاوکردەوە، لەم کتێبەدا هەوڵدەدات ئەمریکییەکان بە هۆش خۆیان بێنێتەوە و پێیان دەڵێت: (ئایا دەزانن ئاڵای ئەمریکاتان فەرامۆش کردبوو، کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر بە بیری هێنانەوە؟) لەمەش خراپتر لە ٢٠٠٨ کار گەیشتە ئەوەی خەڵك بچێت وۆڵ سترید بسووتێنێت.

دیاردەیەکی دیکەی حزبی نابەرپرسیار لەبەرهەمهێنانی سیاسەتی پۆخڵ، داهێنانی شێوازێکی تایبەتیی قسەکردنە کە بێجگە لە ئەندامانی حزبە نابەرپرسیارەکە کەسی دیکە تێی ناگا، فرانسیس فۆکۆیاما سەبارەت بەم دیاردەیە ئاماژە بەوە دەکات، پاش ئەوەی



بەریتانیا لە هەردوو دورگەی سلێمان و گینیا لە ئۆقیانووسی ئارام کشایەوە، هەوڵیدا نموونەی دیموکراتیەتی بەریتانیا لەو دوو دورگەیە دووبارە بکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو دوو دوورگەیە کە ژمارەی دانیشتووانیان تەنیا ٥-٦ ملیۆن کەسە، بەڵام ٩٠٠-٩٥٠ شێوە قسەکردنی جیاواز (بێگومان ئەمە نە زمانێکی سەربەخۆیە نە شێوەزارە) بوونی هەیە، هەر گرووپێکی چەند هەزار کەسی بە جۆرێك قسە دەکات، بێجگە لە خۆیان کەسی دیکە تێیان ناگات، هەروەها هەر یەك لەم چەند هەزار کەسە سەرۆکیان هەیە، بێجگە لەو کەسە کەسی دیکە ناناسن، ئەمەش وایکرد کە هەوڵەکانی بەریتانیا بۆ بونیادنانی دیموکراتی فەشەل بهێنێت، لەم نموونەیەوە ئەگەر سەیری حزبە نابەرپرسیارەکانی کوردستان بکەین، دەبینین هەر یەکەیان بە جۆرێك قسە دەکات، بێجگە لە خۆیان کەسی دیکە تێیان ناگات، بە جۆرێك دژایەتی حوکمڕانیی وڵاتی خۆیان دەکەن، کە بەس خۆیان دەزانن بۆ چ ئامانجێك ئەمە دەکەن، بۆیە ئەگەر بەهێوای ئەوە بین لە سایەی حزبی نابەرپرسیارەوە پرۆسەی سیاسی رێکبخەینەوە و سیاسەتێکی سەرکەوتووی حوکمڕانی پیادە بکەین، ئەوا بەریتانیا چەند سەرکەوتوو بوو لە دورگەی گینییا و سلێمان، ئێمەش لە کوردستاندا هەر ئەوەندە سەرکەوتوو دەبین.

کەواتە کۆی ئەم ئاراستەیە بەرەو ئەوەمان دەبات، کە ئەوە تەنیا وڵاتی ئێمە نییە، رووبەڕووی کێشە و نەهامەتییەکانی حزبی نابەرپرسیار بووەتەوە و خەریکە شکۆی خاك و نیشتمانمان دەکەن بە قوربانی سیاسەتی پۆخڵی خۆیان، بەڵام زۆر نەتەوەش لەم جیهانە بە سیاسەتی راست و دروست توانیویانە خۆیان لە ئافەتی ئەو حزبە نابەرپرسیارانە رزگار بکەن، (هەریەکەیان بەشێوازی تایبەتی خۆی)، بەڵام هیچ نەتەوەیەك بە یاسا و دامەزراوەکانی ناو سیستمی دیموکراتی لە حزبی نابەرپرسیار و سیاسەتی پۆخڵیان رزگاریان نەبووە و کوردستانیش ئەگەر بیەوێت، سیاسەتی دژە حوکمڕانیی ئەو حزبە نابەرپرسیارانە بگۆڕێت بۆ سیاسەتی حوکمڕانیی سەرکەوتوو، ئەوا دەبێت بیر لە شێوازی تایبەتی خۆی بکاتەوە، نەك پەنا بۆ یاسا و میکانیزمی دیموکراتییانە بەرێت کە هیچ ئاکامێکی لێ نادروێتەوە.

**لەبەر ئەوەی سیستمی بنەڕەتی بۆ حوکمڕانیی کوردستان هەر لەسەرەتاوە وەک ئەوەی پێیوستە بونیاد نەنراوە، ئەوا دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، نەبووە ئەو بازنە فراوانەی کە دەوڵەتداری و سەروەریی یاسا و هەڵسووڕاندنی چالاکانەی دامەزراوەکان پێکەوە کۆبکاتەوە، لەمەش زیاتر پەرلەمان و حکومەت، نەیانتوانی ئەو ژینگەیەش دروست بکەن کە پرۆسەی وەرچەرخان لە ئەقڵییەتی شۆڕشگێڕانەی حزبەکانەوە بۆ ئەقڵییەتی حوکمڕانی لەناو دەوڵەتدا بگۆڕێت**



رێبوار تاڵەبانی

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:

# هیوایەک هەیە بارودۆخە نەخوزراوەکە بەرەو کۆتایی بچێت

## بۆ کەرکووک دەبێت هەوڵ بۆ یەکرێزی بدرێت نەک گەرمکردنی بازاڕی هەڵبژاردن

**گومان هەڵناگرێت لە ئێستادا بارودۆخێکی نایاسایی و نائاسایی باڵی بەسەر شاری کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمدا کێشاوە، سەرباری ئەوەش هەوڵ دەدرێت هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عێراق لە کەرکووکیشدا ئەنجام بدرێت، ئایا بارودۆخی ئەو شارە تا چەند گونجاوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و ئایا پێویستە چی بکرێت بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکەی، ئەمانەو چەندین پرس و بابەتی دیکە لە میانەی دیمانەیەکی گوڵاندا لەگەڵ رێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك تاوتوێ کران، لێرەدا پوختەکەی بڵاو دەکەینەوە.**

*** کەرکووك بە شارێکی داگیرکراو دادەنرێت و پرۆسەی تەعریب لەو شارەدا دەستی پێکردۆتەوە، ئایا بەردەوامبوونی ئەم پێشێلکارییانە تاچەند زیان بە ئاساییبوونەوەی دۆخەکە و پرۆسەی هەڵبژاردن دەگەیەنن؟**

- هەروەك ئاشکرایە بریار دراوە هەڵبژاردنی گشتی و هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە عێراقدا ئەنجام بدرێت و خەڵکی کەرکووکیش چاودێری ئەو رووداوانە دەکات، هەروەها چاودێری هەوڵەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانن لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان. بەتایبەتی کێشەی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، لێدوانەکانی ئەم دواییەی عەبادییش نەرمونیانییەکی پێوە دیارە و ئەویش هەنگاوێك هاتۆتەپێشەوە، لەبەر ئەوە هیوایەك هەیە بارودۆخەکە بەرەو کۆتایی بچێت. ئومێدەکە ئەوەیە بارە نائاسایی و نایاساییەکەی کەرکووك و ناوچەکانی دیکە بەرەو کۆتایی بچێت بە رێککەوتنی هەردوولا، ئەویش لەسەر بنەمای دەستووری عێراق، کە هەروەك ئاشکرایە کورد یەکەم داکۆکیکار بووە لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق.

*** ئاماژەتان بەوە کرد کە بارودۆخەکە نائاسایی و نایاساییە، ئایا ئەو پێشێلکارییانە چین کە ئەنجام دراون و ئەنجام دەدرێن لە ئێستادا؟**

- ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە جێگری پارێزگاری کەرکووك سوودی لەم بارودۆخە نائاسایی و نادەستوورییە وەرگرتووە و کۆمەڵێك فەرمان دەردەکات بە هاوکاری ئەوانەی دەیانەوێت دووبارە باری دیموگرافی کەرکووك بۆ دۆخی پێش ساڵی ٢٠٠٣ بگەڕێننەوە. وا دیارە بە داخەوە کە هەمان عەقڵییەت و هزری پێشوو لای ئەم جۆرە بەرپرسانە ماوەتەوە و ئەم دۆخە بە دەرفەت دەزانن بۆ پیادەکردنی شێوازێکی نوێی تەعریبکردن لە ناوچە کوردستانییەکاندا. هەروەها لە رووی ئەمنییەوە، خەڵکەکە بەتایبەتی کوردو تورکمانی سوننەو عەرەبی سوننە دڵگرانن بە بوونی ئەو بارە عەسکەرتارییەی لە ناو کەرکووك هەیە، هیوادارین دۆخەکە ئاسایی ببێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن ژیانی ئاسایی خۆیان بەسەر ببەن.

*** ئێوە تاچەند ئاگاداری ئەو پیلان و مەرامە بوون کە میلیشیاو چەکدارەکانی حەشدی شەعبی و یەکەکانی سوپای عێراق هێرش دەکەنە سەر ناوچە کوردستانییەکان و پارێزگای کەرکووك داگیر دەکەن؟**

- روونە کە کاتێك داعش موسڵی گرت، بە نیازی داگیرکردنی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان دەرەوەی هەرێمیش بوو. بەڵام بەهۆی بەرگریی هێزی پێشمەرگەوە سەرکەوتوو نەبوو لەم هەوڵەیدا. بەڵام سەرەڕای ئەوەی سەرجەم پێکهاتەکانیش بەوە دڵخۆش بوون کە کەرکووکیش وەك شارەکانی دیکە داگیر نەکراوە لەلایەن داعشەوە، بەڵام نیگەرانییەك هەبوو لەلایەن حکومەتی ئیتیحادییەوە، واتە لەبری ئەوەی ئەم حکومەتە سوپاسی پێشمەرگە بکات، کەچی بەردەوام نیگەران بوو. ئەوە بوو بە ئاشکرا دەیانوت دەبێت دوای تەواوبوونی دۆخەکە پێشمەرگە پاشەکشە بکات بۆ شوێنەکانی خۆی. تەنانەت دواخستنی ئۆپەراسیۆنی

**وادەی کۆتایی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بریتی بوو لە ٣١ی مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠٠٧، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخەی لەئارادا بوو، جێبەجێ نەکرا، دە ساڵ دواتر، واتە لە ساڵی ٢٠١٧شدا هەر جێبەجێ نەکرا، بۆیە خەڵکی کەرکووک و کوردستان بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافە ریفراندۆمیان ئەنجامدا**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای هاتنی داعشەوە تاوەکو ١٦ی ئۆکتۆبەر مانگانە ١٠ ملیۆن دۆلاری بەناوی پترۆدۆلار بۆ ئاوەدانکردنەوەی شاری کەرکووک دەنارد**

حەویجەش مەبەستدار بوو، تا سەرئەنجام کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری لێکەوتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش ریفراندۆمیان کردە پاساوێك بۆ هێنانەدی مەبەستەکەی خۆیان. هەرچەندە تاوان نییە کە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم مومارەسەی مافی دەنگدان بکەن، بەڵام ئەگەر لایەنەکانی دیکەش ئەم دەنگدانەیان بە نادەستووری لەقەڵەم دەدا، ئەوا نەدەبوو پەنایان ببردایەتە بەر بەکارهێنانی سوپا و نەدەبوو ماددەی ٩ لە دەستوور پێشێل بکەن و پێویست بوو چاوەڕێی بڕیاری دادگای فیدراڵیان بکردایە و دواتر بەگفتوگۆ ئەو پرسە تاوتوێ بکرایە.

*** ئێستا دەنگوباسی هەڵبژاردن گەرمە؛ بەڵام ئایا تاچەند بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکانی کەرکووك لەم دۆخە نەخوازراوەدا یاسایی و ئاساییە؟**

- ئێمە وتومانە کە بارودۆخەکە نایاسایی و نادەستوورییە، کەواتە خەڵك ناتوانێت لە کەشێکی ئازاددا بچێت دەنگ بدات، لەبەر ئەوە داوامان کردووە کە ئەو بارە سەربازییە کۆتایی پێبهێنرێت و هەڕەشە و گوڕەشەکان نەمێنن و خەڵکی بتوانن بگەڕێنەوە و لە بارودۆخێکی ئازاددا بتوانن دەنگ بدەن. بۆ ئەو مەبەستەش یاداشتێکمان ئاڕاستەی عەبادی کرد و داوامان لێکرد کۆتایی بە بارە سەربازییەکە بهێنێن و دۆسیەی ئەمنی شارەکە رادەستی دەسەڵاتی پۆلیس بکات، کە ئەوەش داواکارییەکی دەستووری و یاساییە، دوای ئەوە خەڵکەکە دڵنیا بکرێت کە دەتوانن بگەڕێنەوە، هەروەها پێویستە ئەو فەرمانبەرانەی دەرکراون بگەڕێنەوە سەر کارەکانی خۆیان، لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی زیان لێ کەوتووان، دواتر دەبێت ئەو بارەگا حزبییانە لەلایەن حەشدی شەعبی و دژە تیرۆرەوە داگیرکراون، بدرێنەوە دەست حزبەکان، واتە ئەمانە کۆمەڵە رێکارێکن کە دەکرێن حکومەتی عێراقی وەك پیشاندانی نیازپاکیی خۆی بیانگرێتەبەر.

*** حزبەکان لە مەلەفی کەرکووك و هەڵبژاردنەکان هاودەنگ و یەکریزن؟ ئایا تاچەند بوونی یەکڕیزی و یەکدەنگی لەنێوان حزبە کوردستانییەکان بۆ ئێوەی کەرکووکییەکان گرنگە بەتایبەتی لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنە گشتییەکانی پەرلەمانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکە؟**

- پێش ئەوەی باسی لیستە کوردییەکان بکەم لە هەڵبژاردنی کەرکووك، پێویستە هەمووان بزانن ئەو بارودۆخەی لە کەرکووك دروستکراوە، دۆخێکی نەخوازراوە، کاتێك رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر روویان دا، ئێمە هەموو لایەکمان تۆمەتبار نەکرد، بەڵکو رامانگەیاند کە باڵێکی نێو حزبێك تێوەگلاوە لەم کێشەیە. واتە هەموو حزبەکەش خەتابار نەکرا، بەڵکو باڵێك و تاقمێکی ناو حزبەکە. ئێستا کە بەرەو هەڵبژاردن دەچین پەتای موزایەداتی نیشتمانی لەنێوان حزبەکان دروست دەبێت و بۆی هەیە هەندێ حزبیش لاف و گەزاف لێبدەن لەسەر چەند حزبێك بەوەی کەمتەرخەمی لە شاری کەرکووك روویداوە، لە کاتێکدا ناکرێت ئەم پرسە بەکار بهێنرێت بۆ گەرمکردنی بازاڕی هەڵبژاردنەکان، بەڵکو دەبێت لێرە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی بپارێزین لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و ئەم ململانێیە ببەینە هەڵبژاردنەکانی ناو هەرێم. سەبارەت بە لیستی کورد لە هەڵبژاردنەکانی کەرکووك ئاشکرایە لە خولی پێشوو کورد بەچوار لیست بەشداری هەڵبژاردنەکانی عێراقیان کرد کە بووە هۆی ئەوەی هەندێ لە دەنگەکانی کورد بفەوتێت کە ئەگەر وا نەبوایە کورسییەکی دیکەشمان مسۆگەر دەکرد. بە داخەوە لە ئێستادا پانتایی لێکترازانەکە زیاترە، هەر بۆیە چاوەڕوان دەکرێت لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا کورد دوو تا سێ کورسی لەدەست بچێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بارودۆخەکە ناجێگیرە و کورد نائاسودەیە لە شاری کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کە بە دڵنیاییەوە ئەمەش زیانمان پێدەگەیەنێت.

*** سەبارەت بە ئاوارە و قوربانییەکان ئایا تاچەند کار لەسەر ئەم دۆسێیە کراوە بەتایبەتی لە شاری خورماتوو؟**

- مانگێك لەمەوبەر پەرلەمانی عێراق لێژنەیەکی بۆ بەدواداچوونی رەوشی دوزخورماتوو و هەندێ شوێنی ناو شاری کەرکووك پێکهێنا، بەڵام من دەمزانی نیازی

**وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقیش کاری نەکردووە بۆ تۆمارکردنی ژمارەی ئاوارەکانی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە کە روویان کردۆتە کوردستان**

**پەرلەمانی عێراق جددی نەبووە و تا ئێستاش ئەو لیژنەیە پێکنەهێنراوە بۆ ئەوەی بچێت بە دوای راستییەکاندا بگەڕێت لە شاری دوزخورماتوو. بۆیە بە پێویستی دەزانم حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکاتی گفتوگۆکانیدا لەگەڵ بەغدا کێشەی ئاوارەکان و دۆخی خورماتوو بەهەند وەربگرێت**

**ئێستا کە بەرەو هەڵبژاردن دەچین پەتای موزایەداتی نیشتمانی لەنێوان حزبەکان دروست دەبێت و بۆی هەیە هەندێ حزبیش لاف و گەزاف لێبدەن لەسەر چەند حزبێک بەوەی کەمتەرخەمی لە شاری کەرکووک روویداوە**

عێراق و نیازی پەرلەمانی عێراق چۆنە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەم پەرلەمانە لەمانگی ٩ی ٢٠١٧ کە ١٣ بڕیاری دژی کورد دەرکرد، هەرچەندە وردە وردە پەشیمان دەبنەوە لەو بڕیارانە و بەم دواییەش هەندێ بڕیاریان هەڵوەشاندەوە کە سزادانی ئابووری بوون لەسەر کوردستان. مەبەستم ئەوەیە پەرلەمانی عێراق جددی نەبووە و تا ئێستاش ئەو لیژنەیە پێکنەهێنراوە بۆ ئەوەی بچێت بە دوای راستییەکاندا بگەڕێت لە شاری دوزخورماتوو. بۆیە بە پێویستی دەزانم حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکاتی گفتوگۆکانیدا لەگەڵ بەغدا کێشەی ئاوارەکان و دۆخی خورماتوو بەهەند وەربگرێت. هەروەها بەداخەوە دەڵێم کە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقیش کاری نەکردووە بۆ تۆمارکردنی ژمارەی ئاوارەکانی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە کە روویان کردۆتە کوردستان.

*** لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنە گشتییەکان قسەو باسی ئەوە هەیە پەرلەمانی عێراق بڕیارێکی تایبەتی بۆ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک دەربکات، ئایا ئەمە تاچەند لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژاردن و بنەماکانی دەستووردا دەگونجێت؟**

- لە راستیدا داواکاری دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاری کەرکووک لەلایەن دوو فراکسیۆنی تورکمانی و عەرەبییەوە پێشنیار کراوە، ئەمەش داواکارییەکە چەند جارێکی دیکە دووبارە کراوەتەوە، واتە بەردەوام لە پەرلەمانی عێراق کار لەسەر دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک دەکەن و خوازیارن خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، بەڵام بەهۆی کێشەی بودجەوە ئەو خوێندنەوەیە دواخرا، ئەم یاسایەش هەمان هەوڵەکانی ئەو تاقمەیە کە لەساڵی ٢٠١٠ و ٢٠١٤ داوایان کردبوو هەر پێکهاتەیەک لە شارەکە لە ٣٢٪ی دەنگەکانی هەبێت، ئەمەش واتایەک بۆ دەستوور و هەڵبژاردن ناهێڵێتەوە، چونکە خەڵکی بۆچی بچێت بۆ دەنگدان لەکاتێکدا دەنگەکان جێگیر بن؟

*** پارێزگای کەرکووک خاوەنی زۆرترین کێڵگەو بیری نەوتی خاوە؛ ئایا ئێستا ئەو سامانە سروشتییەی کورد چۆن دەڕوات و پارەکەی بۆ کێیە؟**

- لە راستیدا پرسی نەوت یەکێکە لەکێشە ئاڵۆزەکان، کە دەتوانن بڵێم خەڵکانێکی باڵادەست لە عێراقدا ئەم گەمە سیاسییە ئابوورییە دەکەن. ئەم کارتانەش بۆ هەموو کەس ئاشکرا ناکرێن، تەنیا دەبێت لیژنەیەکی پسپۆڕی نێودەوڵەتی بێت و لێکۆڵینەوە بکات و ئەوە ئاشکرا بکات کە ئەوانە کێن لەژێر ناوی رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و پرۆسەکانی دیکەدا سوود لە نەوتەکەی کەرکووک وەردەگرن و زیان بە خەڵکەکەی دەگەیەنن. واتە ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی دەوێت. بەڵام دەبێت نەوت بەپێی ماددەی ١١٢ بێت و داڕشتنی سیاسەتی پەیوەست بەم پرسە و چالاکییەکانی بەهاوبەشی بێت لەگەڵ ئەو پارێزگایەی کە نەوتی لێ بەرهەم دەهێنرێت، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٣وە تاوەکو ئەم ساتەوەختە وەزارەتی نەوتی عێراق هەماهەنگی لەگەڵ نەکردووە، بەپێچەوانەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای هاتنی داعشەوە تاوەکو ١٦ی ئۆکتۆبەر مانگانە ١٠ ملیۆن دۆلاری بەناوی پترۆدۆلار بۆ ئاوەدانکردنەوەی شاری کەرکووک دەنارد.

*** ئایا هیچ ئومێدێک هەیە بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری بۆ ئەوەی هەروەکو چۆن لە ریفراندۆمدا کوردستانییەتی پارێزگاکە سەلمێندرا، هەرواش شاری کەرکووک و ناوچە کوردستانیەکانی دیکە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان؟**

- ئێمە پێشتریش داوامان کرد کە ئەم ماددەیە جێبەجێ بکرێت. وادەی کۆتایی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بریتی بوو لە ٣١ی مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠٠٧، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخەی لەئارادا بوو، جێبەجێ نەکرا، دە ساڵ دواتر، واتە لە ساڵی ٢٠١٧شدا هەر جێبەجێ نەکرا، بۆیە خەڵکی کەرکووک و کوردستان بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافە ریفراندۆمیان ئەنجامدا، چونکە ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرایە، یان حکومەتی بەغدا جددی بوایە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و هەرێم، ئەوا بە پێشبینی من رەنگە کوردستان و کەرکووکیش ئەو هەنگاوەیان هەڵنەگرتایە.

**یاداشتێکمان ئاراستەی عەبادی کرد و داوامان لێکرد کۆتایی بە باری سەربازییەکە بهێنێن و دۆسیەی ئەمنی شارەکە رادەستی دەسەڵاتی پۆلیس بکات، کە ئەوەش داواکارییەکی دەستووری و یاساییە، دوای ئەوە خەڵکەکە دڵنیا بکرێت کە دەتوانن بگەڕێنەوە، هەروەها پێویستە ئەو فەرمانبەرانەی دەرکراون بگەڕێنەوە سەر کارەکانی خۆیان، لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی زیان لێ کەوتووان**

**تاوان نییە کە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم مومارەسەی مافی دەنگدان بکەن، بەڵام ئەگەر لایەنەکانی دیکەش ئەم دەنگدانەیان بە نادەستووری لەقەڵەم دەدا، ئەوا نەدەبوو پەنایان ببردایەتە بەر بەکارهێنانی سوپا و نەدەبوو ماددەی ٩ لە دەستوور پێشێل بکەن**

**لە رووی ئەمنییەوە، خەڵکەکە بەتایبەتی کوردو تورکمانی سوننەو عەرەبی سوننە دڵگرانن بە بوونی ئەو بارە عەسکەرتارییەی لە ناو کەرکووک هەیە، هیوادارین دۆخەکە ئاسایی ببێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن ژیانی ئاسایی خۆیان بەسەر ببەن**

# لە قەیرانەوە بۆ... گەشەپێدان!

پێویست ناکات باسی قەیرانەکان بکەین، هەموومان لەناویاندا کولاوین؛ گرنگ لێیانەوە دەرچین، گرنگتریش- گۆڕینی ڕەوتەکەیە بەرەو گەشەپێدان.

گەشەپێدان ئامانجی هەموو دەسەڵاتێکی «نیشتمانی»یە، هەنگاوەکانی بەو ئاڕاستەیە دەبن کە هەستپێکراو و بە ڕیزبەندییەکی خوازراو لە لایەن خەڵکەوە ڕێکخرابن. ئەو دەسەڵاتە «نیشتمانی»-یە کە تێگەیشتنێکی تەواوی هەیە بۆ خواست و پێداویستییەکانی جەماوەر و بە کردەنی هەوڵی دابینکردنیان دەدات.

گەشەپێدان بریتییە لە پرۆسەی پێشخستن و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خەڵک بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە: ماددی [ئابووری، نیشتەجێکردن، ڕێگاوبان...] و مەعنەوی [پەروەردە، کولتوور، کەسایەتی، ڕۆشنبیری...]. گەشەپێدان بەم ڕەهەندە زۆر و هەرە گرنگانەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و گەلێک سەختە، بۆیە پێویستە لە سایەی پلان و پرۆژەیەکی زانستیانەی کارامەدا بەڕێوەبچێ و تیایدا، لەپاڵ سوودوەرگرتن لە ئەزموونی میللەتانی جیهان، جێبەجێکانی کەسانی پسپۆڕ و شارەزایانی لێهاتوو دیار و بەرچاوبن.

گرنگە هەنگاوەکان کردەنی و هەستپێکراو بن، چونکە لە کۆمەڵگایەکی ئاستی هوشیاریی کۆمەڵایەتیی نزمدا، ئەندامانی درک بە هەموو جۆرە هەوڵێکی گەشەپێدان و چاکسازیی ناکەن – [هەستکردن ڕەهەندی مەعریفیی هەیە[1]]؛ بەلایانەوە تەنیا ئەوانەی پەیوەستن بە بوارەکانی بژێوی ژیانی ڕۆژانەیانەوە گرنگ و یەکەمینن - ئەوەش ئەرکی دەسەڵات قورستر دەکات.

دەسەڵات، هەر دەسەڵاتێک، سەربە ئایدیۆلۆگیایەکە – با ئەو ئایدیۆلۆگیایە لێل و



د. ڕەشاد میران

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ناڕوونیش بێ [کەسێک و گرووپێک و کۆمەڵگایەک نییە بێ ئایدیۆلۆگیا، هەرنەبێ کولتوور ئەو دەورە دەبینێ٢]؛ لە هەر ئایدیۆلۆگیایەکیشدا ڕەهەندی گەشەپێدان هەیە- با ئەو ڕەهەندە پلەی یەکەمینیشی نەبێت، بەڵام گەشەپێدان لە ئایدیۆلۆگیای دەسەڵاتێکی «نیشتمانی»دا پێگەی سەرەکیی هەیە. دەسەڵاتی نیشتمانیی هاوچەرخ دەبێ خاوەن ئایدیۆلۆگیایەک بێت لەسەر بنەمای زانستی داڕێژرابێ و هەنگاوەکانی بۆ گەشەپێدن تەواو زانستیانە بن...

بنەما زانستییەکانیش، بۆ هەر ئایدیۆلۆگیا و پرۆگرام و پرۆژەیەک، لە پێداویستیی بوارەکانی ژیانی کۆمەلایەتییەوە سەرچاوە دەگرن؛ واتە زانست تەنیا بۆ زانست نییە، زانست بۆ ژیان و بۆ دابینکردنی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگایە [بۆ نموونە، زانستی «دەریاوانی» ئیمڕۆکە بۆ کورد پێداویستییەکی ئەوتۆ لەخۆ ناگرێ].

گەشەپێدان دەبێ پرۆژەیەکی گشتگیر و شێوەی پرۆسەیەکی بەردەوامی هەبێ؛ مەبەستیش لە «گشتگیر»- واتە هەردوو بوارەکانی ماددی و مەعنەوی بگرێتەوە، بەجۆرێک هاوسەنگی دابێنی لە نیوان هەردوو ئەم بوارەدا. لێرەدا، کەواتە، گەشەپێدان دەبێ ڕەهەندی کولتووریی هەبێ؛ نە هەرئەوە، بگرە لە هەلومەرجی تێکشکان و قەیراناویدا، دەسەڵات دەبێ گەشەدان بە لایەنی مەعنەویی پێشبخات، بۆ هاندانی ئەندامانی کۆمەڵ لە کارکردنیان تا بەرهەم و داهێنان بەدەسبێنن – کۆمەڵیش وەکو تاکەکەس پێویستی بە فێرکردن و ڕاهێنانی بەردەوامە.

لەم ڕوانگەیەوە، لە ڕەوشی کۆمەڵایەتیی قەیراناویی کۆمەڵگای کوردیدا، دبێ کاربکرێ

**گەشەپێدان دەبێ پرۆژەیەکی گشتگیر و شێوەی پرۆسەیەکی بەردەوامی هەبێ؛ مەبەستیش لە «گشتگیر»- واتە هەردوو بوارەکانی ماددی و مەعنەوی بگریتەوە، بەجۆرێک هاوسەنگی دابێنێ لە نێوان هەردوو ئەم بوارەدا. لێرەدا، کەواتە، گەشەپێدان دەبێ ڕەهەندی کولتووری هەبێ؛ نە هەرئەوە، بگرە لە هەلومەرجی تێکشکان و قەیراناویدا، دەسەڵات دەبێ گەشەدان بە لایەنی مەعنەویی پێشبخات**

لەسەر تێخزاندنی چەندین بەهای نوێ بۆ ناو کولتوورەوە، بەمەشەوە گۆڕینی کەسایەتیی تاک لە حاڵەتی پاسیڤەوە بۆ ئەکتیڤ و بەشداریی چالاکانەی لە بەرهەمهێنانی ماددیدا.

کولتووری کوردی، کە ئایدیۆلۆگیای سستێمە کۆمەلایەتییەکەیە، لێوانلێوە لە بەهای «کۆنی» کاریگەری بەدەر لە پێداویستییەکانی سەردەمی ئێستای تاکی کورد– لەمانە: نێر و مێ، گەورە و بچووکی، خزمایەتی، دۆستایەتی، توندڕەویی ئایینی، خێڵەکی، ناوچەگەرێتی، ئاغایەتی، ملکەچی، مشەخۆری... مانەوەی ئەمانە و کاریگەرییان، واتە زاڵبوونی ئایدیۆلۆگیای کۆمەڵایەتی و نەبوونی ئایدیۆلۆگیایەکی سیاسی و زانستی؛ لە ئارادا نەبوونی ئەمەی دواییش، ڕەوشە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکەی بە چەقبەستوویی ڕاگرتووە.

کولتوور دیاردەیەکی زیندوو و دینامیکییە؛ ڕاستە تۆکمە و چەقبەستووە، بەڵام قابیلی گۆڕانیشە. دینامۆی ئەو گۆڕانەش پێداویستییەکانی خەڵکە- هەتا ئەو خەڵکە پێویستی بەو بەهایەنەی سەرەوە هەبێ، کولتوور وەک خۆیی دەمێنێتەوە. جا، لێرەدایە دەوری دەسەڵات و ئایدیۆلۆگیای زانستی.

دەسەڵات دەبێ ئەوەندە هوشیاربێ کە درک بە پێداویستییەکانی سەردەمی ئێستا بکات و بزانێ کامانەن ئەو بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەی کاتیان بەسەرچووە، میکانیزمی گونجاو دابێنێ بۆ چەقاندنی بەهای نوێ لەنێو خەڵکدا؛ بۆ ئەمەش دەسەڵاتی کوردی کەرەستە و ئامێری پێویستی لەبەردەست دان- یاسا، پارە، هێز، حیزبی جەماوەری... دەمێنێتەوە ئازایەتی و ئیرادەی بڕیاردان بۆ ئەم هەنگاوە ستراتیجییە چارەنوسازە.

کامانەن پێداویستییەکانی سەردەم و چ بەهایەکیان لە پشتە؟

ئەگەر بسەلمێنین کە ئێمە لە سەدەی بیست و یەکدا دەژین، ئەو سەدەیەی تەنانەت جیهانگیریشی تێپەڕاند (Post- Globalization)، ئەوا پێویستمان بە چەندین بەهای باو لە دنیای مۆدێرن هەیە کە چیتر ناکرێ، بە بیانووی جۆراوجۆر، پشتگوێیان بخەین.

گەلێک لەو بەها کوردەوارییانەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن – وەکو خزمایەتی، دۆستایەتی، ئیمانداری و... ناڵێین لە کۆمەڵگای مۆدێرندا نەماوون، بەڵام لەوێ ئەمانە پلەی یەکەمینیان لەدەستداوە؛ خەڵک لە ژیانی ڕۆژانە، لە کارکردن و پەیوەندییەکانیاندا پەنا بۆ ئەم بەهایانە نابەن،

**گەلێک لەو بەها کوردەوارییانەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن – وەکو خزمایەتی، دۆستایەتی، ئیمانداری و... ناڵێین لە کۆمەڵگای مۆدێرندا نەماوون، بەڵام لەوێ ئەمانە پلەی یەکەمینیان لەدەستداوە؛ خەڵک لە ژیانی ڕۆژانە، لە کارکردن و پەیوەندییەکانیاندا پەنا بۆ ئەم بەهایانە نابەن،**

لەکاتێکدا ئێمە سەرلەبەری ژیانی ڕۆژانەمان بەمانەوە گرێدراوە. لەوێ تاکایەتی -Individualism بەرقەرارە، لای خۆشمان ژیانی کۆمەڵی کە تیایدا تاکەکەس ئەوپەڕی پەراوێزخراوە.

پێداویستیی هەرەگرنگی سەردەمی ئێستای کۆمەڵگای کوردی بریتییە لە دابینکردنی بەهای «تاکایەتی» و چەسپاندنی لەنێو سستێمی پەروەردەدا، تیایدا جەخت بکرێ لەسەر «تاک و کۆمەڵ» نەک «تاک لەنێو کۆمەڵ»دا؛ لە پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیشدا -Socialization تاکەکەس بکرێ بە چەق و تەواو سەربەخۆ نەک پاشکۆی ژیانی خێزانی (کوڕ و کچی کێیە؟، زاوا و خەزوور و خەسووی کێیە...)– لەمەشدا دەسەڵات دەبێ بەرپرسبێ لە ڕەوشی نێو خێزان... ئایا وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی هیچ ڕووپێوێکی ئەنجامداوە سەبارەت بە ڕەوشی نێو خێزانەکان (بە هەژار و دەوڵەمەندیانەوە)، لە ڕووی پەروەردە و تەبایی و پەیوەندییەکانەوە؟ ئەگەر ئەمە کراوە، چ هەنگاوێکی ناوە بۆ چارەسەری گرفتە خێزانییەکان و، بەگشتیش، بۆ گرفتە کۆمەڵایەتییەکان؟ ئایا بابەتی بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، لەلایەن ئەم وەزارەتەوە، بەهەند وەرگیراوە؟

بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانەی سەرەوە، وەزارەتی ناوبراو، پێویستی بە بەهرەی هەرهەموو کۆمەڵناسان دەبێ کە ساڵانە بە لێشاو لە زانکۆ دەردەچن و شوێنێک نییە بیانگرێتەخۆ.

لە سستێمی پەروەردەی فەرمیشدا، دەبێ قوتابی فێربکری بەهای خۆی بزانێ، نەک پەراوێزخستن، لێدان و سووکایەتی پێکردن- دەوری قوتابخانە لە دروستکردنی «کەسایەتیی» قوتابی گەلێ گرنگترە لەو بابەتانەی کە تیایدا دەخوێندرێن؛ ئەو بابەتانەی بە زمانێکی کرچ و کاڵ، پڕاوپڕی هەڵەی زمانەوانی و زانستی دانراون کە لێحاڵیبوونیان بۆ مامۆستاش ئەستەمە... تەنانەت بابەتی زانستیی هەڵەش دانراون لەنێو سستێمی خوێندندا- وانەی ئایین دەبی بکرێ بە بابەتی «ئایین ناسی» نەک فێرکردنی ئایینێکی دیاریکراو؛ زمانی عەرەبی نابێ بەو ئاڵۆزییەوەی بۆ قوتابی دابنرێ - هەندێ وڵاتانی عەرەبی فێرکردنی زمانی عەرەبییان زۆر سادە و ئاسانکردووە – تەنانەت بابەتی «اعراب»یش لادراوە. ئینجا قوتابخانەی تایبەت بۆ منداڵی خواپێداوان – دەورێکی یەکجار خراپ دەبینێ لە لێکترازانی چینایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا-

مانەوەی ئەم جۆرە قوتابخانەیە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئایدیۆلۆگیای دەسەڵاتداران و ئەمە دژ بە پڕەنسیپەکانی دادی کۆمەڵایەتییە، نیەت و پڵانیان بۆ گەشەپێدان دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

بەڵام بۆ هەموو ئەمەش مامۆستای «ڕاستەقینە» پێویستە، مامۆستای بێ گرفتی بژێوی، ڕاهێنراو و ئامادەکراو بۆ ئەو ئەرکە نێشتمانییە ستراتیجییە( لە وڵاتانی پێشکەوتوو مامۆستا بەرزترین مووچە وەردەگرێ !). بۆ دەسەڵاتی هەر سستێمێکی سیاسی شەرم و نەنگییە «مامۆستایانی پریڤات» بکەونە گیانی داهاتی کەس و کاری قوتابیانەوە.

لە پرۆسەی گەشەپێداندا دەزگای پەروەردە ڕۆڵی هەرەگرنگ و کاریگەری دەبێ، ئەگەر گەشەپێدان لە پڵانی دەسەڵاتدا هەبێ. بەڵام دەسەڵات لە کۆمەڵگای ئێمەدا، تاکو ئێستا، وەکو دەزگایەکی حزبیی « لابەلا» مامەڵەی لەگەڵ پەروەردەدا کردووە و هەمیشە کەسانی حزبیی ناپسپۆری بە وەزیر و بەرپرس داناوون. دواتر چۆن دەبێ؟... دەمێنێتەوە سەر ئەوەی دەسەڵات چ هەڵوێستێکی دەبێ بەرامبەر بە گەشەپێدان.

بەهای کارکردن... یەکێکە لەو بەهایانەی لە ئەنجامی سیاسەتی بێ پڵانی دەسەڵاتدا تەواو پێشێلکراوە؛ بەشینەوەی پارە و پۆست و ئیمتیازی بێ بەرامبەر خەڵکەکەی لە کارکردن خاوکردۆتەوە و کردوونی بە مشەخۆر؛ بۆ کار و پێداویستییەکانیان هەمیشە پەنادەبەن بۆ بەهاکانیتری وەک: خزمایەتی، دۆستایەتی، حیزبایەتی، ناوچەگەرێتی... بایەخ نەدان و کزکردنی پێشەی سەرەکیی کوردستان، کشتوکاڵی و ئاژەڵداری، ڕەوشەکەی گەیاندە ئەوەی کە، لەپاڵ لەدەستدانی بوارێکی فراوانی کارکردندا، خۆراکی سادەی ڕۆژانەشمان لە دەرەوە هاوردەبکەین.

لێرە قسە لەسەر کارکردنی ڕاستەقینەی بەرهەمهێنە، نەک تەعینکردن، مووچە وەرگرتن و پاڵکەوتن- واتە بێکاریی دەمامکدراو. بەڵگەی هەرە زەقی ئەوەی کە دەسەڵات لایەنی مەعنەویی پشتگوێ خستووە و پرەنسیپە ئەخلاقییەکانی پێشێلکردوون – خانەنشینان و کەم ئەندامانیشی خستوونەتە نێو سستێمی پاشکەوتەوە و مووچەکانیان هەمیشە دوادەخات.

هەر لە ڕووی مەعنەوییەوە، لەو بەرەی شەڕی سەخت و دژوارەی (بە درێژایی زێتر لە هەزار کیلۆمەتر) لەگەڵ داعشدا، ڕۆژانە جەنازە دەهاتنەوە، ژن و کچ بە دیل دەبران و ئەتک دەکران - خەڵکەکە مێشێکی مێوان نەبوو، سەیران و ئاهەنگ و شایلۆغان دنیایان تەنیبوو؛ کەسێک، دەسەڵاتێک نەبوو ئاڕاستەیان بکات، فێریان بکات چۆن پاڵپشت و پشتگیری مەعنەویی بەرەی جەنگ بن – لەم حاڵەتانەدا دەسەڵات هەمیشە باری نائاسایی ڕادەگەینێ.

ئێستاکە نەوت بووە بە تاقە سەرچاوەی داهات، بەڵام پێش ئەوەش دەسەڵاتی کوردی «ئیمپراتۆریانە» ڕەفتاری دەکرد، بێباکانە پارەی بەسەر کەسان و سێکتەران دەبەشییەوە و ئەوەی زۆر بەسەرەوە دیاربوو کە ڕەهایانە ڕووی لە بوارە ماددییەکانە (عەقارات، جادە و ڕێگاوبان...) و پەیی بە لایەنی مەعنەویی نابات. لەکاتێکدا ئێمە لە قۆناغی ڕزگاریی نەتەوەیی داین و پێویستمان بە دروستکردنی مرۆی سەردەمە کە لە ئاست پێداویستییەکانی کاتی ئێستای نەتەوەکەماندا بێ – ئەوەش پێش هەموو شتێک بە چاکسازی لە بواری پەروەردەدا دەبێ... ئەم بوارەش وەکو «بەرەی جەنگ» وایە و، بۆ گەشەپێدانی، تەرخانکردنی بەشی هەرەزۆری داهات و تواناکانی پێویستە؛ لە ستراتیجیای گەشەپێداندا داهاتەکان بە پڵانێکی تۆکمە ٣- ٥ساڵی یەکەم بۆ پەروەردە دابنرێن[٣- ٥ ساڵی دواتر بۆ کشتوکاڵی، ئینجا تەندروستی..هتد]- ئەمەش واتە بووژاندنەوەی سێکتەرەکە و ڕەخساندنی بوار بۆ کاریگەریی نواندن لەسەر کەسایەتیی قوتابی؛ کە ئەو مرۆڤە دروستبوو، ئەوا خۆی گەلێک لەو کارانە ئەنجام دەدات کە ئێستا دەسەڵات پێیانەوە «سەرقاڵە»- بەردەرگا و شەقام پیس ناکات، خاوێنی دەپارێزێ و باخچە دادەچێنێ، دەست بە کارەباوە دەگرێ، ئاو بە فیڕۆ نادات، ڕێگا ناگرێ، لێخوڕینی ئەخلاقانە دەبێ و ماشینەکەی بۆ پەڕینەوەی پیادە ڕادەگرێ و... گۆڕستانی مردووەکانی دەکات بە گوڵزار !!!.

تا ئەو جۆرە مرۆڤە هوشیارە بەرجەستە دەبێ، دەسەڵات دەبێ ئاستی هوشیاریی خۆی بسەلمێنێ، پەلە لە پرۆسەی چاکسازیدا بکات، ئاستێک لە دادی کۆمەڵایەتی دابێنێ و هەرنەبێ کار بەو یاسایانە بکات کە ماوەیەکی درێژە خەواندوونی- نرخ و بەهای یاسا لە جێبەجێکردنی دایە. کۆمەڵگای کوردی نوقمی پێشێلکاریی بووە... مرۆی سەردەم و بەهای نوێ چارەسەرە.

**پەراوێز:**

١) د. ڕەشاد میران؛ «سۆسیۆلۆگیای مەعریفە». هەولێر ٢٠١٧ ل٦٥- ٧٠

٢) د. ڕەشاد میران؛ «مەعریفە و کولتوور و ئایدیۆلۆگیا». گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی،٢٠١٧/٢١

**لە سستێمی پەروەردەی فەرمیشدا، دەبێ قوتابی فێربکری بەهای خۆی بزانێ، نەک پەراوێزخستن، لێدان و سووکایەتی پێکردن- دەوری قوتابخانە لە دروستکردنی «کەسایەتیی» قوتابی گەلێ گرنگترە لەو بابەتانەی کە تیایدا دەخوێندرێن؛ ئەو بابەتانەی بە زمانێکی کرچ و کاڵ، پڕاوپڕی هەڵەی زمانەوانی و زانستی دانراون کە لێحاڵیبوونیان بۆ مامۆستاش ئەستەمە**

**ئێستاکە نەوت بووە بە تاقە سەرچاوەی داهات، بەڵام پێش ئەوەش دەسەڵاتی کوردی «ئیمپراتۆریانە» ڕەفتاری دەکرد، بێباکانە پارەی بەسەر کەسان و سێکتەران دەبەشییەوە و ئەوەی زۆر بەسەرەوە دیاربوو کە ڕەهایانە ڕووی لە بوارە ماددییەکانە (عەقارات، جادە و ڕێگاوبان...) و پەیی بە لایەنی مەعنەویی نابات. لەکاتێکدا ئێمە لە قۆناغی ڕزگاریی نەتەوەیی داین و پێویستمان بە دروستکردنی مرۆی سەردەمە کە لە ئاست پێداویستییەکانی کاتی ئێستای نەتەوەکەماندا بێ**

## ئاشەر کۆفمان

### تایبەتمەند لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ بۆ گوڵان:

# دەکرێت ئەمریکا و رووسیا ببنە هێزێکی بنیادنەر بۆ گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا ئەمە روونەداوە

ئاشەر کۆفمان پرۆفیسۆرە لە بەشی مێژووی زانکۆی نۆتردام، وانەبێژو توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ بەگشتی و کاروباری لوبنان، سووریا و ناکۆکیی عەرەب - ئیسرائیل بەتایبەتی. هەروەها وانەبێژ و توێژەری بواری ناسیۆنالیزم و کۆلۆنیاڵیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووە، بایەخدانی هەیە بە پرسی خاك و سنوور لەم ناوچەیەدا. بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی دوایین پەرەسەندنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو دژواری و تەحەددییانەی رووبەڕووی ئەم ناوچە ئاڵۆزە دەبنەوە، هەروەها بۆ تیشکخستنەسەر هۆکارەکانی نائارامی و ناسەقامگیری لەم ناوچەیەو چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.



*** وەك كەسێكی شارەزا لە كاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چۆن لە رەوشتی ئێستای ئەم ناوچەیە دەڕوانیت؟**

- ئەوە ئاشكرایە كە ناسەقامگیری لەم ناوچەیەدا درێژەی هەیەو بەردەوامە، ئەوەتا شەڕی ناوخۆیی سووریا بەردەوامە و هیچ ئاماژەیەك بۆ كۆتاییهاتنی ئەو شەڕە لەئارادا نییە، ئەمە سەرباری ئەو تەحەددییانەی بەم دواییە هاتنەئاراوە، وەك هەوڵی داگیركردنی ناوچەیەكی كوردی لە باكووری سووریا لەلایەن توركیاوە، هەروەها هێشتا ناكۆكی ئیسرائیل و فەلەستین درێژەی هەیە، بە هەمان شێوە رەنگدانەوە و بەرجەستەبوونی ركابەریی نێوان ئێران و سعودیە لە یەمەندا یەكێكی دیكەیە لە تەحەددییەكان. كەواتە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رەوشێكی باشدا نییە.

*** هەروەك دیارە ئەم ناوچەیە بە دەست ناسەقامگیرییەكی درێژخایەنەوە دەناڵێنێت، بەڵام پرسیارەكە ئەوەیە ئایا هۆكارە ریشەیی و بنەڕەتییەكانی ئەم دۆخە چییە؟ ئایا پەككەوتنی سیستمی دەوڵەتە لەم ناوچەیەدا، یاخود هۆكارەكە بۆ دەستتێوەردانی هێزە دەرەكییەكان دەگەڕێتەوە؟**

- بە تێڕوانینی من چەند هۆكارێك پێكەوە بەرپرسن لە خوڵقاندنی ئەم دۆخە، هەندێكیان پەیوەستن بە دۆخی ناوخۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، هەندێكی دیكەشیان هۆكاری

**لە ئێستادا دەكرێت بوترێت ئێران زۆرترین دەستكەوتی هەبووە لە شەڕی ناوخۆیی سووریادا و ئەوەش لەسەر پێگەی ئێران لە ناوچەكەدا رەنگیداوەتەوە**

**زەحمەتە وێنای ئەوە بکەین لە ئایندەیەکی نزیکدا سووریا ببێتەوە بە وڵاتێکی سەقامگیر. ئەوەی لە ئێستاشدا روونە ئەوەیە کە ئەسەد لە شەڕەکە رزگاری بووە، ئەویش بەهۆی دەستتێوەردانی رووسیا و ئێران و حزبوڵاوە بووە، بەڵام زەحمەتە ببینین کە ئەو رزگاربوونەوەی ئەسەد ببێتە هۆی گێڕانەوەی سەقامگیری و ئارامی بۆ سووریا**

دەرەکیین، کەواتە هەردوو هۆکارەکە رۆڵیان هەبووە لە هێنانەئارای ئەم رەوشەدا. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە رەوشی خراپی ئابووری هەندێ بەشی ئەم ناوچەیە بکەین کە سەریکێشاوە بۆ ناسەقامگیریی سیاسی، هەروەها دەتوانین باس لە سەرکردایەتی و حوکمڕانەکانی ئەم ناوچەیە بکەین کە زۆریان پەنایان بردۆتە بەر سەرکوتکاری بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا و کاریان لەسەر بەدەمەوەچوونی داخوازییەکانی خەڵک و باشترکردنی رەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری نەکردووە. ئەوەی پەیوەندی بە دەستتێوەردانی دەرەکیشەوە هەبێت، دەتوانین باس لە دەستتێوەردانی ئەمریکا و رووسیا و تا رادەیەکی کەمتر چین بکەین کە هەموویان لە دەرئەنجامدا بوونەتە هۆی دروستبوونی ناسەقامگیری. هەروەها —هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، ناکۆکیی درێژخایەنی ئیسرائیل و فەلەستینیش کە چارەسەرنەبوونی لە ئاسۆدا دەرنەکەوتووە، هۆکارێکی دیکەی ناسەقامگیرییە لەم ناوچەیەدا.

*** باشە ئەگەر تا ئێستا دەستتێوەردانە دەرەکییەکان لەم ناوچەیەدا رۆڵێکی سلبییان هەبووبێت و تەنیا ئاگری ناکۆکی و ناسەقامگیرییان خۆش کردبێت، ئایا ناکرێت ئەو هێزە دەرەکییانە رۆڵێکی ئیجابی و بنیادنەر ببینن لە زاڵبوون بەسەر زۆرێك لە تەحەددی و دژوارییەکانی ئەم ناوچەیەدا؟**

- من باوەڕم وایە کە هێزە دەرەکییەکانی وەك ئەمریکا و رووسیا بەرژەوەندیی جیاواز و ناکۆك بەیەکیان هەیە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەشتان بدەمەوە، ئەوا دەڵێم دەکرێت ئەمریکا و رووسیا ببنە هێزێکی بنیادنەر بۆ گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا ئەمە روونەداوە. بۆ نموونە رووسیا بەرژەوەندیگەلێکی روونی هەیە لە سووریادا و لە ئەنجامی تێوەگلانی لە شەڕی ناوخۆیی سووریاوە وەك هێزێکی دەستڕۆیشتوو لە ناوچەکەدا دەرکەوتووە. دواتر ئەم دەستتێوەردانەی رووسیا لە شەڕی ناوخۆیی سووریا بۆی هەیە ببێتەهۆی کۆتاییهێنان بەو شەڕە، بەڵام مەرج نییە کۆتاییهاتنی شەڕ بە مانای هاتنەئارای سەردەمی سەقامگیری بێت، یاخود با بڵێین بە دڵنیاییەوە نایێتەهۆی هێنانەئارای ئەو سەقامگیرییە بنیادنەرەی کە من ئومێدی بۆ دەخوازم. ئەوەی پەیوەست بێت بە رۆڵی ئەمریکاشەوە، ئەوا لە رووی مێژووییەوە ئەمریکا هەم رۆڵی وێرانکار و هەم رۆڵی بنیادنەری بینیوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها دەتوانم بڵێم کە ئەمریکا لەژێر سایەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا هیچ رۆڵێکی بنیاتنەر نابینێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** کەواتە ئایا پێتوایە ئەمریکا لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا پتر خۆی بە دوور دەگرێت لە دەستتێوەردان، یان کاریگەربوون بەسەر کاروبارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە؟ ئایا ئەمە لێکدانەوەیەکی دروستە بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە ئاستی ئەم ناوچەیەدا؟**

- ئەوەی دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە ئەمریکا دەستتێوەردانێکی راستەوخۆ و بەرفراوان ناکات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دواتر ئەگەر ئێمە بێین و لە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا ورد ببینەوە، ئەوا دەبینین ئەم سیاسەتە بە دوو ئاڕاستەدا کار دەکات، یەکێکیان لە هەندێ هەڵوێستدا بەرجەستە دەبێت، وەك بڕیاری گواستنەوەی باڵیۆزی ئەمریکا بۆ قودس، یان ناساندنی قودس وەك پایتەختی دەوڵەتی ئیسرائیل، کە ئەو راگەیاندن و پابەندبوونەی ئەمریکا گرنگییەکی زۆری هەبوو بۆ ئیسرائیل، بەڵام بە تێڕوانینی من ئەم هەنگاوە سەرناکێشێت بۆ پەرەسەندنێکی ئەرێنی و بنیادنەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەلایەکی دیکەوە، بەم دواییە ئێمە بینیمان کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ریکس تیلیرسۆن رایگەیاند کە ئەمریکا هێزەکانی لە باکووری سووریا دەهێڵێتەوە و جێی ناهێڵێت، ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی دیکە کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ناکۆکی بە دوای خۆیدا بهێنێت بۆ ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە ئەمە هەنگاوێکە تەواو پێچەوانەی ئەوەیە کە تورکیا خوازیاری بوو. هەروەها دەبێت چاوەڕوان بین و بزانین ئایا تا چەند ئەمریکا پابەندە بە بەکارهێنانی هێزی سەربازیی خۆیەوە بۆ پاراستنی کانتۆنە کوردییەکەی باکووری سووریا لە دژی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تورکیا.

**وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ریکس تیلیرسۆن رایگەیاند کە ئەمریکا هێزەکانی لە باکووری سووریا دەهێڵێتەوە و جێی ناهێڵێت، ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی دیکە کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ناکۆکی بە دوای خۆیدا بهێنێت بۆ ئەمریکا لە رۆژهەڵات ناوەڕاستدا، چونکە ئەمە هەنگاوێکە تەواو پێچەوانەی ئەوەیە کە تورکیا خوازیاری بوو**

*** باشە ئێمە دەزانین کە چەندین دەستتێوەردانی ئیقلیمی و جیهانی لە سووریادا هەیە، چەندین وڵاتی وەك ئەمریکا و رووسیا و ئێران دەستتێوەردانیان لەو وڵاتەدا کردوە، هەروەها تورکیا کە لە ئێستادا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی دژی عەفرین دەست پێکردوە، ئایا ئێوە لەبەر رۆشنایی ئەو هەموو دەستتێوەردانانەدا ئایندەی ئەم وڵاتە چۆن دەبینن؟**

- ئەوەی من پێشبینی دەکەم، درێژەکێشانی ناسەقامگیرییە لەو وڵاتەدا، چونکە تەنانەت ئەگەر شەڕەکەش کۆتایی پێ بێت، ئەوا ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە سەقامگیری لە سووریادا بەدی دێت، چونکە ئێمە دەزانین سووریا بۆتە وڵاتێکی وێران، وێران لە رووی ژێرخانەوە، وێران لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە. کەواتە زەحمەتە بۆ من وێنای ئەوە بکەم کە لە ئایندەیەکی نزیکدا سووریا ببێتەوە بە وڵاتێکی سەقامگیر. ئەوەی لە ئێستاشدا روونە ئەوەیە کە ئەسەد لە شەڕەکە رزگاری بوو، ئەویش بەهۆی دەستتێوەردانی رووسیا و ئێران و حزبوڵاوە بووە، بەڵام زەحمەتە ببینین کە ئەو رزگاربوونەوەی ئەسەد ببێتەهۆی گێڕانەوەی سەقامگیری و ئارامی بۆ سووریا.

*** ئەی چۆن لە نیگەرانییەکانی ئیسرائیل دەڕوانیت لەبارەی بوونی چەند میلیشاییەکی شیعەوە لە نزیك سنوورەکانی ئیسرائیل کە ئاشکراشە ئەوانە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانییان لێدەکرێت و ئێوەش دەزانن کە ئێران و ئیسرائیلیش یەکتری بە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر خۆیان دەزانن؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە هۆکارێکی سەرەکیی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی ئیسرائیلە، هەروەها دەتوانین بڵێین کە شەڕی سووریا بارگرژییەکانی نێوان ئێران و حزبوڵای لەگەڵ ئیسرائیل زەقکردەوە و لە راستیدا بووە هۆی بەهێزبوونی پێگەی ئێران و حزبوڵا لە ئاست ئیسرائیلدا. کەواتە راستە کە دۆخی ئێستای سووریا و بەهێزبوونی حزبوڵا سەرچاوەی نیگەرانییەکی گەورەیە بۆ ئیسرائیل.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین ئێران براوەی سەرەکیی شەڕی ناوخۆیی سووریایە؟**

- پێم وایە لە ئێستادا دەکرێت بوترێت ئێران زۆرترین دەستکەوتی هەبووە لە شەڕی ناوخۆیی سووریادا و ئەوەش لەسەر پێگەی ئێران لە ناوچەکەدا رەنگیدەداتەوە، هەروەها ئەوەی جێی بایەخە ئەوەیە کە ئایا چۆن رووسیا و ئێران کار لەگەڵ یەکتردا دەکەن لە سووریادا. هەرچۆنێك بێت، بە دڵنیاییەوە ئێران زۆرترین سوودمەند بووە لە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا و بە رادەیەکی گەورە ئێران بۆتە گەمەکارێکی گەورەی ئیقلیمی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی پێموایە قەیرانی سووریا بووە هۆی ئەوەی ئێران بەهێزتر بێت بە بەراورد بە رابردوو، هاوپەیمانەکانی ئەمریکاش لە ناوچەکەدا، وەك وڵاتی سعودیە، ئەدایەکی لاوازیان هەبووە لە ئاست ئێراندا.

*** ئێوە باسی کارکردنی رووسیا و ئێرانتان کرد لە سووریادا، ئایا پێتوایە ئەمریکا بتوانێت بە چەشنێك کار بکات کە ببێتەهۆی دوورخستنەوەی ئێران و رووسیا لە یەکتری؟**

- لە راستیدا ئەگەر بتوانێت ئەم کارە بکات، ئەوا دەبێت لە رێی هەوڵ و کۆششە دیپلۆماسییەکانەوە بیکات، چونکە باوەڕم وانییە لە رووی سەربازییەوە بتوانێت کارێکی لەم چەشنە بکات، لەبەر ئەوەی پێموانییە ئەمریکا ئامادە بێت هێزی سەربازیی زیاتر لە سووریادا بڵاو بکاتەوە.

*** ئاماژەت بەوە رۆڵی یەکلاکەرەوەی رووسیا کرد لە شەڕی سووریادا، کەواتە ئایا دەتوانین بڵێین لە رووی سیاسیشەوە رووسیا رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە لە گەیشتن بە هەر رێککەوتنێك بۆ چارەسەرکردنی دۆخی وڵاتی سووریا؟**

- ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە رووسیا خۆی دۆخێکی دروست کردووە کە ئەم رۆڵەی هەبێت، واتە رۆڵی رووسیا گرنگ بووە بۆ مانەوەی رژێمی ئەسەد لە دەسەڵات. کەواتە ئەم دەستتێوەردانەی رووسیا ئەم ئاکامەی لێکەوتۆتەوە، چونکە ٤ بۆ ٥ ساڵ پێش ئێستا رووسیا ئەم پێگەیەی نەبووە، بەڵام ئێستا توانیویەتی ببێتە هێزێك کە بتوانێت ببێتە میانگیرێك بۆ هێنانەئارای سەقامگیری لە سووریادا، ئەمەش لە بەشێکیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمریکا بایەخی نەداوە بە مومارەسەکردنی رۆڵی خۆی لەو وڵاتەدا.

**لە رووی مێژووییەوە ئەمریکا هەم رۆڵی وێرانکار و هەم رۆڵی بنیادنەری بینیوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەژێر سایەی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپیش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هیچ رۆڵێکی بنیادنەر نابینێت**

**سەرکردایەتی و حوکمڕانەکانی ئەم ناوچەیە زۆریان پەنایان بردۆتە بەر سەرکوتکاری بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا و کاریان لەسەر بەدەمەوەچوونی داخوازییەکانی خەڵک و باشترکردنی رەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری نەکردووە**



خەسرۆ گۆران

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بۆ گوڵان:

# کە بایکۆتی پرۆسەی سیاسیمان نەکرد، دەبوو بە یەک لیست بەشداریی هەڵبژاردنەکانمان بکردایە

## دەبێت کارکردنمان لە عێراقدا لەسەر بنەمای هاوبەشیی نێوان دوو نەتەوەو پابەندبوون بە دەستوورەوە بێت

**دوای یەکلابوونەوەی پرسی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق و دیاریکردنی وادەیەك بۆ ئەو هەڵبژاردنانە، پرسی بەشداریکردنی لیستە کوردستانییەکان قسە و باس و مشتومڕ و پرسیاری زۆر هەڵدەگرێت، ئایا چەند پێویست بوو کورد بە یەك لیستی هاوبەش بەشداری بکردایە، کە نەکراوە، ئایا ئەمە چەند زیان بە دەنگ و پێگەی کورد دەگەیەنێت و ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان، کە وەك هەڵوێستێکی سیاسی بڕیاری بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی کەرکووك و دوزخورماتووی داوە، چۆن لەو هەڵبژاردنانە دەڕوانێت و چۆن ئامادەکاری بۆ کردوون، هەموو ئەمانە و چەند پرسێکی دیکە بوونە تەوەری دیمانەیەکی گوڵان لەگەڵ خەسرەو گۆران بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لێرەدا پوختەکەی دەخەینەڕوو.**

*** پارتی دیموکراتی کوردستان بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداریی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکات؛ پرسیار ئەوەیە بۆچی هەموو هێزە کوردستانییەکان بە یەك لیست بەشداریی هەڵبژاردنەکانی عێراق ناکەن، ئایا بۆ ئەم بارودۆخە ئەگەر هەموو هێزە کوردستانییەکان پێکەوە بوونایە سەنگ و قورسایی کوردستان زیاتر نەدەبوو؟**

- وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان پێمان خۆشە هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەیەك لیست لەهەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراقدا بەشدار بن، بەتایبەتی دوای ئەو ڕووداوانەی لە دوای ٢٠١٤/٤/٣٠ کە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بوو، ڕوویانداوە، ئەوە بوو لەدوای دوو مانگ لە بەرواری ئەو هەڵبژاردنە داعش هات و زۆربەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی داگیرکرد، دواتر نەناردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بەردەوامیی پێدرا، ئێمە وتمان بە ڕۆیشتنی مالیکی و هاتنی عەبادی ئەم حاڵەتە بەردەوام نابێت و چارەسەری نەناردنی بەشە بودجەی هەرێم دەکرێت، بۆیە بە گەرمی پێشوازیمان لێکردو چەندین شاندی کوردستانی سەردانی کرد، بەڵام عەبادی-یش درێژەی بە دۆخی پێشوو دا. دواتر لەدوای کۆتاییهاتنی داعش، قۆناغی داگیرکردنی کەرکووك و دوزخورماتوو و ناوچەکانی دیکە هات، بەوەش پرۆسەی تەعریب و کوشتن و دەرکردن و تەقاندنەوە و سووتاندنی ماڵ و حاڵی خەڵك دەستی پێکرد، دواتر کەمکردنەوەی بەشە بودجەی کوردستان لە ١٧٪ بۆ ١٢,٦٧٪ ی بەدوادا هات. هەر بۆیە پێمان باش بوو هەموو لیستە کوردستانییەکان، یان بایکۆتی بەغدا بکەین بۆ ئەوەی ببێتە هەڵوێستێکی توندی سیاسی لەبەرامبەر هەڵوێستە نامرۆییەکانی بەغدا، بێگومان ئەمەش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی دەبوو، واتە دەمانتوانی پێداگری بکەین و رایبگەیەنین کە تاوەکو بارودۆخی کەرکووك و ناوچەکانی دیکە ئاسایی نەکرێتەوە و تاوەکو پێشێلکاریی دەستووری و بڕینی قووتی خەڵك بەردەوام بێت، ئێمەی کورد بەشداری ناکەین لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا. بەڵام لایەنەکانی دیکە هەر زوو چوون سەردانی بەغدایان کردو ڕایانگەیاند کە بەشداریی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکەن، بۆیە پارتی بەتەنیا ناتوانێت بایکۆتی هەڵبژاردنی عێراق بکات، چونکە لایەنەکانی دیکە کورسییەکانی پارتیش لە بەغدا بۆ خۆیان دەبەن، بەمەش پارتی زیانی بەردەکەوێت. بەڵام کاتێك ئەوان سووربوون لەسەر بەشداریکردن، ئێمە پێمان وتن ئەگەر پێداگری دەکەن، ئەوا با بە یەك لیست بەشداری بکەین، پێمان وتن با وەکو ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٤ هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەیەك لیست بەناوی هاوپەیمانی کوردستانی بچینە پەرلەمانی بەغداو یەکهەڵوێست بین. بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون، تەنانەت هەر زوو هەرسێ لایەنەکە-هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەردی و کۆمەڵ و گۆڕان هاوپەیمانێتییان بۆ هەڵبژاردنەکانی کەرکووك و شوێنەکانی دیکە دروست کرد، ئەوە بوو ئێمە وتمان کە ئەوان هاوپەیمانێتییەکیان دروست کردووە، با ئەو حزبانەی دیکە لیستێکی هاوبەش دروست بکەن، بەڵام ئەمەش ڕێك نەکەوت. ئەوە بوو پارتی ناچار بوو بە یەك لیستی سەربەخۆ بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکات.

*** سەبارەت بە پرسی کەرکووك دیارە سەرکردایەتی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری داوە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کەرکووك بکات، ئایا ئەم بڕیارەی سەرکردایەتی گەرمیان بووەتە بڕیاری پارتی دیموکراتی کوردستان یاخود نا، ئایا بۆچی تەنیا ئەم بڕیارە بۆ کەرکووك دراوە؟**

**لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٤/٤/٣٠ کە چووینە بەغدا سازشی زۆرمان بۆ لایەنە سیاسییەکانی تری کوردستان کرد، تاوەکو کورد بە یەکڕیزی و یەکماڵ دەربکەوێت، چونکە لەکاتێکدا ئێمە ٢٩ کورسیمان هەبوو، لایەنێکی وەکو گۆڕان تەنیا ٩ کورسی هەبوو، بەڵام هێندەی یەک پۆستمان وەرگرت، ئێمە جێگری سەرۆک وەزیرانمان هەبوو، ئەوان جێگری سەرۆکی پەرلەمانیان پێدرا، ئێمە یەک وەزیرمان هەبوو، ئەوانیش وەزیرێکیان هەبوو. لەکاتێکدا ئێمە ٢٠ کورسیمان لەوان زیاتر بوو**

**بە درێژایی مێژوو پارتی دیموکراتی کوردستان قوربانییەکی زۆری داوە لە پێناو پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، لە پێناو یەکخستنی ماڵی کورد و لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان، ئەوە بوو هەمو لایەنە عێراقییەکان کەوتنە دوژمنایەتیکردنی، لەکاتێکدا لایەنەکانی دیکە دەچنە بەغدا و پاکانە دەکەن و دەڵێن ئێمە ریفراندۆممان ئەنجام نەداوە و لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان نین و ئێمە یەکپارچەیی خاکی عێراقمان دەوێت**

- پارتی دیموکراتی کوردستان وەك وەرگرتنی هەڵوێستێکی سیاسی بڕیاریداوە لە کەرکووك و دوزخورماتوو بەشداری هەڵبژاردن نەکات، چونکە ماڵی خەڵك تالان کراوە و سووتێنراوە و ئاسایش لەم شوێنانە نەماوە و پارێزگار و قایمقام و ئەنجومەنی پارێزگا نەماوە و پرۆسەی تەعریب بەڕێوەدەچێت و زەوی بەسەر عەرەبدا دابەش دەکرێت. بۆیە وەك هەڵوێستێکی سیاسی بڕیاری بایکۆتی هەڵبژاردنی ئەو شوێنانەمان داوە.

*** بەڵام بڕیارتان داوە لە خانەقین بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، ئەمە لە کاتێکدا کە لقی ١٥ی پارتی لەوێ نەماوە، ئایا ئەگەر لق و ڕێکخستنەکانی پارتی لەوێ نەمابێت، پلانی هەڵبژاردنتان چییە بۆ چۆنیەتی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی خانەقین؟**

- لە ڕاستیدا دۆخی خانەقین جیاوازی لەگەڵ ڕەوشی کەرکووك و دوزخورماتوو هەیە، چونکە خەڵکی خانەقین ئاوارە نەبووە، جەماوەری ئێمە لە شوێنی خۆیان ماون و ڕێکخستنەکانمان ماوە، لقی حزبیشیمان لە خانەقین نەبێت، لە کەلار و لە نزیك خانەقین هەیە.

*** لەسەر ئاستی هەڵبژاردنەکانی عێراق هەموو کات دەنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان نزیکەی نیوەی هەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی بەغدا بووە، ئایا مەزەندەی ئێوە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگەکانی خۆی بەدەست دەهێنێتەوە، بەتایبەتی کە بەشی زۆری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بارودۆخیان گۆڕاوە لەوانەیە خەڵکی ئەو ناوچانە نەتوانن بە ئازادی دەنگ بدەن؟**

- بەدڵنیاییەوە هەموو لایەنە سیاسییەکان ئەو دەنگانەی جاران ناهێننەوە، چونکە بەشێکی زۆری هەرێمی کوردستان داگیرکراوە، لەو شوێنە داگیرکراوانەش خەڵکی ناتوانن بە ئازادی بەشداری لە پرۆسەی دەنگدان بکەن، چونکە کە ڕێکخستن و بارەگا حزبییەکان لەو شوێنانە نەبێت، ئیتر چۆن هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدەین؟ لێرەدا پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە ئەگەر کورسییەك کەمتر یان زیاتر لە بەغدا بهێنین، ئەوا ئەمە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. چونکە بوونی ئێمە لەبەغدا بوونێکە لەسەر بنەمای هاوبەشی دامەزراوە و وەکو کوردو عەرەب ئێمە لە بەغداین، ئەگەر بە کورسی بێت ئێمە بەهەموو ئەندام پەرلەمانە کوردستانییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران خاوەنی ٦٥ کورسین کە ناکاتە لە ٢٠٪ی ڕێژەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق، بۆیە ئەگەر کورد لە ١٨٪ یاخود لە ٢٠٪ یاخود لە ٢٢٪ی کورسییەکانمان بەدەستەوە بێت، هیچ لەبابەتەکە ناگۆڕێت، چونکە بابەتەکە کەمینەو زۆرینە نییە، ئەگەر وابێت ئێمە هەمیشە کەمینەین، کەوابێت هاوبەشیی ئێمە لە عێراقدا هاوبەشیی نێوان دوو نەتەوەیە و هاوبەشییە لەسەر بنەمای دەستوور. تەنانەت لە دوای ڕووخانی سەددام حوسێن و تا داگیرکردنی کەرکووك و ناوچەکانی دیکە، حکومەتیش لەبەغدا بەهاوبەشی و ڕێککەوتن پێکهاتووە، لەکاتێکدا ئەگەر بە کەمینەو زۆرینە بێت، ئەوا ئێمە هەرگیز ناتوانین هیچ شتێك لە پەرلەمانی عێراق تێپەڕ بکەین.

*** لایەنێکی دیکە کە زۆر گرنگە پرسی هەڵبژاردنە لە شنگال، وەك دەزانن شنگال هەموو کاتێك قورسایی دەنگەکانی پارتی بووە لەو ناوچەیە، ئێستا شنگالیش وەکو ناوچەکانی دیکەی کوردستان داگیرکراوەتەوە، ئایا پلانتان بۆ دەنگەکانی شنگال چییە؟**

- جارێ با ئەوە بڵێین کە زیاتر لە ٩٠٪ی خەڵکی شنگال ئاوارەی کوردستان بووە، نەك بە تەنیا ئێزیدییەکان، بەشێکی زۆری کوردی موسڵمان و پێکهاتەکانی دیکەی خەڵکی شەنگال و زومار ئاوارەی شارەکانی کوردستان بوون و لە ٢١ کەمپدا لە پارێزگای دهۆك نیشتەجێبوون و ئەوانەی دیکەشیان لە شار و شارۆچکەکاندا لەناو شوقەو خانووی کرێدان، بۆیە ئێمە بڕیارمان داوە کە بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنەکانی موسڵ، چونکە بۆ پرۆسەی دەنگدان سندوقەکانی دەنگدان لە کەمپەکان بۆ ئاوارەکان دادەنرێن و دەتوانن لەو شوێنانە دەنگ بدەن.

*** سەبارەت بە کوردانی ئێزیدی دیارە ئێستا دەستێوەردانێکی زۆر لەناو کوردانی ئێزیدی کراوە باس لەوە دەکرێت بە چوار لیستی جیاواز بەشداری هەڵبژاردن دەکەن، ئایا تاچەند بوونی هەموو ئەو لیستە لەناو کوردانی ئێزیدی دەنگەکانیان دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئەو دەنگانە پەرش و بڵاو بکاتەوە؟**

- منیش لەگەڵ بۆچوونەکەی ئێوەدام، ئەمە شوێنەواری هاتنی سوپا و حەشدە بۆ ئەم ناوچانە کە دەیانەوێت لیستی سەربەخۆ دروست بکەن، دەیانەوێت لیستی سەر بەحەشدی شەعبی و لایەنە سیاسییەکانی سەر بە دەسەڵاتدارانی بەغدا دروست بکەن، پێشتر لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ئەم دیاردەیە

لەناو ئێزیدی و شنگال نەبوو، بەڵکو دوو حزبی سەرەکی کێبڕکێیان لەسەر کۆتای ئێزیدی دەکرد، ئەم حاڵەتە زۆر ئاسایی بوو، کەچی ئێستا لە بری دوو لیست بوونەتە چوار لیست، ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان لیستی سەربەخۆی خۆمان دەبێت و خوشك و برایانی ئێزیدی لەناو لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان کاندیدیان دەبێت.

*** هەر سەبارەت بە قەوارەی کوردانی ئێزیدی لە هەڵبژاردنەکاندا دیارە ئەوان لەسەر ئاستی عێراق کۆتایان هەیە، هەموو جارێکیش کۆتای ئێزیدییەکان بۆ بەرژەوەندیی پارتی نەبووە، ئایا پارتی چەند کاندیدی ئێزیدی دەبێت؟**

- کوردانی ئێزیدی تەنیا لە شنگال نین، بەڵکو لە دهۆك و شێخان و باشیك و چەندین ناوچەی دیکە کوردانی ئێزیدی بوونیان هەیە، لەبەر ئەوە لە هەر شوێنێکی خوشك و برا ئێزیدیەکانمانی لێبێت، ئەوا بۆ پەرلەمانی عێراق کاندیدیان دەبێت.

*** پرۆسەی دەستنیشانکردنی کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەکوێ گەیشتووە؟ ئایا بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدەکان پشتتان بەچ بنەمایەك بەستووە؟**

- هەموو لایەنێکی سیاسی خوازیارە باشترین کاندید دیاری بکات بۆ ئەوەی لە پەرلەمان باشترین پەرلەمانتاری لێ دەربچێت، چونکە کاری پەرلەمانی کارێکی ئاسان نییە و پسپۆڕی دەوێت لە بوارەکاندا، لە پەرلەمانی عێراق ٢٦ تا ٢٧ لیژنەی پەرلەمانی هەمیشەیی و ئاڵۆز هەیە، بۆ هەر یەکێك لەو لیژنانە پسپۆڕێکت دەوێت، بۆ نموونە خۆ نابێت کەسێکی ئاسایی لە لیژنەی یاسایی پەرلەمان دابنێیت، لەکاتێکدا لایەنەکانی دیکە کەسی شارەزاو پسپۆڕیان هەبێت، خۆ دەبێت تۆش لەو ئاستەدا پسپۆڕو شارەزای خۆتت هەبێت، کە بتوانێت بەرگری لەخواست و داواکارییەکانی گەلی کوردستان بکات، سەبارەت بە لیژنەکانی دیکەش هەروایە، بۆ نموونە لە لیژنەی دارایی و دانانی بودجە دەبێت پەرلەمانتاری پسپۆڕ و شارەزات هەبێت کە شارەزایی لە وردەکارییەکانی دارایی و ژمارەکانی هەبێت و بۆ لیژنەکانی ئەمن و ئاسایش و و تەندروستیش دەبێت پسپۆڕی ئەو بوارەت هەبێت، هەربۆیە بە بڕوای من بۆ دەستنیشانکردنی هەر کاندیدێك پێویستە کەسەکە پسپۆڕ بێت، هەروەها دەبێت بە باشترین شێوە زمانی عەرەبی بزانێت، بە هەمان شێوە ئێمە چەندین پێوەری دیکەمان هەیە کە کاری حزبییەو بۆ ڕاگەیاندنەکانی ناخەمەڕوو، بەڵام داوامان لە لق و ناوچە و ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە بۆ ئەوەی کاندیدەکانمان بۆ بنێرن و بەپێی کۆمەڵێك پێوەر هەڵیان دەبژێرن، ئێمەش بۆ سەرووی خۆمان بەرزی دەکەینەوە و لیژنەی پسپۆڕی هەڵبژاردن هەڵسەنگاندن بۆ ناوەکان دەکات و بەپێی ئەو پێوەرانە بڕیاری لەسەر دەدرێت.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان لە زۆربەی قۆناغە مێژووییەکاندا بەهۆی هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی باجی قورسی داوەتەوە، بەتایبەتی ئەوەی دوای ریفراندۆم و ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕوویاندا، پرسیار ئەوەیە ئایا پێتوانییە کوردستانییەکان ئەم هەڵوێستە نیشتمانییەیان لەبەرچاو دەبێت و ژمارەی دەنگەکانمان زیاد دەکات؟**

هێشتا زووە باس لەئەنجامی هەڵبژاردنەکان بکەین، هەرچەندە ئومێدەوارین وابێت، چونکە ڕاستە بە درێژایی مێژوو پارتی دیموکراتی کوردستان قوربانییەکی زۆری داوە لە پێناو پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، لە پێناو یەکخستنی ماڵی کورد و لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان، ئەوە بوو هەمو لایەنە عێراقییەکان کەوتنە دوژمنایەتیکردنی، لەکاتێکدا لایەنەکانی دیکە دەچنە بەغدا و پاکانە دەکەن و دەڵێن ئێمە ریفراندۆممان ئەنجام نەداوە و لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان نین و ئێمە یەکپارچەیی خاکی عێراقمان دەوێت. دەڵێن ئەوە پارتییە کە ریفراندۆمی کردو پارتییە لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندایە، ئەم حزب و گرووپ و تاقمانە چی دەڵێن با بیڵێن، پارتی شانازی بەو هەڵوێستانەوە دەکات و ئەمە مێژوویەکی پڕسەروەرییە بۆ پارتی. هەروەها ئێمە لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٤/٤/٣٠ کە چووینە بەغدا سازشی زۆرمان بۆ لایەنە سیاسییەکانی تری کوردستان کرد، تاوەکو کورد بە یەکڕیزی و یەکماڵ دەربکەوێت، چونکە لە کاتێکدا ئێمە ٢٩ کورسیمان هەبوو، لایەنێکی وەکو گۆڕان تەنیا ٩ کورسی هەبوو، بەڵام هێندەی یەك پۆستمان وەرگرت، ئێمە جێگری سەرۆك وەزیرانمان هەبوو، ئەوان جێگری سەرۆکی پەرلەمانیان پێدرا، ئێمە یەك وەزیرمان هەبوو، ئەوانیش وەزیرێکیان هەبوو. لەکاتێکدا ئێمە ٢٠ کورسیمان لەوان زیاتر بوو. بەڵام ئەوان هەرگیز پێزانینیان نەبوو بۆ قوربانییەکانی پارتی لەبەرامبەر هەڵوێستە نیشتیمانییەکانی. هەربۆیە ئەمجارە ئومێدمان زۆرە جەماوەری ئێمەو خەڵکی کوردستان ئەم ڕاستییانە بزانن و بزانن کە هەموو کاتێك پارتی سەمامی ئەمانی کوردستان بووە.

**وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان لیستی سەربەخۆی خۆمان دەبێت و خوشک و برایانی ئێزیدی لەناو لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان کاندیدیان دەبێت**

**زیاتر لە ٩٠٪ی خەڵکی شنگال ئاوارەی کوردستان بووە، نەک بە تەنیا ئێزیدییەکان، بەشێکی زۆری کوردی موسڵمان و پێکهاتەکانی دیکەی خەڵکی شەنگال و زومار ئاوارەی شارەکانی کوردستان بوون و لە ٢١ کەمپدا لە پارێزگای دهۆک نیشتەجێبوون و ئەوانەی دیکەشیان لە شار و شارۆچکەکاندا لەناو شوقەو خانووی کرێدان**

**هەموو لایەنە سیاسییەکان ئەو دەنگانەی جاران ناهێننەوە، چونکە بەشێکی زۆری هەرێمی کوردستان داگیرکراوە، لەو شوێنە داگیرکراوانەش خەڵکی ناتوانن بە ئازادی بەشداری لە پرۆسەی دەنگدان بکەن**

**پارتی دیموکراتی کوردستان وەک وەرگرتنی هەڵوێستێکی سیاسی بڕیاریداوە لە کەرکووک و دوزخورماتوو بەشداری هەڵبژاردن نەکات، چونکە ماڵی خەڵک تاڵان کراوە و سووتێنراوە و ئاسایش لەم شوێنانە نەماوە و پارێزگار و قایمقام و ئەنجومەنی پارێزگار نەماوە و پرۆسەی تەعریب بەڕێوەدەچێت و زەوی بەسەر عەرەبدا دابەش دەکرێت**



یانیس ستیڤاچتیس
پڕۆفیسۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# ناجێگیریی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆتە هۆی ناسەقامگیرکردنی سیستمە نێودەوڵەتییەکە

**یانیس ستیڤاچتیس پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە بەشی زانستی سیاسی و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتییە لە زانکۆ و پەیمانگای پۆلەتەکنیکی ویلایەتی ڤێرجینیا، بۆ شرۆڤەکردنی باری ئێستای سیستمی نێودەوڵەتی و ڕەوشی ئاڵۆز و هەلومەرجی پڕ لە پشێویی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند کێشە و پرسێکی دیکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە تێڕوانین و بیروبۆچوونەکانی کرد.**

*** زۆر باس لەوە دەکرێت کە سیستمی نێودەوڵەتیی تووشی چەندین تەحەددی راستەقینە بۆتەوە و تا رادەیەکی زۆر پشێوی باڵی بەسەردا کێشاوە، راو بۆچوونی ئێوە چییە و ئایا گرنگترین و دیارترینی ئەو دژوارییانە چین کە ڕووبەڕووی ئەم سیستمە بوونەتەوە؟**

- بە بۆچوونی من زەحمەتە بتوانین لەم ساتەوەختەدا هەڵسەنگاندنێك بۆ سیستمی نێودەوڵەتی بکەین، ئەویش بەهۆی هەڵسوکەوتەکانی ئەمریکاوە، مەبەستم ئەوەیە ئەوە بۆ ساڵێك دەبێت کە ترەمپ جڵەوی سەرۆکایەتیی ئەمریکا گرتۆتە دەست، بەڵام هێشتا ڕوون نەبۆتەوە ئایا ڕەوتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات. چونکە لەلایەك پێدەچێت سەرۆك ترەمپ پتر بە ئاراستەی گۆشەگیریدا کاربکات، لەگەڵ کردنی ئەمریکا بە ئەولەوییەتی یەکەم، بەڵام لەلایەکی دیکەوە راوێژکارەکانی سەرۆك ترەمپ پتر کار بۆ گرتنەبەری ڕێگاچارەیەکی نێودەوڵەتی دەکەن و دەیانەوێت ئەمریکا پتر بەشدار بێت لە کاروبارەکانی جیهاندا. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە لە ئێستادا زەحمەتە ئێمە خوێندنەوە بۆ سیستمی نێودەوڵەتی بکەین، چونکە ڕوون نییە ئەمریکا بە چ ئاراستەیەکدا هەنگاو هەڵدەگرێت. بۆ نموونە لە ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەییدا کە بەم دواییە راگەیەنرا، پتر تەرکیز لەسەر کارلێکی نێوان هێزە مەزنەکان کرایەوە، واتە چین و ڕووسیا بە دوو دەوڵەتی سەرەکی لە قەڵەم دران کە تەحەددای ئەمریکا دەکەن، بەڵام چەند ڕۆژێك پێش ئێستا و ترەمپ لە وتارەکەیدا هەڕەشەی تیرۆریزمی وەك ئەولەوییەت لە قەڵەم دا. کەواتە هەروەك ئاماژەم پێکرد، ڕوون نییە ئەمریکا بە چ ئاراستەیەکدا کاردەکات و پێدەچێت ئەمریکا بۆ لەسەر بنەمای بارودۆخەکە ستراتیژیەتی کاردانەوە دابڕێژێت. هەروەها ئێمە دەبینین کە لە کاتێکدا سەرۆك ترەمپ لێدوانێك دەدات، ئەوا وەزیری دەرەوە لێدوانێکی تەواو پێچەوانە دەدات. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە سیستمی نێودەوڵەتی سەقامگیری بەخۆوە نابینێت لە کاتێکدا کە بەهێزترین کاراکتەر نەزانێت چی دەوێت و خوازیاری چییە. هەروەها ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسی هێزە مەزنەکان، ئەوا چین بەرەو ئەوە هەنگاو هەڵدەگرێت ببێتە هێزێکی جیهانی و تەحەددای ئەمریکا بکات، ڕووسیا کار بەو ئاراستەیەدا دەکات کە پارێزگاری لە پێگەی هێزی خۆی بکات.

*** کەواتە پێتوایە سەرەڕای هەڵکشانی هێزی چین و ڕووسیا، ئەوا هەنگاوهەڵگرتنی ئەمریکاش بە ئاراستەی گۆشەگیریدا خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە تەحەددییەکانی بەردەوامی سیستمی نێودەوڵەتی، ئایا ئەمە شرۆڤەیەکی دروستە؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە هەڵکشانی هێزی ڕووسیا و چینەوە هەبێت، ئەوا ئەمە لێکدانەوەیەکی دروستە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ئەمریکاوە هەبێت، ئەوا مەبەستی من ئەوەیە کە هێشتا ڕوون نییە ئایا ئەمریکا سیاسەتی گۆشەگیری دەگرێتەبەر، هەروەك ئەوەی سەرۆك ترەمپ خوازیارە، یاخود ڕێگاچارەیەکی نێودەوڵەتی پیادە دەکات، هەروەك ئەوەی راوێژکارەکانی دەیانەوێت. چونکە بە

**پێویستە ئەمریکا پارێزگاری لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکات کە لەگەڵ ئێراندا واژوو کراوە، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، چونکە بە کشانەوەی ئەمریکا لەم ڕێککەوتنە ئەوا ئێران بەرەو ئەوە دەڕوات ببێتە خاوەن هێزی ئەتۆمی، ئەو کاتەش وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش هەوڵێکی لەم چەشنە دەدەن**

تێڕوانینی راوێژکارەکانی ترەمپ و تیلێرسۆن، ئەگەر ئەمریکا گۆشەگیری هەڵبژێرێت، ئەوا ئەمە بۆشاییەك دروست دەكات لەسەر ئاستی جیهان کە هەردوو هێزەکەی دیکە- رووسیا و چین- هەڵدەستن بە پڕکردنەوەی، کە ئەمەش ناسەقامگیریی سیستمەکەی لێدەکەوێتەوە. کەواتە ئەوان دەیانەوێت ئەمریکا رێگاچارەی نێودەوڵەتی بگرێتەبەر، لە کاتێکدا ترەمپ- لەبەر ئەوەی قسە بۆ چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەی ئەمریکی دەکات کە پشتیوانی لێدەکەن- ئەوا پتر رێچکەیەکی ناسیۆنالیستی و کەنارگیرانە دەگرێتەبەر. کەواتە ناجێگیری لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا، نیشانەی پرسیار دەورووژێنێت لەبارەی سەقامگیریی سیستمی نێودەوڵەتییەوە. بۆ نموونە، سەرۆك ترەمپ رەخنەی لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا گرتووەو داوای لە کۆنگرێس کردووە رێکارێك بگرنەبەر لەم رووەوە، بەڵام کەس ئەوە روون ناکاتەوە ئایا دەقاودەق کێشەکە چییە.

*** کەواتە لە ئێستادا نادڵنیاییەکی زۆر هەیە لەبارەی ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە چ ئاراستە و ئاقارێکدا دەڕوات؟**

- دەقاودەق وایە، چونکە ئاراستەیەکی روون بەدی ناکەین لەم رووەوە.

*** بەڵام ئایا ئاکامەکانی ئەم نارِوونی و ناجێگیرییە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا چییە لەسەر ئاستی جیهان بە گشتی و لەسەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە، چونکە ناجێگیرییەك هەیە لەم رووەوە، لەبەر ئەوەی دۆناڵد ترەمپ لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا رایگەیاند کە هەر لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی دژ بە داعشدا، ئەوا ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووردەکەوێتەوە، بەڵام ئێستا راوێژکارەکانی پێیان راگەیاندووە کە ئەگەرچی ئێستا لە کۆتایی شەڕی داعشیش نزیك بوونەتەوە، ئەوا پێویستە سەربازەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بمێننەوە بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕێکی ئاشتییانە بێتەئاراوە. کەچی ترەمپ پێی زەحمەتە لەبەر رۆشنایی تێڕوانینی راوێژکارەکان رایبگەیەنێت پێویستە هەندێ لە سەربازەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە بمێننەوە بۆ ئەوەی پشتیوان بن بۆ هەوڵەکانی سەقامگیری، چونکە ترەمپ هەمیشە رایگەیاندووە و لێدوانی داوە کە ئەو خوازیاری ئەوەیە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکشێتەوە. کەواتە گوتار و لێدوانەکانی لەگەڵ ئەو راسپاردانە یەك ناگرنەوە کە راوێژکارەکانی پێی دەدەن، لەبەر ئەوە ئێمە نازانین چی روودەدات.

*** ئێوە لە ساڵی ٢٠١٥دا توێژینەوەیەکی تایبەتتان بۆ کۆلێژی جەنگی سوپای ئەمریکا نووسی بە ناونیشانی "** The State-Society/Citizen Relationship in Security Analysis: Implications Planning and Implementation of U.S. Intervention and Peace/State-Building operations **" و لەوێدا داوای ئەوە دەکەیت کە پێویستە رۆڵی سوپای ئەمریکا، یان ئەرکی ئەم سوپایە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، واتە نابێت ئەرکی ئەم سوپایە تەنیا لە بردنەوەی جەنگەکە لە گۆڕەپانی شەڕدا کورت بکرێتەوە، بەڵکو دەبێت بەشدار بن لە هەوڵەکانی سەقامگیرکردنەوە و بنیادنانی ئاشتی و بنیادنانی دەوڵەتدا، دەکرێت روونکردنەوەی زیاترمان لەم رووەوە پێبدەیت؟**

- من باسم لەوە کردووە کە نابێت هیچ کاتێك ئەمریکا هێزی سەربازی لە وڵاتێك، یان ناوچەیەك بەکار بهێنێت بە بێ لەبەرچاوگرتنی رەوشی سیاسی و ئابووری و کەلتووری ئەو وڵات و ناوچەیە، چونکە ئاسانە کە تۆ شەڕەکە ببەیتەوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەگەر ئەم کارە نەکەیت، ئەوا ئاشتیت لەدەست دەچێت. چونکە کاتێك دەچیتە وڵاتێکەوە و توانای ئەوەت نەبێت سەقامگیری بۆ بگەڕێنیتەوە، ئەوا ئەوەندەی کێشە دەخوڵقێنێت، ئەوەندە کێشە چارەسەر ناکات. کەواتە سەرەڕای بردنەوەی شەڕەکە پێویستە کار لەسەر تێگەیشتن لە کێشە سیاسییەکان و لە گرفتە ئابوورییەکان و تەنانەت لە پرسە کەلتوورییەکانیش بکرێت، واتە کار لەسەر تێگەیشتن بکرێت لەسەر ئەوەی خەڵکی چۆن بیر دەکەنەوە. چونکە خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەشنی ئەورووپای رۆژئاوا، یان خەڵکی ئەمریکا بیرناکەنەوە، لەبەر ئەوەی خەلفیەتێکی کەلتووری و مێژوویی جیاوازیان هەیە.

**ئەگەر دەوڵەتێکی نیمچە شکستخواردووت هەبێت، یان دەوڵەتێک بێت بە دەست ئاژاوەی ناوخۆییەوە بناڵێنێت، ئەوا راستەوخۆ سیستمە هەرێمایەتییەکە، و سیستمە نێودەوڵەتییەکەش ناسەقامگیر دەبێت**

**بە تێڕوانینی راوێژکارەکانی ترەمپ و تیلێرسۆن، ئەگەر ئەمریکا گۆشەگیری هەڵبژێرێت، ئەوا ئەمە بۆشاییەک دروست دەکات لەسەر ئاستی جیهان کە هەردوو هێزەکەی دیکە- رووسیا و چین- هەڵدەستن بە پڕکردنەوەی، کە ئەمەش ناسەقامگیری سیستمەکەی لێدەکەوێتەوە**

*** هەر لە پەیوەندی بەو توێژینەوەیەوە ئێوە باس لەوە دەکەن کە لەبەر ئەوەی سیستمی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای دەوڵەت دروست بووە، ئەوا سەقامگیریی نێودەوڵەتی پەیوەستە بە سەقامگیریی دەوڵەتەکانەوە، کەواتە پێتوایە دەوڵەتی لاواز و دەوڵەتی شکستخواردوو سەرەکیشن بۆ ناسەقامگیری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی؟**

- لە راستیدا ئەگەر دەوڵەتێکی نیمچە شکستخواردووت هەبێت، یان دەوڵەتێك بێت بە دەست ئاژاوەی ناوخۆییەوە بناڵێنێت، ئەوا راستەوخۆ سیستمە هەرێمایەتییەکە، و سیستمە نێودەوڵەتییەکەش ناسەقامگیر دەبێت، کەواتە پێویستە دەوڵەتێکی سەقامگیرت هەبێت، کە خاوەنی حکومەتێك بێت و بتوانێت بایەخ بە پێداویستییەکانی خەڵکەکەی بدات. بینیمان کە لە عێراق و ئەفغانستاندا ئەمریکا شەڕەکەی بردەوە، بەڵام دواتر چەندین کێشە هاتنەئاراوە، لەبەر ئەوە ئێمە پێویستمان بە ستراتیژیەتێکی درێژخایەن و دوورمەودا هەیە. کێشەکە ئەوەیە ئەمریکا لە روانگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی بیردەکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا هێنانەدی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی تەنیا بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی دروست نابێت.

*** بەڵام کێشەکە ئەوەیە دەوڵەتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناکاران و بەدەست ئاستێکی بەرزی توندوتیژی سیاسییەوە دەناڵێنن، ئەمە لە کاتێکدا پێناچێت ئیدارەی ترەمپ بایەخ بە پرسی بەرەوپێشبردنی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و بنیادنانی دەوڵەت بدات لەم ناوچەیەدا، ئایا ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە ئەم ناوچەیە لەبەردەم رۆژگارێکی دووردرێژی نائارامی و ناسەقامگیریدایە؟**

- من پێموایە کێشەکە ئەوەیە ئیدارەی ئەمریکا نازانێت دەقاودەق چی دەوێت لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا خوازیارە سەرجەم وڵاتانی ئەم ناوچەیە ببنە وڵاتگەلێکی دیموکراسی؟ بەڵام ئەگەر بمانەوێت دەوڵەتێك سەقامگیر بێت، ئەوا مەرج نییە ئەم ئامانجە لە رێی بە دیموکراتیکردنەوە بێتەدی. بۆ نموونە، ئەگەر تۆ لەبارەی دیموکراسییەوە پرسیار لە گەلانی ئەورووپای رۆژهەڵات بکەیت- ئەو گەلانەی پێشتر لەژێر کۆنترۆڵی یەکێتی سۆڤیەتدا بوون-، ئەوا وەڵامەکەیان ئەوە دەبێت کە پرسی دیموکراسی هێندە گرنگ نییە بە ئەندازەی پرسەکانی دیکە، وەك دەستەبەرکردنی سەلامەتی و خوڵقاندنی بارودۆخێکی باشی ئابووری. کەواتە راستە دیموکراسی بوونی هەیە لە وڵاتە رۆژئاواییەکان، یان ئەورووپییەکان، بەڵام بەو ئەندازەیەش گرنگ نییە لایان. لەبەر ئەوە مەرج نییە سەقامگیری لە دیموکراسییەوە سەرچاوە بگرێت و بێتەئاراوە. بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئایا ئەمریکا خوازیاری چییە، چونکە ئەگەر بڵێین ئەمریکا دەیەوێت دیموکراسی بێتەئاراوە، ئەوا ناکرێت پشتیوانی لە دەوڵەتە نادیموکراتییەکان بکات. کە ئەمە خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە کێشەکانی ئەمریکا.

*** باشە ئەگەر ئەمریکا بیەوێت رێگری لە سەرهەڵدان، یان تەشەنەکردنی شەڕ و ناکۆکییەکانی ئەم ناوچەیە بکات، بە تێڕوانینی ئێوە دەتوانێت چی بکات و پێویستە چی بکات؟**

- یەکەم شت پێویستە ئەمریکا پارێزگاری لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکات کە لەگەڵ ئێراندا واژوو کراوە، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، چونکە بە کشانەوەی ئەمریکا لەم رێککەوتنە ئەوا ئێران بەرەو ئەوە دەڕوات ببێتە خاوەن هێزی ئەتۆمی، ئەو کاتەش وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش هەوڵێکی لەم چەشنە دەدەن. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە پێویستە هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا هاوکار بن لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ناوچەکەدا، وەك هێزە ئەمنییەکانی عێراق نەك تەنیا بۆ ئیحتیواکردنی هەڕەشە و مەترسیی داعش، بەڵکو بۆ کۆتایی پێهێنان و لەناوبردنی. هەروەها پێویستە ئەمریکا هاوکاری هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە بکات بۆ ئەوەی گەشە بە ئابوورییەکانیان بدەن، چونکە بوونی ئابوورییەکی بەهێز زۆر گرنگە بۆ هاوڵاتییانی ئەو وڵاتانە. کەواتە دەبێت لە رووی داراییەوە پشتیوانی بۆ هەندێ وڵاتی ناوچەکە دەستەبەر بکرێت- من ناڵێم وڵاتانی وەك قەتەر و ئیمارات-. بەڵکو وڵاتێکی وەك عێراق یان سووریا کە هەر دەبێت جۆرێك لە ئاوەدانکردنەوە دەست پێبکرێت تێیاندا. کە من پێموایە پەرەپێدانی سیاسی پەیوەستە بە پەرەپێدانی ئابوورییەوە.

**لە کاتێکدا سەرۆک ترەمپ لێدوانێک دەدات، ئەوا وەزیری دەرەوە لێدوانێکی تەواو پێچەوانە دەدات. لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە سیستمی نێودەوڵەتی سەقامگیری بەخۆوە نابینێت لە کاتێکدا کە بەهێزترین کاراکتەر نەزانێت چی دەوێت و خوازیاری چییە**

**لە ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەییدا کە بەم دواییە راگەیەنرا، پتر تەرکیز لەسەر کارلێکی نێوان هێزە مەزنەکان کرایەوە، واتە چین و رووسیا بە دوو دەوڵەتی سەرەکی لە قەڵەم دران کە تەحەددای ئەمریکا دەکەن، بەڵام چەند رۆژێک پێش ئێستا و ترەمپ لە وتارەکەیدا هەڕەشەی تیرۆریزمی وەک ئەولەوییەت لە قەڵەم دا**

# هێزی بڕەری تیژ (Sharp Power) هەڕەشە لە هێزی نەرم (Soft Power) دەکات
## ڕێگای ڕاست و ڕێگای هەڵە بۆ وەڵامدانەوەی کاریگەریی ئەسۆریتاریان

**ڕاستە کرانەوەو دروستکردنی پانتایی لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا دەرفەت بۆ حکومەتە خۆسەپێنەکان دەڕەخسێنێت بۆ کەڵکوەرتن لە تەکنیکە کۆنەکانی شەڕی زانیاری. بەڵام کرانەوەش خۆی لە خۆیدا سەرچاوەیەکی سەرەکی توانای دیموکراسیەتەکانە بۆ سەرنجڕاکێشان و قەناعەتپێهێنان**

واشنتۆن دەست و پەنجە لەگەڵ دەستەواژەیەکی نوێدا نەرم دەکات کە وەسفی هەڕەشەیەکی کۆن دەکات. «هێزی بڕەری تیژ Sharp Power» دەستەواژەیەکە کە لەلایەن (کریستۆفەر ۆلکەر و جێسیکا لەدویگ)ـەوە – لە دامەزراوەی نەتەوەیی بۆ دیموکراسی- (لە راپۆرتێکی دوورو درێژدا کە لە سایتی فۆرن ئەفێرزدا بڵاویان کردەوە)، ئاماژەی پێکراوە و پەیوەستە بە شەڕی زانیارییەوە کە لەلایەن دەسەڵاتە خۆسەپێنەکانی ئەم رۆژگارەوە هەڵگیرسێنراوە، بە تایبەتی چین و رووسیا. لە ماوەی دەیەی رابردوودا، پەکین و مۆسکۆ دەیان ملیار دۆلاریان خەرج کردووە بۆ دارشتنی تێڕوانین و رەفتاری گشتی لە جیهاندا- بە بەکارهێنانی ئامرازی کۆن و نوێ و بە کەڵکوەرگرتن لەو نابەرامبەرییەی پەیوەستە بە رەخساندنی پانتاییەوە کە بوونی هەیە لە نێوان سیستمە سنووردارکەرەکان و کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا. کە کاریگەرییەکی جیهانیشی لێکەوتۆتەوە، بەڵام لە ئەمریکادا سەرنجەکان لەسەر دەستتێوەردانی رووسیا لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ساڵی ٢٠١٦ و لەسەر هەوڵەکانی چین بۆ کۆنترۆڵکردنی گفتوگۆکانی پەیوەست بە پرسە هەستیارەکانی نێو بڵاوکراوە و فیلمە سینەماییەکان و پۆلەکانی خوێندنی ئەمریکا، چڕ کراونەتەوە.

لە راپۆرتەکەی دامەزراوەی نەتەوەیی بۆ دیموکراسیدا، ۆلکەر و لەدویگ مشتومڕی ئەوە دەکەن کە پێویستە بەرفراوانبوون و چڕبوونەوەی هێزی بڕەری تیژی چین و رووسیا ببێتەهۆی ئەوەی سیاسەتمەدارانی ئەمریکا و دیموکراسییەکانی دیکە دووبارە بیر لە ئامرازەکانی وەڵامدانەوە بکەنەوە. ئەوان هێزی بڕەری تیژ کە «ژینگەی سیاسی و زانیاری وڵاتە بە ئامانجگیراوەکان دەبڕن و تێیاندا رۆدەچن» وەك پێچەوانەی «هێزی نەرم» بەراورد دەکەن، کە ئەمەی دووەمیان لایەنە سەرنجڕاکێشەکانی کەلتوور و بەهاکان دەخاتە خزمەت بەهێزکردنی پێگەی وڵاتەکەوە. هەروەها ئەوان باس لەوە دەکەن کە پێویستە دیموکراسیەتەکان نەك تەنیا «خۆیان بپارێزن لە کاریگەری زیانبەخشی خۆسەپێنی، بەڵکو دەبێت هەڵوێستێکی سەختگیرتر بگرنەبەر لە پێناوی پرەنسیپەکانیاندا.

لە ئێستادا، ئەو تەحەددییەی کە شەڕی زانیاری چینی و رووسی دروستی کردووە، تەحەددیەکی راستەقینەیە. بەڵام بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەددییە، نابێت حکومەت و کۆمەڵگە دیموکراتییەکان هەوڵبدەن هەمان ئەو رێچکەیە بگرنەبەر کە رکابەرەکانیان بەکاری دەهێنن. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە پێویستە وریا بن و کاردانەوەیەکی زیاد لە پێویستیان نەبێت لە ئاست هێزی بڕەری تیژدا بە چەشنێك کە ببێتەهۆی زیانگەیاندن بە لایەنە سوودبەخشەکانی خۆیان. تەنانەت لەم رۆژگارەشدا ئەو لایەنە سوودبەخشانە لە هێزی نەرمەوە سەرچاوە دەگرن.

### ● هێزی درێژخایەنی هێزی نەرم

لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، هێزی نەرم (ئەو چەمکەی بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٠دا و لە کتێبێکدا بەکارم هێنا) بریتییە لەوەی بتوانیت لە رێی کەمەندکێشکردن و قەناعەتپێهێنانەوە نەك لە رێی هێزی زبرو ناچارکردن و پێدانی داراییەوە، کاریگەریی لەسەر بەرامبەرەکەت دروست بکەیت. بەڵام هێزی نەرم بە دەگمەن بۆ خۆی بە تەنیا بەسە. بەڵام کاتێك هاوشان بە هێزی زبر بەکار دەهێنرێت، ئەوا گوڕ



## نووسینی: جۆزێف نای

**له سایتی فۆرن ئەفێرزدا بڵاو کراوەتەوە.**

و تینەکەی چەند بەرامبەر دەبێتەوە. ئەو تێکەڵەیە، ئەگەرچی شتێکی نوێ نییە، (چونکە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی بەند بوو بە هێزی لەشکرەکەی و بە سەرنجڕاکێشی شارستانیەتی رۆمانییەوە)، رۆڵێکی بنەڕەتی هەبووە لەو سەرکردایەتییەی ئەمریکا پیادەی کردووە. هێز بەندە بەوەی لەشکری کێ سەردەکەوێت، بەڵام لە هەمان کاتدا پەیوەستە بەوەی چیرۆکی کێ براوە دەبێت. چیرۆکێکی بەهێز سەرچاوەی هێزە.

هێزی نەرم خۆی لە خۆیدا نە باش و نە خراپە. مەرج نییە چەواشەکردنی بیری خەڵك لە قۆڵبادان باشتر بێت. ئوسامە بن لادن نە هەڕەشەی کرد و نە پارەی دا بەو کەسانەی فڕۆکەکەیان بە سەنتەری بازرگانی جیهانیدا تەقاندەوە- ئەو بە بیرۆکەکانی بەلای خۆیدا رایکێشان. واتە ئەگەرچی دەکرێت هێزی نەرم بۆ ئامانجی شەڕانگێزانەش بەکار بهێنرێت، ئەوا ئامرازەکەی بەندە بە خۆبەخشییەوە، کە ئەگەر لە روانگەی سەربەخۆبوونی مرۆڤەوە لێی بڕوانین ئەوا شێوە کارکردنێکی پەسەندکراوە.

بە پێچەوانەوە هێزی زبر، بەندە بە لە خشتەبردن لە رێی پێدانی دارایی، یان بە ناچارکردن لە رێی هەڕەشەلێکردنەوە. ئەگەر کەسێك چەك بخاتەسەر سەرت و داوای ئەوەت لێبکات هەرچی لە گیرفانتدایە پێی بدەیت، ئەوا ئەو کاتە خواست و بیرکردنەوەی تۆ هیچ گرنگییەکی نابێت. بەڵام ئەگەر هەر هەمان کەس قەناعەتت پێبکات کە ئازادانە پێی بدەیت، ئەوا هەموو شتێك بەندە بەوەی خواستی تۆ، یان بیرکردنەوەی تۆ چییە. ئەوە هێزی نەرمە.

هێزی بڕەری تیژ، کە بریتییە لە بەکارهێنانی هەڵخەڵەتێنەرانەی زانیاری بۆ مەبەستە دوژمنکارییەکان، بریتییە لە جۆرێك لە هێزی نەرم. گەمەکردن بە بیرۆکەکان، تێڕوانینە سیاسییەکان و پرۆسەکانی هەڵبژاردنەوە مێژوویەکی درێژیان هەیە. ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت هەردووکیان پەنایان بردەبەر ئەم شێوازە لە سەردەمی شەڕی سارددا. بۆ رۆژگارێکی دوورو درێژ رژێمە خۆسەپێنەکان هەوڵیانداوە هەواڵی هەڵبەستراو و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی بەکار بهێنن بۆ کاڵکردنەوەی سەرنجڕاکێشیی دیموکراسی. لە ساڵانی هەشتاکاندا، دەزگای کەی جی بی هەواڵێکی بڵاو کردەوە کە گوایە حکومەتی ئەمریکا بەرپرسیارە لە دروستکردنی ئایدز بە هۆی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەکی چەکی بایەلۆجییەوە، هەواڵەکە بە نامەی کەسێکی نەناساراو دەستی پێکرد کە نێردرا بۆ رۆژنامەی نیودەلهی و دواتر لەسەرتاسەری جیهاندا بڵاوکرایەوە لە رێی دووبارە بەرهەمهێنانەوە و دوپاتکردنەوەیەوە. لە ساڵی ٢٠١٦دا، هەمان تەکنیك بەڵام بە شێوازێکی نوێ بەکار هێنرا بۆ دروستکردنی «پیتزا گەیت» کە بریتی بوو لە هەواڵێکی ساختە کە گوایە بەڕێوەبەری هەڵمەتەکەی هیلاری کلینتۆن لە چێشتخانەیەکی واشنتۆندا دەستدرێژی کردۆتە سەر منداڵان.

ئەوەی لەم مۆدێلەدا نوێ بوو، بریتی بوو لەو رەوتە خێرایەی کە دەکرێت ئەم زانیارییە چەواشەکارانە بڵاو بکرێنەوە، هەروەها کەمیی تێچوونی بڵاوکردنەوەیان. ئەنجامدانی لە رێی ئەلیکترۆنییەوە هەرزانتر، خێراتر و سەلامەتترە، هەروەها نکۆڵی لێکراوترە بە بەراورد بە ئەنجامدانی لە رێی سیخوڕەوە. لە رێی کەسانی بەکرێگیراو و تۆڕی میکانیکەوە، هاوشان بە بوونی چەند دەزگایەکی -وەك ئارتی و سپۆتنیکەوە-، دەزگای هەواڵگری رووسیا، دوای هاککردنی ئیمەیڵی لیژنەی نەتەوەیی حزبی دیموکراتەکان و بەرپرسە

■

**شەڕی زانیاری دەتوانێت رۆڵێکی تاکتیکی سوودبەخشی ببینێت لە گۆڕەپانی شەڕدا، هەروەک ئەوەی لە شەڕی دژ بە داعشدا بەدیمان کرد. بەڵام —دیموکراسیەتەکان- بە هەڵەدا دەچن ئەگەر بێتوو لاسایی خۆسەپێنەرەکان بکەنەوە و پرۆگرامگەلێکی گەورەی شەڕی پەنهانی زانیاری بخەنەگەڕ. ئەم چەشنە کارانە تا سەر بە پەنهانی نامێننەوە و کاتێک پەردەیان لەسەر هەڵدەگیرێت ئەوا دەبنەهۆی لاوازکردنی هێزی نەرم**

بالآکانی هەڵمەتەکەی کلینتۆن، توانیی هەفتە لە دوای هەفتە هەواڵەکان ببڕێت و پەرتیان بکات.

بەڵام ئەگەر هێزی بڕەڕی تیژ پرۆسە دیموکراتییەکانی رۆژئاوای بڕیبێت و ناوبانگی وڵاتە دیموکراتییەکانی لەکەدار کردبێت، ئەوا کاریگەرییەکی کەمی هەبووە لەسەر بەهێزکردنی هێزی نەرمی ئەنجامدەرەکانی و لە هەندێ حاڵەتدا تەواو پێچەوانەکەیان ئەنجام داوە. بەڵام رووسیا، کە تەرکیزی لەسەر بینینی رۆڵێکی تێکدەرانە کردۆتەوە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئەوا پێیوایە ئەم باجە قابیلی قبووڵکردنە. بەڵام چین، ئامانجی دیکەی هەیە و بۆ بەدیهێنانیشیان پێویستی بە بەدەستهێنانی هێزی نەرمی سەرنجڕاکێشان هەیە، هەروەها پێویستی بە هێزی بڕەبڕی تیژی ناچارکاری پەرتکردن و سانسۆرکردن هەیە. کە زەحمەتە بتوانرێت ئەم دوو ئامانجەش پێکەوە کۆبکرێنەوە. بۆ نموونە لە ئوستralia، رای گشتی بە شێوەیەکی روو لە زیاد چینی پەسەند دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی بە رادەیەکی نیگەرانکار چین ئامرازەکانی هێزی بڕەڕی تیژی بەکار هێنا، لە نێویاندا دەستتێوەردان لە سیاسەتی ئوستralia، ئەوا پەسەندکردنەکە بە رادەیەکی بەرچاو دابەزی. بە گوێرەی لێکدانەوەی دەیڤید شامباو، لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن، بە گشتی، ساڵانە چین ١٠ ملیار دۆلار لە ئامرازەکانی هێزی نەرمدا خەرج دەکات، بەڵام ئەمە کاریگەرییەکی سنووورداری هەبووە لەسەر بەرزکردنەوەی وەبەرهێنانەکەی. بەپێی پاشکۆی « ٣٠ هێزە نەرم»ەکە، (چین ریزبەندی ٢٥ـەمین و رووسیا ٢٦ـەمین)ی گرتووە لە نێو ئەو ٣٠ وڵاتەی هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە.

## ● تەنگژەکەی دیموکراسی

ئەگەرچی هێزی بڕەڕی تیژ و هێزی نەرم بە رێگاچارەی زۆر جیاواز کار دەکەن، بەڵام زەحمەتە لێکیان جیا بکەیتەوە- ئەمە هۆکارێکە کە وا دەکات وەڵامدانەوەی هێزی بڕەڕی تیژ زەحمەتە بێت. هەموو قەناعەت پێهێنانەکان بژارەی ئەوە لە خۆدەگرن کە چۆن زانیارییەکان دابرێژرێن. بەڵام کاتێك ئەو دارشتنە دەچێتە سنووری لە خشتەبردنەوە، کە دەبێتەهۆی سنووردارکردنی بژارەی ئارەزومەندانەی کەسەکە، ئەوا سنوورەکە بەرەو ناچارکردن تێدەپەڕێنێت. ئەوە ئەم خەسڵەتەیە- کرانەوە و سنووربەندی پەیوەست بە لەخشتەبردنی بە ئەنقەست- کە هێزی نەرم لە هێزی بڕەڕی تیژ جیا دەکاتەوە. بەڵام بە داخەوە هەمیشە بینینی ئەمە ئاسان نییە.

لە بواری دیپلۆماسیەتی گشتیدا، کاتێك دەزگای پەخشی ئارِ تی رووسی، یان شینوای چینی بە ئاشکرا لە وڵاتانی دیکەوە پەخش دەکرێن، ئەوا ئەمە خستنەگەڕی هێزی نەرمە، کە دەبێت قبووڵ بکرێت، تەنانەت ئەگەر پەیامەکەیش پێشوازی لێنەکرابێت. کاتێك رادیۆی چینی نێودەوڵەتی بە پەنهانی پشتیوانی وێستگەکانی رادیۆ دەکات لە وڵاتانی دیکە ئەوا ئەمە سنووربەزاندنە بەرەو هێزی بڕەڕی تیژ، کە دەبێت پەردەی لەسەر هەڵبماڵرێت. بە بێ ئەم ئاشکراکردنە ئەوا پرەنسیپی کاری خۆبەخشانە پێشێل دەکرێت. ( هەروەها ئەم جیاکردنەوەیە بەسەر دیپلۆماسیەتی ئەمریکیشدا جێبەجێ دەبێت، لە میانەی شەڕی سارددا دەستەبەرکردنی دارایی بە شێوەیەکی نهێنی بۆ پارتە دژ بە کۆمۆنیستەکان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٤٨ی ئیتاڵیا و پشتیوانی پەنهانی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا بۆ گروپی -کۆنگرێس بۆ ئازادی کەلتووری- نموونەی هێزی بڕەڕی تیژ بوون نەك هێزی نەرم.)

لە رۆژگاری ئێستادا ژینگەی زانیاری، ئاڵۆزی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. لە ساڵانی شەستەکاندا ئیدوارد مورۆی رۆژنامەنووس سەرنجی ئەو راستییەی دا کە گرنگترین بەشی پەیوەندیکردنی نێودەوڵەتی بریتی نییە لە هەزاران میلی ئەلیکترۆنی، بەڵکو بریتییە پەیوەندیکردنی شەخسی کە ماوەکەی درێژی سێ پێیە. بەڵام ئایا ئەمە لە رۆژگاری راگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا بە مانای چی دێت؟ چونکە «هاوڕێکان» تەنیا یەك کلیك لێت دوورن، هەروەها دروستکردنی هاوڕێی ساختە ئاسانە، ئەوان لە رێی کەسانی بەکرێگیراو و ئامرازی میکانیکییەوە هەواڵی ساختە بڵاو دەکەنەوە. لە ئێستادا جیاکردنەوەی هێڵی نێوان هێزی نەرم و هێزی بڕەڕی تیژ نەك تەنیا بۆتە ئەرکی حکومەتەکان و رۆژنامەگەری، بەڵکو بۆتە ئەرکی کەرتی تایبەتیش.

کاتێك دیموکراسییەکان کاردانەوەیان دەبێت لە بەرامبەر هێزی بڕەڕی تیژدا، دەبێت وریا بن و کاردانەوەی زیاد لە پێویستیان نەبێت بۆ ئەوەی هێزی نەرمی خۆیان لاواز نەکەن لە رێی گرتنەبەری راسپاردەی ئەو کەسانەی کە پشتیوانی لە ململانێکردن دەکەن لەگەڵ هێزی بڕەڕی تیژدا لە بارەی مۆدێلی خۆسەپێنییەوە. زۆرێك لەم هێزە نەرمە لە کۆمەڵگە مەدەنییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت- ئەوەی پەیوەندی بە واشنتۆنەوە

وڵاتە خۆسەپێنەکانی وەک چین و رووسیا دوچاری گیروگرفت دەبنەوە لە دروستکردنی هێزی نەرمی تایبەت بە خۆیان، دەقاودەق لەبەر ئەوەی ئامادە نین بوار بۆ بەهرە زۆر و زەوەندەکانی کۆمەڵگە مەدەنییەکانیان والا بکەن

لە ساڵانی شەستەکاندا ئیدوارد مورۆی رۆژنامەنووس سەرنجی ئەو راستییەی دا کە گرنگترین بەشی پەیوەندیکردنی نێودەوڵەتی بریتی نییە لە هەزاران میلی ئەلیکترۆنی، بەڵکو بریتییە پەیوەندیکردنی شەخسی کە ماوەکەی درێژی سێ پێیە. بەڵام ئایا ئەمە لە رۆژگاری راگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا بە مانای چی دێت؟ چونکە « هاوڕێکان» تەنیا یەک کلیک لێت دوورن، هەروەها دروستکردنی هاوڕێی ساختە ئاسانە، ئەوان لە رێی کەسانی بەکرێگیراو و ئامرازی میکانیکییەوە هەواڵی ساختە بڵاو دەکەنەوە

کاتێک رادیۆی چینی نێودەوڵەتی بە پەنهانی پشتیوانی وێستگەکانی رادیۆ دەکات لە وڵاتانی دیکە ئەوا ئەمە سنووربەزاندنە بەرەو هێزی بڕەڕی تیژ، کە دەبێت پەردەی لەسەر هەڵبماڵرێت. بە بێ ئەم ئاشکراکردنە ئەوا پرەنسیپی کاری خۆبەخشانە پێشێل دەکرێت

هەبێت لە هۆلیوود و زانکۆکان و دامەزراوەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، نەك لە هەوڵە دیپلۆماتییە گشتییە فەرمییەکانەوە- و داخستنی دەرفەتەکانی دەستڕاگەیشتن یان کۆتاییهێنان بە پانتاییە کراوەکان ئەم سامانە گرنگە بە فیڕۆ دەدات. وڵاتە خۆسەپێنەکانی وەك چین و رووسیا دوچاری گیروگرفت دەبنەوە لە دروستکردنی هێزی نەرمی تایبەت بە خۆیان، دەقاودەق لەبەر ئەوەی ئامادە نین بوار بۆ بەهرە زۆر و زەوەندەکانی کۆمەڵگە مەدەنییەکانیان واڵا بکەن.

لەوەش زیاتر، داخستنی ئامرازەکانی هێزی نەرمی چینی و رووسی دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە. بە چەشنی هەر شێوە هێزێکی دیکە، هێزی نەرمیش بەکار دەهێنرێت بۆ ململانێی سەد و سفری، بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرێت کاریگەری ئیجابیشی لێبکەوێتەوە. بۆ نموونە، ئەگەر چین و ئەمریکا خوازیاری ئەوە بن خۆیان لە ناکۆکی لابدەن، ئاڵوگۆڕی ئەو پرۆگرامانە بکەن کە سەرنجی ئەمریکا زیاتر بەلای چیندا رابکێشێت و بە پێچەوانەوە، ئەوا ئەمە بۆی هەیە لە بەرژەوەندی هەردوو وڵاتەکە بشکێتەوە. هەروەها لە پەیوەندی بە تەحەددییە سنووربڕەکانەوە، وەك گۆڕانی ژینگە، ئەوا هێزی نەرم دەتوانێت متمانە و تۆڕگەلێك بنیاد بنێت کە ببێتەهۆی ئەوەی هاوکاریکردن مومکین بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، چەند هەڵەیە کە رێگری لە هەوڵەکانی هێزی نەرمی چین بکرێت بە بیانووی ئەوەی هەندێ جار دەچنە خانەی هێزی بڕەڕی تیژەوە، ئەوا ئەوەندەش گرنگە کە بە وریاییەوە لە هێڵی جیاکەرەوەی نێوانیان بڕوانین. نموونەی ٥٠٠ دامەزراوەی کۆنفۆشیۆسی و ١٠٠٠ پۆلی خوێندنی کۆنفۆشیۆسی وەربگرە کە چین لە زانکۆ و قوتابخانەکانی جیهاندا پشتیوانییان لێدەکات بۆ فێرکردنی کەلتوور و زمانی چین. پشتیوانیکردنیان لەلایەن حکومەتەوە بە مانای ئەوە نییە کە هەڕەشەیەکی سەرچاوەگرتوون لە هێزی بڕەڕی تیژەوە. چونکە )بی بی سی(یش لەلایەن حکومەتەوە پشتیوانی لێدەکرێت، بەڵام هێندە سەربەخۆیە کە بۆتە ئامرازێکی متمانەپێکراوی هێزی نەرم. بەڵام تەنیا ئەو کاتە دەبێت وەك هێزێکی بڕەڕی تیژ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت کە دامەزراوەیەکی کۆنفۆشیۆسی سنوورەکە دەبەزێنێت و هەوڵ دەدات ئازادای ئەکادیمی پێشێل بکات ( کە لە هەندێ حاڵەتدا روویداوە).

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو هەڕەشەیە، پێویستە دیموکراسیەتەکان وریا بن لەبارەی رێکارەکانی بەرگریکردنەوە. شەڕی زانیاری دەتوانێت رۆڵێکی تاکتیکی سوودبەخشی ببینێت لە گۆڕەپانی شەڕدا، هەروەك ئەوەی لە شەڕی دژ بە داعشدا بەدیمان کرد. بەڵام –دیموکراسیەتەکان- بە هەڵەدا دەچن ئەگەر بێتوو لاسایی خۆسەپێنەرەکان بکەنەوە و پرۆگرامگەلێکی گەورەی شەڕی پەنهانی زانیاری بخەنەگەڕ. ئەم چەشنە کارانە تا سەر بە پەنهانی نامێننەوە و کاتێك پەردەیان لەسەر هەڵدەگیرێت ئەوا دەبنەهۆی لاوازکردنی هێزی نەرم.

لە پەیوەندی بە رێکارەکانی بەرگریکردنەوە، ئەوا چەند هەنگاوێك هەن کە حکومەتە دیموکراتییەکان دەتوانن بیگرنەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەکنیکە دەستدرێژکارەکانی شەڕی زانیاری خۆسەپێنەرەکان، لە نێویاندا هێرشی ئەلیکترۆنی بۆ سەر پرۆسە دیموکراتییەکان و پرۆسەکانی هەڵبژاردن. هێشتا دیموکراسیەتەکان ستراتیژیەتی بەرپەرچدانەوە و مرونەت ئامێزی تەواویان پەرە پێنەداوە. هەروەها دەبێت زۆر وریا بن و کارێك نەکەن کە پرۆگرامەکانی هێزی نەرمی رووسیا و چین، وەك دامەزراوە کۆنفۆشیوسیەکان، بخزێنە نێو خانەی هێزی « بڕەڕی تیژ»ەوە. بەڵام کرانەوە دەستەبەرکردنی پانتایی وەك باشترین رێگاچارەی بەرگری دەمێننەوە، کاتێك رووبەڕووی ئەم تەحەددییە دەبنەوە، ئەوا پێویستە رۆژنامەگەری، ئەکادیمییەکان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، حکومەت و کەرتی تایبەت جەخت لەسەر پەردەلادان لەسەر تەکنیکەکانی شەڕی زانیاری بکەنەوە، واتە لە رێی ئەم ئاشکراکردنەوە پارێزگاری لە خەڵك بکەن.

خۆشبەختانە، ئەمە ئیمتیازێکی دیکەی دیموکراسییەکانە بەسەر دیکتاتۆریەتەکانەوە. راستە کرانەوە و دروستکردنی پانتایی لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا دەرفەت بۆ حکومەتە خۆسەپێنەکان دەڕەخسێنێت بۆ کەڵکوەرتن لە تەکنیکە کۆنەکانی شەڕی زانیاری. بەڵام کرانەوەش خۆی لە خۆیدا سەرچاوەیەکی سەرەکی توانای دیموکراسیەتەکانە بۆ سەرنجڕاکێشان و قەناعەتپهێنان. تەنانەت لەگەڵ بەکارهێنانی زۆری هێزی بڕەڕی تیژدا، ئەوا توانایەکی کەمی بەدەستهێنانی هێزی نەرمیان هەیە لە میانەی ململانێی کراوەیان لەگەڵ دیموکراسییەکاندا. کاتێك دیموکراسیەتەکان ئاستی خۆیان دادەبەزێنن بۆ ئاستی رکابەرەکانیان، ئەوا ئەم پێگە بەهێزی خۆیان لەدەست دەدەن.

**ئوسامە بن لادن نە هەڕەشەی کرد و نە پارەی دا بەو کەسانەی فڕۆکەکەیان بە سەنتەری بازرگانی جیهانیدا تەقاندەوە- ئەو بە بیرۆکەکانی بەلای خۆیدا رایکێشان. واتە ئەگەرچی دەکرێت هێزی نەرم بۆ ئامانجی شەڕانگێزانەش بەکار بهێنرێت، ئەوا ئامرازەکەی بەندە بە خۆبەخشییەوە، کە ئەگەر لە روانگەی سەربەخۆبوونی مرۆڤەوە لێی بڕوانین ئەوا شێوە کارکردنێکی پەسەندکراوە**

**هێزی نەرم بە دەگمەن بۆ خۆی بە تەنیا بەسە. بەڵام کاتێك هاوشان بە هێزی زبر بەکار دەهێنرێت، ئەوا گوڕ و تینەکەی چەند بەرامبەر دەبێتەوە. ئەو تێکەڵەیە، ئەگەرچی شتێکی نوێ نییە، (چونکە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی بەند بوو بە هێزی لەشکرەکەی و بە سەرنجڕاکێشی شارستانیەتی رۆمانییەوە)، رۆڵێکی بنەڕەتی هەبووە لەو سەرکردایەتییەی ئەمریکا پیادەی کردووە**

**لە ئێستادا، ئەو تەحەددییەی کە شەڕی زانیاری چینی و رووسی دروستی کردووە، تەحەددیەکی راستەقینەیە. بەڵام بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەددییە، نابێت حکومەت و کۆمەڵگە دیموکراتییەکان هەوڵبدەن هەمان ئەو رێچکەیە بگرنەبەر کە رکابەرەکانیان بەکاری دەهێنن**



**کاسرین کارۆڵ پرۆفیسۆره له بەشی زانستی سیاسی له زانکۆی ڤەندەربیلت و وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك تیرۆریزم، ئیسلامی سیاسی، سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕ له عێراقدا. هەروەها له نێوان ساڵانی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ هاوکاری تیمێك بوو بۆ پێدانی راوێژی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە سەرباز و فەرماندەکانی سوپا له زۆنی شەڕدا. له دوای گەڕانەوه له عێراق کاری لەسەر لایەنە جیاوازەکانی کەلتوور و سیاسەتی عێراق کردووه. بۆ هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنی رەوشی ئێستای عێراق و پرسی هەڵبژاردنەکان لەم وڵاته و چەند بابەتێکی دیکه، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیه وەڵامی پرسیارەکانی دایەوه.**

*** چۆن له دۆخی ئێستای عێراق دەڕوانیت، ئایا پێتوایه ئەم وڵاته بە چ ئاڕاستەیەکدا هەنگاو دەنێت؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە عێراقەوه ئەوا من بۆچوونێکی نائاساییم هەیه لەم بارەیەوه، مەبەستم ئەوەیه کە هەرچەندە دەزانم کە چەندین کێشە یەخەی ئەم وڵاتەیان گرتووه و راستییەکیشم لەبەرچاوە کە دیموکراسی له عێراقدا له سەرەتادایە و هۆشیارم بەوەی کە خەڵکی ئەم وڵاته نه تەواو ئازادن و نه تەواو ئاسوودەن، بەڵام سەرەڕای ئەو تەحەددی و دژوارییانەی کە له رابردودا رووبەڕووی ئەم وڵاته بوونەتەوه و ئەوەی له ئێستادا رووبەڕوویان دەبێتەوه، ئەوا پێموایه ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیه کە عێراق ئەدایەکی باشی هەیه.

*** هەروەك دەزانن له چەند مانگی کەمی داهاتوودا عێراق هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجام دەدات، ئایا هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکاریی ئێوه چییه لەم رووەوه، بە تایبەتی کە ئاشکرایە یەکەکانی حەشدی شەعبی بڕیاری بەشداریکردنیان داوه؟**

- ئەوەی لەم هەڵبژاردنانەدا بەدی دەکرێت، ئەوەیه کە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە سەرجەم پارتەکان ناوی خۆیان تۆمارکردووه بۆ بەشداریکردن له هەڵبژاردنەکاندا، هەروەها بوار دراوە بە یەکەکانی حەشدی شەعبیش بۆ ئەوەی بەشداری بکەن، هەرچەندە بۆ من جێی داخەوە کە ئەم کارەیان کردووه و ئەم هەنگاوەیان هەڵگرتووه، بەڵام ئەو دەرفەتڕەخساندنە بواری ئەوەی دروستکردووه کە چەندین لایەنی دیکه بەشداری بکەن و ململانێ بکەن. ئەمە بوونی جۆرێك له ئومێد پیشان دەدات لەبارەی پرۆسە سیاسییە دیموکراتییەکەی عێراقەوه، لەبەر ئەوە پێموایە ئەمە ئاماژەیەکی باشە و هێشتا باوەڕم بەوە نییە ( هەروەك ئەوەی له مەغریب بەدی دەکرێت) کە پێویستە تەنیا یەك، یان دوو پارتی باڵادەست له ئارادا بن کە دەکەونە ژێر باری گەمەپێکردنی هێزە دەرەکییەکانەوە (له حاڵەتی عێراقدا ئێران ئەم هێزە دەرەکییەیە- له حاڵەتی مەغریبیشدا بریتیە له پاشای ئەو وڵاته).

کاسرین کارۆڵ شارەزا لە کاروبارەکانی عێراق:

# گەندەڵی و لاوازیی دەسەڵاتی دادوەری لە دەستڕۆیشتوویی ئێران زیاتر کێشەن بۆ عێراق

*** لەعێراقدا زۆر باس لە پابەندبوون بە دەستوور و بە سەروەریی یاساوە دەکرێت، ئێوە لەم رووەوە تێڕوانینتان چییە؟**

- لەبارەی ئاماژەکردن بە سەروەریی یاسا لە عێراقدا کاتێك باس لەوە دەکەن، پێویستە خەڵك و سیاسەتمەدارەکانی پابەندی یاسا بن. عێراقییەکان (ئەگەرچی من زیاتر ئاشنام بە دۆخی ناوەڕاستی عێراق نەك کوردستان) کاتێك باسی یاسا و سەروەریی یاسا دەکەن، کە دەیانەوێت هۆکاری ئەوە روون بکەنەوە کە بۆچی کارێکی دیاریکراویان ئەنجام داوە. ئەمە لە ئێستادا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام خوێ لە خۆیدا ئەم باسکردنەش گرنگە، هەروەها ناکرێت بەراوردی بکەین بە سەردەمی سەددام حوسێن (هەرچەندە لە هەندێ حاڵەتی دابڕاودا دەکرێت، بەڵام بە گشتی خەڵکی-تەنانەت زۆرێك لە سیاسەتمەداران- ئومێدی ئەوە دەکەن کە سەروەریی یاسا باڵادەست بێت.

*** بەڵام پێتوایە تا چەند ئەم هەڵبژاردنانە گۆڕانکاری دروست دەکەن، یان تا چەند هەڵبژاردنی راستەقینەن؟**

- من دەتوانم بڵێم کە گەشبینم بە جۆری ئەو ئەنجامەی لە هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە دەکەوێتەوە. راستە کارتێکردن و گەمەپێکردن بە دەرئەنجامەکان روودەدەن، بەڵام بە ئاستێکی بەربڵاو نین، ئێوە بڕواننە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠، کە دەبوو مالیکیی لە دەسەڵات دوور بخستایەتەوە. کەواتە ئەمانە هەڵبژاردنی راستەقینە و جێی سەرسوڕمانن.

*** بەڵام هەروەك دەزانن ئەم هەڵبژاردنانە لە کەشێکدا دەکرێت کە بارگرژیی ناوخۆیی و کارتێکردن و دەستڕۆیشتوویی دەرەکی هەیە لەسەر ئەم وڵاتە؟**

- ئەوە راستە کە ئەم هەڵبژاردنانە لە کەشێکدا ئەنجام دەدرێن کە دابەشبوون و کێشەکانی نێوان کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراق باڵی کێشاوە بەسەریدا، هەروەها ئێرانیش دەستڕۆیشتووە تێیدا، لەگەڵ هەڵکشان و داکشانی داعش لەم وڵاتەدا. بەڵام من دڵنیم ئەگەر ئەم هەلومەرجە لە ئەمریکادا باڵادەست بوایە، ئەوا کودەتای سەربازی رووی دەدا. هەروەها من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە من گەشبینم بەوەی کە زیاتر لە ملیۆنێك کەس گەڕاونەتەوە ئەو ناوچانەی پێشتر لە ژێر دەستی داعشدا بوون.

**من گەشبینم بەوەی کە زیاتر لە ملیۆنێک کەس لە عێراقدا گەڕاونەتەوە ئەو ناوچانەی پێشتر لە ژێر دەستی داعشدا بوون**

*** ئاماژەت بە دەستڕۆیشتوویی ئێران کرد لە عێراقدا، ئایا چۆن لە رۆڵی ئێران دەڕوانیت لەم وڵاتەدا؟ ئایا پێتوایە ئێران بەشێکە لە کێشەکە لە عێراقدا ئایا دەکرێت ببێتە بەشێك لە چارەسەر؟**

- بە دڵنیاییەوە من باوەڕم وایە کە ئێران بەشێکە لە کێشەکە لەعێراقدا، بەڵام پێم وانییە هێندەی بوونی گەندەڵی و دەسەڵاتێکی دادوەریی لاواز کێشە بێت.

**ئەم هەڵبژاردنانە لە کەشێکدا ئەنجام دەدرێن کە دابەشبوون و کێشەکانی نێوان کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراق باڵی کێشاوە بەسەریدا**

*** دوا وتەت چییە؟**

- رەنگە ئەمە ساویلکانە دەرکەوێت، بەڵام کاتێك لە عێراق دەڕوانم ئەوا وڵاتێك بەدی دەکەم کە ئێش و ئازارێکی زۆریان بینیوە، بەڵام هێشتا ئەگەری ئەوە هەیە ئازادی و دیموکراسی لەم وڵاتەدا بینەئاراوە. ئەگەرچی وەك هەمیشە کەموکوڕیش هەیە.

# ئاڵۆزییەکانی کێشەی کارەبا و سووتەمەنی لەهەرێمی کوردستاندا

بەبێ دابینکردنی وزەو سەرچاوەکانی گەشەپێدانی ئابووری، پەرەپێدانی کەرتەکانی پیشەسازی، گواستنەوە، کشتوکاڵی و پێویستییەکانی کۆمەڵگە ئەستەمە، بۆیە دابینکردنی وزە بە هەموو چەشنەکانی لە ئەولەوییاتی کارەکانی حکومەتە، لەوانەش کارەبا و سووتەمەنییە فۆسیلییەکان کە کاریگەرترینیان غازە (Gas) کە لەم سەردەمەی ئێستادا گرنگییەکی زۆرو مشتومڕێکی نێودەوڵەتی ئەوتۆی لەسەر دروست بووە بۆ بەردەوامی و دابینکردنی سەرچاوەکانی، چۆنیەتی گواستنەوەی لە ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوینەوە بۆ ئەوروپاو وڵاتانی پێشکەوتوو، هەر بۆ نموونەش ئێستا وڵاتی وەك یابان لە وڵاتی قەتەرەوە بە دووری دەیان هەزار کیلۆمەتر غازی شل کە ناسراوە بە (Licuid Natural Gas- LNG) بە کەشتی دەگوازێتەوە بۆ وڵاتەکەی بۆ بەرهەمهێنانی کارەباو پێویستی تر، چونکە دابینکردنی غاز چارەسەرێکی باشی کێشەی کارەباو سووتەمەنییە لە هەمان کاتدا، بێگومان ئێستا لە زۆر شوێن بە لولەکەشی غاز دابەش دەکرێت بەسەر کارگەو ئاپارتمان و ماڵەکاندا کە خەرجێکی ئەوتۆی نییە بەبەراورد لەگەڵ خەرجی رۆژانەی سووتەمەنییەکانی تر، بەتایبەتیش کارەبا، غازی کوردستان کە جۆرێکی باش و خاوێنە، بەڵام هێشتا وەکو پێویست سوودی لێ وەرنەگیراوە، ئەگەر ئەو بەشە کەمەی لێ دەرچێت کە لە کێڵگەکانی کۆرمۆر-قادرکەرەم و کێڵگەکانی خۆرمەڵە لە هەولێر، لەم چەند ساڵەی دواییدا نەبێت کە سوودی لێ وەرگیراوە بۆ بەرهەمهێنانی کارەباو کارپێکرنی وێستگەکانی کە بەشێکی دیاریکراوە بە بڕی ٤٢٠ ملیۆن پێ سێجای پێوانەیی رۆژانە ٤٢٠ MMCF/D، ئەوی تری هەتا ئێستاش سوودی لێ وەرنەگیراوە و رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی بەغدا هەتا ئێستاش بە رەوای نازانن کە گەلی کورد سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پێویستیی خزمەتگوزارییەکانی ناوخۆش بەکاری بهێنێ! غازی سروشتی لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووك و باباگوڕگوڕو کە لەگەڵ پڕۆسەی دەرهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوتی خاو (Crude oil) دەردەچێت و بەبێ سوود دەسووتێنرێت، دیارە ئێستا وەزارەتی نەوتی عێراق پلانی داناوە بۆ سوودوەرگرتن لەم غازە کە تێکەڵی نەوتی خاوە، واتە (الغاز المصاحب) کە بڕێکی یەکجار زۆرەو بەفیڕۆ دەدرێت و بێهوودە دەسووتێنرێت. بێگومان لێرەدا فاکتەرێکی گرنگ هەیە کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیقۆزێتەوە، ئەویش هەرزانیی نرخی ئێستای غازە بە بەراورد لەگەڵ نەوتی خاو، یان سووتەمەنییە شلەکان کە هەمیشە نرخەکەیان ناجێگیرە لە بۆرسە نێودەوڵەتییەکاندا بە بەراورد لەگەڵ غاز، بەڵام نرخی غازی سروشتی چەند جارێك لەوە هەرزانترەو جگە لە پاکوخاوێنی و کەمیی ئاسەوارە ژینگەییەکان و ئاسانی بەکارهێنانی بەتایبەتی بۆ وڵاتێك کە خۆی خاوەن سەرچاوەی غاز بێت، بۆیە وڵاتانی پێشکەوتوو هەوڵ و کێبڕکێی بەکارهێنانی دەدەن و غاز وەك سێکتەرێکی سەربەخۆ گرنگی پێ دەدەن و ئیدارەی دەکەن، نەوتی خاویش زیاتر بۆ پیشەسازی گرنگی جۆراوجۆرو پیشەسازییە پیترۆکیمیاوییەکان سوودی لێ وەردەگیرێت وەك لەوەی بسووتێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی وزە. چارەسەرو کێشەکانی کارەبا: ئەگەرچی ناوەڕۆکی باسەکەمان لێرەدا زیاتر لەسەر کارەبایە کە یەکێك لە پێویستییە سەرەکییەکانی ژیانی رۆژانەی هاووڵاتیانە، بەڵام لاوازیی سیستەمی غاز وەك خزمەتگوزاری و سووتەمەنی بەگشتی کێشەکەی ئاڵۆزتر کردووە، بۆیە هاووڵاتیان ناچارن کە وزەی گرانبەهای کارەبا وەك سووتەمەنی بەکاربێنن، بێگومان ئەرکی حکومەتە کە ئەو وزەیە دابین بکات بە نرخێکی گونجاو بۆ هاوکاریی هاووڵاتیان، هەر بۆیە حکومەتی هەرێم ئەو ئەرکە قورسەی خستووەتە سەر شانی بۆ دابینکردنی

**غازی کوردستان جۆرێکی باش و خاوێنە، بەڵام هێشتا وەکو پێویست سوودی لێ وەرنەگیراوە، ئەگەر ئەو بەشە کەمەی لێ دەرچێت کە لە کێڵگەکانی کۆرمۆر-قادرکەرەم و کێڵگەکانی خۆرمەڵە لە هەولێر، لەم چەند ساڵەی دواییدا نەبێت کە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا سوودی لێ وەرگیراوە**

**رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا هەتا ئێستاش بە رەوای نازانن کە گەلی کورد سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پێویستیی خزمەتگوزارییەکانی ناوخۆش بەکاری بهێنێ**



ئەندازیار: محەمەدئەمین هەورامانی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

وزەی كارەبا لە ڕێگەی گرێبەست لەگەڵ كۆمپانیا وەبەرهێنەرەكان بۆ بەرهەمهێنانی بڕێكی دیاریكراوی كارەبا كە ئێستا بەرهەمی دەگاتە نزیكەی (٢٥٠٠) مێگاوات. یەكێك لە مەرجەكانی ئەم گرێبەستانەی وەبەرهێنان ئەوەیە كە حكومەت سووتەمەنی (غاز یان گازوایل) دابین بكات بۆ كارپێكردنی وێستگەكانی هەولێر- سلێمانی-دهۆك و بەرهەمی كارەباكەش لە شێوەی مانگانە بە كۆ واتە بە (جوملە) لە وەبەرهێنەر بكڕێتەوە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ و پاش ئەوەش وەبەرهێنەر ئازادە چی لە وێستگەكانی دەكات و چۆن و بە كێ كارەبا دەفرۆشێت، هەروەها لەو گرێبەستانەدا هاتووە كە ئەركی تۆڕەكانی گواستنەوەو دابەشكردنی كارەباكە بە سەر هاووڵاتیاندا لە ئەستۆی وەزارەتی كارەبایەو ئەگەر وەزارەت نەیتوانی لەبەر هەر هۆیەك بێت كارەبای پێویست وەرگرێت لە وێستگەكانی وەبەرهێنەر، بۆ نموونە كێشەی كەمیی سووتەمەنی، یان كەموكوڕی تۆڕەكانی گواستنەوە، دەبێت حكومەت پارەی كارەبای وێستگەكان بە وەبەرهێنەر بدات، كە ئەمەش خەرجێكی زۆرە بەرامبەر ئەو ماوەیەی كە وێستگەكان وەستاون، یان كارەبا وەك پێویست وەرنەگیراوە لە وەبەرهێنەر، واتە ئەمە وەك پەنەڵتییە، لەم ماوەی كاركردنەش چەندەها كێشەی تەكنیكی هەبووە لە هەردوو لاوە كە بووەتە هۆی كوژاندنەوەی گشتی و وەستانی وێستگەكان و پەنەڵتی لەسەر حكومەت!

ئەم وێستگانە ئەگەرچی دەستكەوتێكی گەورەی هەماهەنگی لە نێوان حكومەت و كەرتی تایبەتە بۆ ئەم قۆناغە، بەڵام مانای ئەوە نییە كە هیچ كەلێنێك لەو گرێبەست و ئامێرانەی وێستگەكاندا نییە، چ وەك گرێبەست كە لەسەرەوە ئاماژەمان بە هەندێ خاڵی گرێبەستەكە دا، یان خودی جۆری تۆربینەكانی گرێبەستەكە كە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سووتەمەنییەوە هەیە، هەر بۆ نموونە:

ئامێرەكانی ئەم وێستگانە سووتەمەنییەكی بێ ئەندازە زۆر بەكاردەهێنن، چونكە سیستەمی بەكارهێنانی سووتەمەنی بۆ بزوێنەرە تۆربینەكانیان لە چەشنی سووری سادەیە واتە سمپڵ سایكلە (Simple Cycle Gas Turbine-SCGT ) بە واتایەكی تر: چوستی و كەفائەی گەرمیان (Thermal Efficiency) زۆر نزمە و لە سنووری (٣٣٪) دایە، بۆیە زۆر وڵات بەكارهێنانی ئەم چەشنە تۆربینانەیان ڕاگرتووە، لەوانەش حكومەتی ئێران كە ماوەیەكی زۆرە ئەو بڕیارەی دەركردووە، لەبەر ئەوەی سووتەمەنی زۆر بەفیڕۆ دەڕوات بە بەراورد لەگەڵ جۆری كۆمباین سایكل (Combine Cycle Gas Turbine -CCGT) كە ئێستا بەكار هێنانی زۆر زیادی كردووە لەسەر ئاستی جیهانی و وڵاتانی ناوچەكەو بەتەواوی جێگەی جۆری سادەی SCGT گرتووەتەوە، جێی ئاماژەیە لێرەشدا ئەوە بێنمەوە یاد كە دەبوایە هەموو وێستگەكان لە چەشنی CCGT بوایە، بەڵام تەنیا لە هەولێرو چەمچەماڵ كراوە، بەداخەوە لە دهۆك و بازیان و خورمەڵە جێبەجێ نەكراوە، ڕاستە ئەرك و خەرجی دامەزراندنی جۆری دووەم زۆرتر دەوەستا بۆ وەبەرهێنەر و دەبوایە كاروباری شارستانی Civil works and machinery installations و ئامێری زیاتر سەرچاوەی ئاو دابین بكات بۆ ساردكردنەوەی ئامێرەكان و تاوەری ساردكردنەوە Cooling tower دابنێت، بەڵام لە بەرامبەردا خەرجێكی زۆری سووتەمەنی پاشەكەوت دەكرا.

بەڵام چوستی و كەفائەی گەرمیی (Thermal Efficiency) زۆر بەرزترەو دەگاتە نزیكەی (٥٦٪) واتە نزیكەی دوو هەندەی جۆری یەكەم و ئەو هەموو سووتەمەنییەش بەتایبەتی (گازوایل) سەرف ناكات كە نرخەكەی زۆر گران لەسەر حكومەت دەوەستێت، گومانیش لەوەدا نییە لە سەرانسەری

**ئەگەر بتوانرایە غازی تەواو دابین بكرێت لە بیرەكانی كۆرمۆر- قادركەرەم ئەوەتا لە كێشەی زۆری خەرجی كڕینی گازوایل و كێشەی گواستنەوەكەی بە هۆی تانكەرەوە لەم جەنجاڵی ترافیك و تێكدانی ڕێگاوبانەكانیش ڕزگارمان دەبوو**

**بۆ ڕێگەگرتن لە زیادەڕۆیی بەكارهێنانی كارەبا پێویستە هەڵمەتێكی فراوان بكرێت بۆ لادانی سەرپێچیكەرانی كارەبا و ناچاركردنی ئەوانەی كە هەتا ئێستاش پێوەری كارەبایان نەبەستووە، كە بە زووترین كات بیبەستن، یان دەبێت بە سركتی( ١٠ یان ١٦ یان ٢٠ ) ئەمپێر كارەباكەیان سنووردار بكرێت**

دونیادا وێستگەی لەو چەشنە بەو توانا گەورەیە (٥٠٠ م.و) نییە کە بە گازوایل کاربکات و بە تانکەری حەوزی سووتەمەنی بۆ بگوازرێتەوە! بەڵکو ڕاستەخۆ بە بۆری، یان لولەی غازی سروشتییەوە بەستراوە،

گازوایل یان (Gas-Oil) چەشنە سووتەمەنییەکە کە نرخەکەی زۆر گرانە و دەشێت بۆ مولیدەی بچووک بەکار بێت و تەنیا بۆ کاروباری تایبەت و کاتی تەنگاوی Emergency بێت، نەوەك کارکردنی بەردەوام، بەهەرحاڵ ئەگەر بتوانرایە غازی تەواو دابین بکرێت لە بیرەکانی کۆرمۆر- قادرکەرەم ئەوەتا لە کێشەی زۆری خەرجی کڕینی گازوایل و کێشەی گواستنەوەکەی بە هۆی تانکەرەوە لەم جەنجاڵی ترافیك و تێکدانی ڕێگاوبانەکانیش ڕزگارمان دەبوو، دیارە حکومەت پلانی هەیە لە ڕێگەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە کە کاربکات بۆ دابینکردنی ئەو بڕە غازەی کە پێویستە بۆ وێستگەکان لە ئایندەدا، بەڵام خۆ ئەگەر سیستەمی بەکارهێنانی سووتەمەنی تۆربینەکان هەمووی لە چەشنی کۆمباین سایکل بوایە، دەکرا بە هەمان بڕە سوتەمەنی کارەبا زیاد بکات.

● **بەفیڕۆدانی وزەی کارەبا:**

خەرجییەکانی تۆڕەکانی کارەباو ئامێرەکان و چاککردنەوەو کڕینی کارەبا لە وەبەرهێنەرو دابینکردنی سووتەمەنی لە لایەك و بەفیڕۆدانی بێ ئەندازەی وزەی کارەبا لەلایەکی تر، کێشەکەی زۆرتر ئاڵۆز کردوە، بۆیە دەبێت حکومەت هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی بەفیڕۆدانی کارەبا بدات بەهاوکاری هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و وەزارەتی ناوخۆ نەوەك تەنیا کارمەندانی دەزگاکانی کارەبا کە کارێکی ئەوتۆیان پێ ناکرێت لەم قۆناغە سەختەی ئابووریدا، چونکە ئەم بەفیڕۆدانە زیانەکەی تەنیا پارەی کارەبا نییە، بەقەدەر ئەوەی کە زیان لە تۆڕەکانی کارەباو سووتانی ئامێرەکانی و بەتایبەتیش محەویلەکان دەدات، کە چاککردنەوەی ئەمانەش بۆخۆی خەرجێکی ترە لەسەر بودجەی هەرێم.

بێگومان بەشێکی تری کێشەی کارەباو زۆر بەکارهێنانی، پەیوەندی بە ناهاوسەنگی لە نێوان نرخی کارەبای مولیدە ئەهلییەکان و سووتەمەنی لە بازاڕەکانی هەرێمدا هەیە و هەتا دەگاتە دەست هاووڵاتیان بە بەراورد لەگەڵ نرخی کارەبای گشتی، بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا لەجیاتی خۆگەرمکردنەوەو سووتەمەنی، بۆ نموونە نرخی یەك کیلۆوات.سەعات لەکارەبا بە تێکڕا لەسەر حکومەت بە زیاتر لە ١٩٠ دینار دەکەوێت، بەڵام دەدرێت بە ماڵان بە تێکڕا بە ٢٢ دینار، سنووردانان بۆ بەکارهێنانی کارەبا بە واتای سووککردن و لابردنی ئەرکی خەرجی کارەبای مولیدە ئەهلییەکانیش لەسەر شانی هاووڵاتیان کەم دەکاتەوە، بۆیە گرتنە بەری ئەم ڕێگایانەی لای خوارەوە پێویستە بۆ چارەسەری کێشەکە:

● بۆ ڕێگەگرتن لە زیادڕۆیی بەکارهێنانی کارەبا پێویستە هەڵمەتێکی فراوان بکرێت بۆ لادانی سەرپێچیکەرانی کارەبا و ناچارکردنی ئەوانەی کە هەتا ئێستاش پێوەری کارەبایان نەبەستووە، کە بە زووترین کات بیبەستن، یان دەبێت بە سرکتی ( ١٠ یان ١٦ یان ٢٠ ) ئەمپێر کارەباکەیان سنووردار بکرێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە ئۆفەرلۆدن، یان کێشەی محەویلەو کێشەی تریان هەیەو هەتا ئێستاش پێوەریان نییە لە ناوشارو گوندو کۆمەڵگەو شارۆچکەکاندا، چونکە مەزەندەدەکرێت کە بەشێکی زۆری کارەبا بەفیڕۆ بدرێت، یان لە جیاتی سووتەمەنی بەکار بێت، هەر بۆیەش ئێستا کە بەرهەمی کارەبا لە ئاستێکی گونجاودایە، بەڵام سەعاتەکانی دانی کارەبا کەم بوونەتەوە! ئەمەش پێچەوانەی ڕۆڵی کارەبایە لە دابینکردنی خۆشگوزەرانی خەڵك و ئاوەدانکردنەوەدا، چونکە زۆر لەمێژە هۆکارەکانی ئاوگەرمکردن و خۆگەرمکردنەوە هەبووە پێش بوونی کارەبا، ئێستاش لە سەرانسەری دونیادا ڕاستەوخۆ سووتەمەنییەکان ( غاز، نەوت و گازوایل ) بۆ گەرمکردنەوە بەکاردێن، نەوەك کارەبا کە وزەیەکی گرانبەهایە بۆ خزمەتگوزاری و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان.

● بەشێکی زۆری وزەی کارەبا کە مەزەندە دەکرێت بە ڕێژەی لە سنووری ١٣٪ی کۆی وزەی بەکار هاتوو، بەکاردێت لەلایەن دەزگاکانی حکومەت و پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوەو نەخۆشخانەو مزگەوت و شوێنە خزمەتگوزارییە گشتییەکان کە بەشێوەیەکی ڕەها بەکاری دەهێنن، ئەم بەشدارانە هەموو بەبێ جیاوازی پێویستە پێوەریان هەبێت و لە بودجەو پێشینەی مانگانەی فەرمانگەکانی خۆیان پارەی کارەبا بدەن، نەوەك لە ئەستۆی بودجەی گشتی بێت بە چەکی بێ ئەرزش کە ئێستا پەیڕەو دەکرێت.

● لەسەرانسەری دونیاداو وڵاتانی ناوچەکەش دوای کەرتی تیلیکۆم (Telecommunication) هەوڵی سوودوەرگرتن لە تواناو ئەزموونی کەرتی تایبەت دراوە، بەڵام قۆناغ بە قۆناغ و بە مونافەسە لە لایەن چەند کومپانیایەکی بەتواناوە و دەکرێت

**حکومەت پلانی هەیە لە ڕێگەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە کە کاربکات بۆ دابینکردنی ئەو بڕە غازەی کە پێویستە بۆ وێستگەکان لە ئایندەدا، بەڵام خۆ ئەگەر سیستەمی بەکارهێنانی سووتەمەنی تۆربینەکان هەمووی لە چەشنی کۆمباین سایکل بوایە، دەکرا بە هەمان بڕە سوتەمەنی کارەبا زیاد بکات**

**بەشێکی زۆری وزەی کارەبا کە مەزەندە دەکرێت بە ڕێژەی لە سنووری ١٣٪ی کۆی وزەی بەکار هاتوو، بەکاردێت لەلایەن دەزگاکانی حکومەت و پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوەو نەخۆشخانەو مزگەوت و شوێنە خزمەتگوزارییە گشتییەکان کە بەشێوەیەکی ڕەها بەکاری دەهێنن، ئەم بەشدارانە هەموو بەبێ جیاوازی پێویستە پێوەریان هەبێت و لە بودجەو پێشینەی مانگانەی فەرمانگەکانی خۆیان پارەی کارەبا بدەن**

**دەبێت حکومەت هەوڵێکی جدی بدات بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری غاز کە ئێستا هەرزانترین سەرچاوەی وزەیە بۆ مەتبەخ و خۆگەرمکردنەوەو ئاوگەرمکردن، چونکە بەشێکی هەرەزۆری کارەبا لەجیاتی سووتەمەنی بەکاردێت لەلایەن فەرمانگەو ئوتێل و مۆڵ و مارکێتەکان و هاووڵاتیانیشەوە**

حکومـەت پشـکدارو ئاسـانکار بێت بۆ پشـتگیری لـە سـەرکەوتنی پرۆسـەکە و هەتـا چـی دیکـە بەشـێکی زۆری بودجەی حکومـەت بەفیڕۆ نەدرێت و زۆرینـەی هاووڵاتیـان سـوودمەندبن لـە وزەی کارەبا نەوەکو ئێسـتا کـە سـوودێکی ئەوتـۆ لـە کارەباکـە وەرناگـرن و خـەرج و کێشـەی مۆلیـدەی ئەهلیش وەك خۆی ماوەتـەوە کە قورسـاییەکی تـرە لەسـەر شـانی هاووڵاتیـان، کەواتـە دەکرێـت بـە شـێوەی قۆنـاغ بـە قۆنـاغ و بەشـێك لـە فیدەرەکانـی کەرتـی دابەشـکردنی کارەبـاو فرۆشـتنی وزە بدرێـت بـە کومپانیـا جیاجیاکانـی کەرتـی تایبـەت، چونکە کۆنترۆڵکردنی نزیکەی ملیۆنێك و پێنج سەد هـەزار (١٥٠٠٠٠٠ ) بەشداری کارەبا لـە سەرانسـەری هەرێم و کۆکردنـەوەی پارەی مانگانـە بە کارمەندەکانی ئەمـرۆی حکومـەت کارێکـی ئاسـان نییـە.

- دەبێـت حکومـەت هەوڵێکـی جددی بـدات بـۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری غـاز کە ئێسـتا هەرزانترین سـەرچاوەی وزەیـە بـۆ مەتبـەخ و خۆگەرمکردنـەوەو ئاوگەرمکـردن، چونکـە بەشـێکی هـەرەزۆری کارەبـا لـە جیاتـی سـووتەمەنی بەکاردێت لەلایـەن فەرمانگـەو ئوتێـل و مـۆڵ و مارکێتـەکان و هاووڵاتیانیشـەوە وەك لەسـەرەوە ئاماژەمـان پـێ دا.
- (غـاز وەکـو سـەکتەرێکی سـەربەخۆ مامەڵـی لەگەڵدا دەکرێت لـە پۆلێنکردنـی بانکـی نێودەوڵەتیدا)
- **دەرئەنجام**

پتـر لـە (٢٣) سـاڵە هاووڵاتیانـی ئـەم هەرێمـە دوچاری کێشـەی کارەباو سـووتەمەنی دەبنـەوە لە وەرزە سـەختەکاندا. لـە سـاڵەکانی رابـردوو سـەرچاوەیەکی ئەوتـۆی کارەبـا نەبـوو، بـەڵام ئێسـتا نزیکـەی ٢٥٠٠ مێگاوات کارەبامـان هەیـە کە زۆربـەی لە وەبەرهێنـەرەوە بۆمـان دابیـن دەکرێت کـە بـە نرخێکی گـران لەسـەر حکومـەت دەکەوێت وەك لەسـەرەوە ئاماژەمان پـێ دراوەو زۆربـەی هـەرە زۆریشـی بەفیـڕۆ دەدرێـت و ١٠٪ی خەرجەکەیشـی کۆناکرێتـەوە لەبـەر هـۆی جیـاواز و بەشێکیشـیان ئابووریـن و کێشـە تەکنیکیەکانیـش کـە زۆربەیـان لەسـەرەوە ئاماژەمـان پـێ داون، بۆیـە دەبێت بەزووتریـن کات رەچـاوی ئـەو خـاڵ و پێشـنیارانەی کـە لـە لای سـەرەوە دەستنیشـان کـراون بۆ چارەسـەری کێشـەی کارەبـا و هەڵمەتێکـی هۆشـیارکردنەوەی هاووڵاتیـان و لابردنـی تەجاوزەکان دەسـتی پـێ بکرێت لـە سەرانسـەری هەرێـم و دەبێـت سـنووردانان بـۆ بەکارهێنانـی کارەبـا بەتایبەتیـش بەشـدارە گـەورەکان کاری بـۆ بکرێـت، بەتایبەتیـش لـە کەرتـی دابەشـکردن و فرۆشـتنی وزە.



ئەم نەخشەیە رێڕەوی غازی سروشتییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەرەو ئەورووپاو وڵاتانی پێشکەوتوو




نەخشەیەکی سادەی سیستەمی تۆربین-جێنێریتۆر کە بەکارهێنانی سووتەمەنی لە جۆری کۆمباین سایکلە CGT




نەخشەیەکی سیستەمی تۆربین-جێنێریتۆر کە بەکارهێنانی سووتەمەنی لە جۆری کۆمباین سایکلە CCGT




غاز وەکو سەکتەرێکی سەربەخۆ مامەڵی لەگەڵدا دەکرێت لە پۆلێنکردنی بانکی نێودەوڵەتیدا